# ڕاانی ستراتیجی

وەرزنامەیەکی ستراتیجی وەرزی وەرگێڕانە
مـەڵبەندی دیراساتی گشتی دەریدەکــات.

مەڵبەندی دیراساتی گشتی

## دۆسییەی ژمارە

- لەشکرکێشی ڕووسیا بۆ سەر ئۆکراینا چی دەگەیەنێت بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست؟
- لە ساڵی 2023 لە بەرەی ڕووسیا و ئۆکراین چی ڕوودەدات؟
- چۆن جەنگی نێوان ڕووسیا-ئۆکراینا شێوە بە جیهان دەداتەوە؟
- شەڕ لە ئۆکراینا و بەرگری یەکێتی ئەوروپا.

ژمارە (١) نیسانی ٢٠٢٣

# ڕانانی ستراتیجی

وەرزنامەیەکی ستراتیجی وەرزی وەرگێڕانە،
مەڵبەندی دیراساتی گشتی دەریدەکات.

ژمارە (١) نیسانی ٢٠٢٣

خاوەنی ئیمتیاز: مەڵبەندی دیراساتی گشتی

سەرنووسەر: د. یوسف گۆران

بەڕێوەبەری نووسین:
باران توانا

بۆردی ڕاوێژکاران:

پ.ی.د. ئومێد ڕەفیق
پ.ی.د. مۆفەق خالد
پ.ی.د. زانا حسن
م. ناودار زیاد

ناونیشان: عێراق - کوردستان - سلێمانی - چوارچرا

# ڕاناني ستراتيجي

## ناوەڕۆك


سەروتار ■ ڕانانی ستراتیجی: بۆ؟ ..... ٧

د.یوسف گۆران

■ سەرەكیترین ئەو مەترسی و ئەگەرانەی شیاوی ڕوودانن لە ساڵی ٢٠٢٣ دا ..... ٩

نوسینی: كۆمەڵێك نوسەر

وەرگێڕانی: مەڵبەندی دیراساتی گشتی

دۆسییەی ژمارە ■ لەشكركێشی ڕووسیا بۆ سەر ئۆكراینا چی دەگەیەنێت بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست؟ ..... ٣٣

نوسینی: كۆمەڵێك نوسەر

وەرگێڕانی: مەڵبەندی دیراساتی گشتی

■ لە ساڵی ٢٠٢٣ لە بەرەی ڕووسیا و ئۆكراینا چی ڕوودەدات؟ ..... ٤٩

نوسینی: پرۆفیسۆر د. ئیلیاس كەمالئۆغلۆ

وەرگێڕانی: مەڵبەندی دیراساتی گشتی

■ چۆن جەنگی نێوان ڕووسیا-ئۆكراینا شێوە بە جیهان دەداتەوە؟ ..... ٥٥

نوسینی: ماثیو بیوڕۆس و ڕۆبەر مانین

وەرگێڕانی: مەڵبەندی دیراساتی گشتی

■ شەڕ لە ئۆكراینا و بەرگری یەكێتی ئەوروپا ..... ٦٧

نوسینی: سۆفیا بێش

وەرگێڕانی: مەڵبەندی دیراساتی گشتی

■ بەرەو بنیادنانی ستراتیجییەك بۆ ئاسایشی نیشتیمانی ..... ٧٧

نوسینی: د. عماد مؤید جاسم المرسومي

وەرگێڕانی: مەڵبەندی دیراساتی گشتی

■ جێپێی ڕووسیا لە ئەفریقا ..... ٩٥

نوسینی: شارلۆت هیرسبرنەر و نیكلاس مەسوەر

وەرگێڕانی: مەڵبەندی دیراساتی گشتی

■ سزاكانی ڕوسیا: چ كاریگەرییەكیان لەسەر هەناردەكردنی نەوت و گازەكەی هەبووە؟ ..... ١٠٥

نوسینی: جاك هۆرتۆن و دانیاڵ پاڵەمبۆ

وەرگێڕانی: مەڵبەندی دیراساتی گشتی

■ بۆچی چین پەیوەندییەكانی لەگەڵ جیهانی عەرەبی پەرەپێدەدات؟ ..... ١١١

نوسینی: ڤالێری كولیكۆڤ

وەرگێڕانی: مەڵبەندی دیراساتی گشتی

■ نارەزایەتییەكانی ئێران بۆ عێراق و هەرێمی كوردستان چی دەگەیەنن؟ ..... ١١٧

نوسینی: زوبیر ڕەئەحمەد

وەرگێڕانی: مەڵبەندی دیراساتی گشتی

■ یارییە جەنگییەكانی چین و تایوان ..... ١٢٣

نوسینی: براد لیندۆن و ئۆرێن لیبەرمان

وەرگێڕانی: مەڵبەندی دیراساتی گشتی

# سەروتار

# ڕانانی ستراتیجی: بۆ؟



**د.یوسف گۆران**
**بەرپرسی مەڵبەندی دیراساتی گشتی**

دەرکردنی گۆڤارێکی تایبەت بە وەرگێڕان بۆ پرسە ستراتیجییە جیهانییەکان، بەرهەمێکی تری مەڵبەندی دیراساتی گشتی یەکێتی نیشتیمانی کوردستانە. بیرۆکەی دەرکردنی ئەم گۆڤارە لەوە سەرچاوەی گرتووە، کە ئاشنابوون و تێگەیشتن لە بابەتە جیهانییە ئابوری و سیاسی و ئەمنی و ستراتیجییەکان و کاریگەرییان لەسەر ناوچەکە، باشتر یارمەتی بڕیاردەرانی سیاسی و حزبی لەسەر بنەمای ڕووداوەکان و هەموو جۆرە گۆڕاوەکانی ژینگەی هەرێمی و جیهانی دەدات، تاوەکو بڕیاری دروست و حیساب بۆ کراو لە پرسە جیاجیاکانی پەیوەست بە سیاسەتی ئاسایشی نیشتیمانی هەرێمەکەمان بدات.

لە ڕاستیدا بەهۆی گۆڕانکارییە بەپەلەکانی گۆڕەپانی نێودەوڵەتییەوە، وەکو جاران ئاسان نیە بە میتۆد و یاسا باوەکان خوێندنەوەی ورد و دروست بۆ بەرژەوەندییە نیشتیمانی و نەتەوەییەکانمان بکەین. ئاڵنگارییە بەردەوامەکانی بەردەم دەرکەوتنی هێزی جیهانی، هەرێمی نوێ و پەرەسەندنی تەکنۆلۆجیای نوێی جەنگ، دەرکەوتنی یاریکەری نوێی هەرێمی و جیهانی، وەك ڕێکخراو و گروپە نهێنی و نافەرمییەکان، قەیرانی وزەو...هتد، ژینگەیەکی گۆڕاوی بەپەلەی لە سنوری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دروست کردووە، ڕاستەوخۆ کاریگەریان لەسەر هەرێم و ناوچەکەمان هەیە.

بەم شێوەیە دەرکردنی گۆڤارێکی تایبەت بە وەرگێڕانی ستراتیجی "ڕانانی ستراتیجی" کارێکی بەسود دەبێت نەك تەنها بۆ بڕیاردەرانی هەرێم، چ حزبی یان حکومی، بەڵکو بۆ سەرجەم ئەم دەستە بژێرە ئەکادیمی و نوسەر و لێکۆڵیارانەی لەسەرجەم بوارە گشتیەکان ئەرکی تێگەیشتن و ئاراستەکردنی کۆمەڵگای کوردستانیان کەوتۆتە ئەستۆ.

# سەرەکیترین ئەو مەترسی و ئەگەرانەی شیاوی ڕوودانن لە ساڵی ٢٠٢٣ دا

نوسینی: کۆمەڵێك نوسەر
وەرگێڕانی: مەڵبەندی دیراساتی گشتی

جەنگێکی دیکە لە ئەوروپا بۆتە هۆی هەژاندن و دووبارە ڕێکخستنەوەی جیهان. ترسە چاوەڕوانکراوەکانی جەنگ بە ڕێژەیەکی زۆر زیاتر ئاسیاشی گرتۆتەوە. دیاریکردنی سەرۆکێکی نوێ لە چین و پشێوی سیاسی لە سەرتاسەری دونیای دیموکراسیدا ڕوویداوە. گۆڕانکارییەکان هاندەرن بۆ کارەساتی تێکدەر و ڕێکاری هێورکردنەوە گیراوەتە بەر بۆ ئەوەی ڕێگەیان لێبگیرێت. لە ئێستادا، خراپترین ڕێژەی قەیرانی وزە هەیە کە نزیکەی نیو سەدەیە بەم جۆرە نەبووە، هەروەها قەیرانی خۆراکیش کە لە دەیەی ڕابردوودا بەم شێوەیە ڕوونەداوە. بەردەوامی ڕێژەی هەڵئاوسان و هەبوونی سێبەرێک بۆ دارمانی جیهانی. بەردەوامبوونی پەتای جیهانی (کۆرۆنا) هەرچەندە لە ئێستادا کەمتر بەهێزە، بەڵام کاریگەرییەکانی هەر ماوە. لە ئێستادا، گرنگییەکی یەکجار زۆر بە سۆشیال میدیا و تەکنەلۆجیا دەدرێت. لەم دواییانەدا، سەرکردەکانی پرۆگرامی ١٦ ی ئەنجومەنی ئەتلەنتیکی و ناوەندەکان کۆبوونەوەیەکیان گرێدا لەبارەی ئەو گۆڕانکاری و ڕووداوە بەرچاوانەی لە ساڵی ڕابردوودا ڕوویداوە، بە نیگەرانییەوە ڕوانیانە ئەو بەربەست و مەترسییە جیهانیانەی لە داهاتوودا دێنەڕێ، لەگەڵ ئەو دەرفەتانەی ساڵی ٢٠٢٣ دێتە ئاراوە.

ئەنجامی ئەم تێڕوانینانە لێرەدا دەردەکەوێت. هەریەکە لە سیناریۆکان ئەگەرێکی بۆ دانراوە: «ناوەند» مەبەست لێی ئەگەری ئەوەیە ٥٠/٥٠ چانس هەیە کە لە ساڵی داهاتوودا سیناریۆکە ڕووبدات. چەندین سیناریۆی بەهێز و چارەنووسساز هەن کە ئەگەری ڕوودانیان کەمە، بەڵام ئاماژەمان پێداوە لەبەرئەوەی لە ساڵی رابردوودا بەتەواوەتی سەلمێندراون و ئەم جۆرە سیناریۆیانە زۆر بە خێرایی دەگۆڕێن و هۆکاری کێشەی گەورەن.

هەروەها پێویستە ئەوەمان لەیاد بێت کە ئەم سیناریۆیانە حەتمی نین. سەرکردە و ڕابەرە سیاسییەکان دەستیان هەیە لەو شتانەدا کە ڕوودەدات و ئایا ئەم سیناریۆیانە دەبن بە ڕاستی لە ساڵانی داهاتوودا یاخود نا.

هاندەری سەرەکی بۆ دانانی سیناریۆی جیهانی ئەوەیە کە بەرچاوڕوونی هەبێت لە هەر دەرئەنجامێکی نەخوازراو و چارەسەرکردنیدا.

## مەترسییە سەرەکییەکان

### ١.پەرەپێدانی گونجاندنی کەشوهەوا بەهۆی کەمکردنەوەی پاشەڕۆوە بەرەوپێش دەچێت، کە بەلایەنی کەمەوە بەرپرسە لە زیادبوونی ١,٥ پلەی گەرمی سەرتاسەری جیهان

دروستبوونی لافاوە وێرانکەرەکانی پاکستان لە ساڵی ٢٠٢٢ و هەوڵدانی بەردەوامی (شێری ڕەحمان) وەزیری پاکستان لە بواری گۆڕانی کەشوهەوادا، ڕۆڵی سەرەکی بینی لە کۆکردنەوەی پارتەکان لە ٢٧ ەمین کۆنفرانسی ڕێکخراوەکان و ئەندامانی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کەشوهەوا -COP٢٧- بە مەبەستی قەرەبووکردنەوەی ئەو زەرەر و زیانانەی کە بەهۆی کارەساتە سروشتییەکانەوە وڵاتەکە بەسەریهاتووە، کە تێیدا دەوڵەتە زەنگینەکان کۆمەکی ئابووری دەدەن بەو وڵاتانەی لە پێشکەوتندان و بەهۆی گۆڕانی کەشوهەواوە زەرەریان

لێکەوتووە. هەرچەندە، ئەگەرێکی بەهێز هەیە کە لەم ساڵدا سەرنجی جددی بخرێتە سەر کێشەی کەشوهەوا، ئەمە دەرفەتێکی باشە بۆ چاککردنی ڕەوشی گۆڕانی کەشوهەوا. لە کۆنفرانسی COP٢٧ دەتوانرێت پەرە بە بوونی پاڵپشتی ماددی و پلان و چالاکی نێودەوڵەتی بەهێز بدرێت، دەتوانرێت ئەو پاڵەپەستۆیە لەسەر حکومەت و کەرتە ناحکومییەکان نەهێڵدرێت بۆ کەمکردنەوەی پاشەڕۆی گاز و هەوڵدان بۆ گەیشتن بە سەرچاوەی وزەی پاک.

ئەمە دەبێتە هۆی خاوکردنەوەی پرۆسەی گەرمبوونی کەشوهەوا کە جیهان پێیدا تێدەپەڕێت و هۆکاری سەرەکی و سەرەتایی ئەو تێکدانانەیە کە لە سروشتی زەویدا ڕوویداوە و ئێستا دەبێت قەرەبووبکرێتەوە.

لە حاڵەتێکدا ئەگەر دامەزراوە و وڵاتانی جیهان لە کۆنفرانسی کەشوهەوای زەوی COP٢٨ کە لە وڵاتی ئیمارات لە مانگی کانوونی یەکەم بەڕێوەدەچێت بگەنە ڕێککەوتن، ئەوا پێویستە سەرنج بخرێتە سەر ئەو زیانانەی لە ژینگە و کەشوهەوا دراوە بەڵام ئەمەش بەبێ پەیوەستبوون بە ڕێنماییەکان و جێبەجێکردنیان وەک کەمکردنەوەی پاشەڕۆ هیچ کاریگەرییەکی نابێت و شێوازێکی بەماددەبوون وەردەگرێت، لە دەیەی داهاتوودا، ناوەندی پلەی گەرمی زەوی بە ڕێژەی ٥,١ پلەی سیلیزی بەرزدەبێتەوە، ئەمەش لەسەرووی ڕێژەی تێکڕای پیشەسازییەوەیە، کە لە کۆنفرانسی کەشوهەوای ساڵی ٢٠١٥ لە پاریس وڵاتەکان ویستیان خۆیانی لێبپارێزن.

**(کاثی باومان مکلیۆد)، جێگری باڵای بەڕێوەبەر و ڕێکخەر، سەنتەری بەیەکەوەبەستنەوەی دامەزراوەی یەدرین ئارشت ڕۆکفیلەر.**

### ٢.ئێران دەبێتە خاوەنی چەکی ئەتۆمی

لە ساڵی ٢٠٢٣، بە ئەگەرێکی زۆرەوە ئێران ئەو سنورە تێدەپەڕێنێت کە بۆی دانراوە و دەبێت بە دەوڵەتێکی خاوەن چەکی ئەتۆم. شارەزا بیانییەکان پێشبینی ئەوە دەکەن کە لە ماوەی تەنها چەند هەفتەیەکدا ئێران دەتوانێت چەکی ئەتۆمی لە یۆرانیۆمی پیتێندراو بەرهەمبهێنێت. لەکاتێکدا ئێران بە بەردەوامی پەرە بە پرۆگرامی ئەتۆمییەکەی دەدات، کاتی بەدەستهێنانی بۆمبی ئەتۆمی لە کاتژمێری سفردایە.

دواخستنی گفتوگۆ نێودەوڵەتییەکان لەبارەی ئەتۆمییەوە و بەردەوامی لە خۆپیشاندانەکانی نێو خاکی ئێران لە کۆتایی ساڵی ٢٠٢٢، دەستتێوەردانی دیبلۆماسی بۆ وەستاندنی ئەم پرۆگرامە ئەستەم دەکات. دەستتێوەدانی بەردەوامی سەرۆکە یەک لەدوای یەکەکانی ئەمریکا و لەنێویاندا (جۆو بایدن) کە ڕایگەیاند «بەکارهێنانی هێز بۆ وەستاندنی تاران لە بەدەستهێنانی بۆمبی ئەتۆمی کۆتا بژاردەیان دەبێت»، بەڵام زۆرێک لە شارەزایان پێیانوایە ئەمە تەنها قسەیە.

واشنتۆن ئەو هەنگاوە نانێت - بنیادنانی پاڵپشتی ناوچەیی و نێودەوڵەتی بۆ ئەنجامدانی

کردەی سەربازی - کە هێرشبکاتە سەر دامەزراوە ئەتۆمییەکانی ئێران. ئەگەری ئەوەی ئێران تاقیکردنەوەی تەقینەوەی ئەتۆمی ئەنجامبدات لە ساڵی ٢٠٢٣ ئەگەرێکی دوورە، لەبەرئەوەی دانانی بۆمبە ئەتۆمییەکە بە موشەکی بالیستییەوە کاتێکی زۆر دەخایەنێت و لەوانەیە چەندین ساڵی بوێت. لەوکاتەی ئێران چەک و کەرەستەی تەواوەتی دەبێت بۆ بنیادنانی یەکەمین بۆمبی ئەتۆمی، یارییەکە تەواو دەبێت. بۆ هەمیشە ساڵی ٢٠٢٣ وەک ئەو ساڵە سەیردەکەین کە ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی شکستیان هێنا لەوەی تاران بوەستێنن لە بەدەستهێنانی چەکی ئەتۆمی.

**(ماتیۆ کرۆین)، بەڕێوەبەری جێبەجێکار، سەنتەری ئاسایش و ستر اتیجی سکۆوکرۆفت.**

## ٣.ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، کۆڵۆمبیا لەدەستدەدات وەک چۆن لە داهاتوودا ئەمریکای لاتینیش لەدەست دەدات

بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ کۆڵۆمبیا وەک سەرچاوەیەکی سەرەکی و ناوەندی سیاسەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بووە لە ئەمریکای لاتیندا. لە ئێستادا، کۆڵۆمبیا تاکە وڵاتە کە خاوەنی ئابووریەکی گەورەیە لە ئەمریکای باشوردا کە لەگەڵ چیندا هاوبەشی ئاڵوگۆڕی بازرگانی سەرەکی نییە. بەڵام چاوەڕوان دەکرێت هەموو ئەمانە لە ساڵی ٢٠٢٣ بگۆڕێن. سەرۆکی نوێی وڵاتەکە - گوستاڤۆ پێترۆ - بە بەدواداچوون بۆ ئەجندا سیاسییەکەی دەتوانێت پشێوی لە نێو کۆنگرێسی ویلایەتە یەکگرتووەکاندا دروستبکات، بەگشتی لەبەرئەوەی دیموکراتەکان کۆنترۆڵی ئەنجومەنی نوێنەرانیان کردووە.
ئەم سیاسەتانە هەوڵەکانی سەرۆکی کۆڵۆمبیاش – پیترۆ - دەگرێتەوە کە دووبارە پێداچوونەوە بە سیاسەتەکانی وڵاتەکەیدا بکات لە: هەماهەنگی لەگەڵ واشنتۆندا لەبارەی کێشەی دادگایی و گەڕاندنەوەی تۆمەتبارەکان، ڕێککەوتن لەگەڵ هێزی سەربازی گەریلای ڕزگاریخوازیی کۆڵۆمبیای نیشتیمانی، دوورکەوتنەوە لەو ڕێککەوتنە چەقبەستووەی لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکاندا هەیانە بۆ لەناوبردنی ماددەی هۆشبەر و سیاسەتی گشتی ماددە هۆشبەرەکان (ڕێککەوتنێکی هاوبەشە کە بیرورای هاوبەشی نێوان کۆڵۆمبیا و ویلایەتە یەکگرتووەکان بووە بۆ ماوەی ٢٠ ساڵی ڕابردوو).
کەمبوونەوەی هەژموونی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە کۆڵۆمبیا لەبەرامبەردا دەتوانێت دەرفەتی زیاتر بۆ چین برەخسێنێت کاریگەرییەکانی لەو وڵاتەدا زیادبکات.
بەشێوەیەکی فراوانتر، هەڵئاوسان و تەنگژە ئابوورییەکان لە ویلایەتە یەکگرتووەکان، چارەنووسی وڵاتە ئەمریکییە لاتینییەکان دەگۆڕێت، جەمسەربەندی سیاسی زیاتر دەکات و ناسەقامگیری کۆمەڵایەتی دروست دەکات کە ڕێگایەکە بۆ هەڵگەڕانەوەی دیموکراسی، هەروەها کێشەی ئابووری و قەرزاری وڵات دروست دەکات. لەدوای ئەمەوە چین دەتوانێت وەک دابینکەری پێویستییەکان بۆ ئەم وڵاتانە خۆی بەرەوپێش ببات و چارەسەری ئەم ئاڵنگارییانە لەو وڵاتانەدا بکات. لە ئەگەری ڕوودانی ئەم سیناریۆیانەدا بڕیاربەدەستانی

ویلایەتە یەکگرتووەکان مەترسی ئەوەیان لەسەرە کە نەک تەنها کاریگەرییان لەسەر کۆڵۆمبیا نامێنێت بەڵکو لەسەر هەموو ئەمریکای لاتین هەژموونیان نامێنێت. بوونی هەژموونی سەقامگیری ویلایەتە یەکگرتووەکان لە سنورەکانی دەوروبەری هۆکارە بۆ بوونی پێگەیەکی جێگیر و سەلامەت لە جیهاندا. بەڵام ئایا بە بوونی هاوبەشێکی جێپێلێژکەر لەم پێگەیەدا سەلامەتی هەژموونی ئەمریکا زامنکراوە؟

**(جەیسۆن مارسزاک)، بەڕێوەبەری باڵا، سەنتەری ئەدرێین ئارشتی ئەمریکای لاتین.**

**٤.ئینتەرنێت بەتەواوەتی تێکدەشکێت و چاککردنەوەی مەحاڵە**

ئۆتۆکراتەکانی جیهان چەندین ساڵە هەوڵدەدەن کە ژینگەی تەکنەلۆجیای وڵاتەکانیان بخەنە ژێر ڕکێفی خۆیانەوە، واپێدەچێت ساڵی ٢٠٢٣ ئەو ساڵە بێت کە سەرکەوتنی تێدا بەدەستدەهێنن و ژینگەیەکی زانیاری ئۆنلاین دروستدەکەن کە بەتەواوەتی لەژێر ڕکێفی خۆیاندا دەبێت.
ڕووسیا بە نموونە وەردەگرین، کە هەوڵەکانی زیادکردووە بۆ سانسۆر خستنە سەر و لەکارخستنی هەموو ئەو پلاتفۆرمە دیجیتاڵانەی زانیاری لەبارەی جەنگی ڕووسیا و توندوتیژییەکان بەرامبەر ئۆکراینا دەخەنە ڕوو ئەم پلاتفۆرمانە دەگۆڕێت بۆ ناوچەی نوێی پێکدادان. چین لەم بوارەدا زیاتر بەرەوپێشچووە و هەوڵ بۆ دروستکردنی بڕبڕەیەک بۆ ئینتەرنێتی پێبەندکراو دەدات کە تێیدا وەبەرهێنان لە پێکهاتەی ئەو زانیارییانە بکات کە سوودی لێوەردەگرێت بۆ «جیاکاری لەنێوان ئاستی ژیری چینەکانی کۆمەڵگە». تەنانەت هەندێک لە وڵاتە دیموکراتخوازەکانی وەک هیندستان و تورکیا بلۆکی سایتەکان دەکەن و ڕێگری لە دەربڕینی ڕای گشتی لەسەر هێڵی ئینتەرنێت دەکەن. لەهەمان کاتدا ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کەموکورتی هەیە لە ستراتیجیەتی دروستکردنی جێگرەوە بۆ بەکارهێنەرانی ئینتەرنێتی خۆماڵی و بیانی. ئەوەی کە دەگوزەرێ بەشێکی پلان بۆ داڕێژراو نییە لەوەی کە دەبێت ئینتەرنێت چۆن کاربکات، بەڵکو شێوازێکی پێشبڕکێیە لەسەر ئەو ڕۆڵەی پێکهاتەی حکومەت کە هەموو لایەنەکان بەیەکەوە دەبەستێتەوە.
چاوەڕێی ئەوە ناکرێت کە گۆڕانکاری لەپڕ ڕووبدات، بەڵام بە هێواشی بەرەو ڕووی دوو جۆر ئینتەرنێت دەڕۆین: یەکێکیان، بۆ دامەزراوە حکومییەکان داندراوە کە تێیدا وەک چاودێری بەکاریدەهێنن بۆ سەر بەکارهێنەرانیان، جۆری دووەمیش، هەوڵە لەپێناوی دەستەبەرکردنی ئینتەرنێتی سەربەست و کراوە و پارێزراو و پڕزانیاری بێت بۆ زۆرینەی بەکارهێنەران. ئەگەرێکی کەم هەیە کە ئەم جیاکردنەوەیە لە ساڵی داهاتوودا ڕووبدات. لە ئەگەری ڕوودانی ئەم جیابوونەوەیە گۆڕانکارییەکی گەورەی درێژخایەن لە جیهاندا ڕوودەدات و ئەمە بە نزیکەیی کاریگەری دەبێت لەسەر هەموو ئەو ئەگەر و مەترسیانەی لەم نووسراوەدا هاتووە.
چانسێک لەم مەترسییەدا شاردراوەتەوە، هەرچەندە بەپێی نووسراوەکانی هاوپەیمانی ئازادی ئۆنلاین، ڕاوێژکاری بازرگانی و تەکنەلۆجیای ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و یەکێتی

ئەوروپا، بەشی چاودێری و لێکۆڵینەوە لە حوکمەتی نوێی ئەمریکادا جەختی خستۆتە سەر ئازادی دیجیتاڵی (ناوەندی چاودێری تۆڕی ئینتەرنێت و سیاسەتی دیجیتاڵی)، کاربەدەستانی نوێ لە ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا، هەروەها وڵاتە دیموکراسییەکان لە ئێستادا خاوەنی ستافی باشترن و سەرچاوەی باشتر و پرزانیاری زیاتریان لەبەردەستە بۆ داتاشینی هەر ستراتیجییەتێک کە بۆ پاراستنی ئینتەرنێتی گشتی و کراوە دەیانەوێت. هیچ شتێکی مەحاڵ و چاوەڕوان نەکراو نییە بۆ جیاکاری لە ئینتەرنێتدا.

**(گراهام بروکی)، بەڕێوەبەری باڵا، تاقیگەی لێکۆڵینەوەی دیجیتاڵی دادوەری.**

**٥.ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانانی، پشت لە ئۆکر اینا دەکەن و دان بە سەرکەوتنی ڕووسیادا دەنێن لە ناوچەکەدا**

تا ئەو کاتەی سەرکردایەتی ئەمریکا بە بەهێزی بمێنێتەوە، ئەوا (ڤلادیمێر پوتین)ی سەرۆکی ڕووسیا لە ئۆکرایینادا شکست دەهێنێت. بەڵام، سەرکەوتنی ڕووسیا لە حاڵەتێکیشدا ڕێی تێ دەچێت کە ئەمریکا بەرژەوەندییە گرنگەکانی لەم دەرئەنجامەدا لەیاد بکات. چەندین ڕێگا هەیە وەک سیناریۆ دەتواندرێت لێکبدرێتەوە بەڵام ئەگەری زۆر کەمە - کەمتر لە ١٠٪ - کە دەتواندرێت بە ئەگەر دابنرێت.
یەکێک لە ئەگەرەکان: لە وەڵامدانەوەی هەڕەشەکانی (پوتین) بۆ بەکارهێنانی چەکی ئەتۆمی، ترس لە هەڵگیرسانی جەنگی ئەتۆمی هەیە کە ئەمە ئەگەرێکی لاوازە - بە بڕوای نووسەر- کە وابکات هاریکارییەکانی ئەمریکا بۆ ئۆکراینا کەمبکاتەوە. ئەگەر سیاسییەکانی باڵی نیشتیمانی سەرەڕای کەمی کاریگەرییان لە هەڵبژاردنەکانی ئەمریکادا ببن بە خاوەنی هەژموونی زیاتر لە واشنتۆندا، ئەوا دەتوانن هۆکاربن بۆ کەمبوونەوەی ئەو هاریکارییەی ئەمریکا پێشکەش بە ئۆکرایینای دەکات. بەرزبوونەوەی نرخی وزە لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و بەتایبەتی ئەوروپا فشار دەخاتە سەر حکومەتەکان بۆ وەستاندنی هاوکارییەکانیان.

**(جۆن هێربست)، بەڕێوەبەری کارگێڕی باڵا، سەنتەری ئۆراسیا.**

(پوتین) گەمەیەکی درێژخایەن لەگەڵ ئەوروپادا دەکات و هێشتا ئەگەری هەیە بتوانێت بیباتەوە. هەرچەندە تا ئێستا ئەوروپا کەمتەرخەم بووە لە وەڵامدانەوە و کاردانەوە و یەکگرتوویان بۆ جەنگی دژ بە ئۆکراینا، بەڵام نابێت هاوپەیمانییەکە بە کەم ببینرێت. هەروەها، ئێمە پێشتریش ئەم جیابوونەوە و تێکشکانەمان لەنێوان وڵاتە بچوک و گەورەکان و وڵاتە دەوڵەمەند و هەژارەکاندا بینیوە. چوار هاندەر هەن بۆ ئەم مەترسیانە، کە هەرچواریان بەیەکەوە هۆکارن بۆ دروستبوونی شۆکی سیاسی و دابەشبوون و لێکدابڕان لە یەکێتی ئەوروپیدا. دۆڕاو لە ئەنجامدا ئەوروپا و ئۆکراینا و پەیوەندییە جەمسەرییەکانە و براوەش (پوتین)ە.

١.**شۆکی وزە:** قەیرانی وزە لە ساڵی داهاتوودا دەکرێت زۆر خراپتر بێت لە ساڵی ڕابردوو. بە نەمانی هەناردەکردنی غازی ڕووسی بۆ ئەوروپا عەمبارەکانی ئەوروپا لە ٢٠٢٣ دا بەتاڵ دەبن، نرخەکان لە ناوچەکەدا بەرزدەبێتەوە و خواست بۆ سەر غاز بە ڕێژەیەکی ترسناک زیاد دەکات.

٢.**کورتهێنانی ئابووری:** لێکەوتە ئابوورییەکان بەهۆی کورتهێنانی غازەوە مەترسی ڕووخان و هەڵئاوسان و دارمانی بازرگانی دروست دەکات و هەموو ئەمانەش پێکەوە کاریگەریان هەیە لەسەر نرخی ژیان و ستانداردی ژیان و بازاری کار، کە لە ئەنجامدا هەمووی لێکەوتەی سیاسی هەیە. لەم نێوەندەدا ئەم لێکەوتانە لەوانەیە کاریگەری تێکشکێنەری هەبێت لەسەر توانستەکانی بەربەرەکانێی ئەوروپا. لەئێستادا، ئێمە دەبینین کە بازرگانی بەرەو شکست دەڕوات و کەرتە بازرگانییەکان زەرەرمەند دەبن.

٣.**چاوەڕوانی خراپتر بەهۆی ئەگەری (١ و ٢)ەوە :** پێوەرە جێگیرەکان بۆ حکومەتە ئەوروپییەکان بریتییە لە جێکردنەوەی وەڵامدانەوەی ئەو ئاڵنگارییانەی لەسەرەوە باسمان کرد، ئەمەش دەبێتە هۆی زیادکردنی نادڵنیایی لەبارەی باج و ڕێخۆشکەرە بۆ دروستکردنی قەیران لە ناوچەی ئەوروپادا.

٤.**دینامیکی ناوخۆیی:** هاوپەیمانی ئەوروپی (فەڕەنسی - ئەڵمانی) ناکۆکی تێکەوتووە، تەنگژەی ئابووری هەیە، پاڵپشتی پەرلەمانی بۆ سەرۆکی فەڕەنسی (ئیمانوێل ماکرۆن) و پارتە سێ قۆڵییە ئاڵۆزەکەی ڕاوێژکاری ئەڵمانی (ئۆلاف شۆلز) هۆکاری دروستبوونی گوشارە لەسەر هەردوو سەرکردە لە ناوخۆی وڵات و ناوچەکەدا، نادڵنیایی هەیە لەبارەی پەیوەندی ئیتاڵیا وەک باڵی ڕاستڕەوی ئۆپۆزسیۆنی ئەوروپی و پەیوەندییەکانی بە (برەسڵس)ەوە، هەڵبژاردن لە ساڵی ٢٠٢٣ لە وڵاتەکانی پۆڵەندا و یۆنان و ئیستۆنیا و فینلاند و ئیسپانیادا دەکرێت کە ئۆپۆزسیۆنن لە ئەوروپادا و لەگەڵیشیاندا ئەو سیاسییانەی هاوسۆزن لەگەڵ ڕووسیادا برەویان هەیە، هەروەها، هاندان و پاڵنانی حکومەتەکانی ئەوروپا بەرەو ئەو ئاڕاستەیەیە.

**(یۆرن فلێک)، بەڕێوەبەری باڵا، سەنتەری ئەوروپا.**

کۆتایی ساڵی ٢٠٢٢ خراپترین ساڵ بوو بۆ قەیرانی وزە، لەدوای بلۆککردنی نەوتی عەرەبی لە ساڵی ١٩٧٠ وە. دروستکەری ئەم قەیرانە بەتەنها ڕووسیا نییە بەهۆی داگیرکارییەکانی بۆ سەر ئۆکراینا و هەوڵەکانی بۆ ئیستغلالکردنی بەرهەمە غازی و نەوتییەکان وەک کارتێکی گوشار، بەڵکو چەندین فاکتەری جیۆسیاسی و ناسەقامگیری ڕۆڵیان هەیە. کەمبوونەوەی خواست لەسەر وزە لە سەرەتای بڵاوبوونەوەی کۆڤید-١٩، هۆکاربوو بۆ کەمبوونەوەی وەبەرهێنان لە سێکتەری وزەدا. لەپاڵ ئەمەدا، گەرمبوونی زەوی هۆکاربوو بۆ بەدەستنەخستنی ڕێژەیەکی زۆری وزە لەلایەن وڵاتانی پێشکەوتووەوە، لەگەڵ ئەو وڵاتانەی کە لە هەوڵدان بۆ

پێشکەوتن لە سێکتەری ئابووریدا. سەرباری ئەمەش، زیادبوونی نرخی نەوت و غاز و خەڵوز لەکاتێکدایە زەوی ڕووبەڕووی وشکەساڵییەکی بێوێنە و کەشوهەوای ناسروشتی دەبێتەوە کە بۆتە هۆکاری ئاستەنگی دەستخستنی کارەبا بۆ بنکەی وزەی ئەتۆمی: بە نموونە فەڕەنسا کورتهێنانی لە بەرهەمهێنانی سوتەمەنی ناوەکیدا هەیە، هەروەها کورتهێنان لە وزەی ئاوی (هایدرۆپاوەر) لە چین و پێشووتریش لە بەڕازیل و ئەرجەنتین ڕوویداوە.

**(لاندۆن دیرێنتز)، بەڕێوەبەری باڵا، سەنتەری وزەی جیهانی.**

**٦.دروستکردنی «پردی تیرۆریستی» لە دەریای سوورەوە بۆ زەریای هێمن لەلایەن جیهادییەکانەوە**

هەرێمی بورکینا فاسۆ لە ئەفریقا ڕووبەڕووی دوو داگیرکاری بووەوە لە ساڵی ٢٠٢٢، هەروەها وڵاتی – ماڵی - تا ئەم ساتە لەلایەن هێزی سەربازی جونتا حکومڕانی دەکرێت کە لە کۆتایی ساڵی ٢٠٢١ دەسەڵاتیان وەرگرت. ئەو گروپە چەکدارییانەی کۆنترۆڵی هەریەک لە وڵاتەکانیان کردووە تا ئێستا ڕێگەیان بە ئەنجامدانی هەڵبژاردنی دیموکراسییانە نەداوە. ئەم ناسەقامگیرییە سیاسییە هۆکارە بۆ نائارامی لە ئەفریقای خۆرئاوا و گومانیش دەکرێت بزوتنەوە جیهادییەکان لە هەردوو وڵات و ناوچەکانی دیکەش لە ئەفریقا چالاکیان هەبێت، لەگەڵ هەبوونی هێرشی چەکداری لە بێنین و تۆگۆ و بەندەری ئایڤۆری.
جیهادییەکان کە پەیوەستن بە ئەلقاعیدە و دەوڵەتی ئیسلامی لە هەوڵی ئەوەدان دەست بەسەر ڕووبەرێکدا بگرن کە لە دەریای سوورەوە درێژدەبێتەوە بۆ کەناراوەکانی زەریای هێمنی ئەفریقی. کە ئەمە گرەنتی دەستڕاگەیشتنیان بە ڕێگاکانی بازرگانی ماددەی هۆشبەر لە ئەفریقای باشور دەکات و دەبێتە داهاتێکی باش بۆ جەنگەکانیان. لە ئێستادا کێبڕکێ بۆ هێز و باڵادەستی لە جەنگدا خاڵێکی بەرچاوی جیهانییە، ئەو گروپە جیهادییانەی کە تەماحی فراوانخوازییان هەیە لەو ناوچانەدان کە ناسەقامگیرن و مەترسی داگیرکارییان لەسەرە. بە هەبوونی چالاکی بزوتنەوە جیهادییەکان لە ناوچەکانی دیکەی کیشوەرەکە لە مۆزەمبیقەوە بۆ دەریاچە گەورەکان، وادەکات هەندێک لە شارەزایان ترسی ئەوەیان هەبێت ببێتەهۆی لەدایکبوونی «بزوتنەوەی جیهادی ئەفریقی».

**(ڕاما یادێ)، بەڕێوەبەری کارگێڕی، سەنتەری ئەفریقا.**

**٧.قەیر انی ئابووری پێش هەڵگیرسانی جەنگ باڵ بەسەرتایو اندا دەکێشێت**

چەندین ڕێگای نوێ هەیە بۆ دروستبوونی قەیران لە تایواندا، ئەم مەترسییە لە نیوەی دووەمی ساڵی ٢٠٢٢ زیاتربوو دوابەدوای وەڵامدانەوەی سوپای چین بۆ سەردانی سەرۆکی کۆنگرێسی ئەمریکا - نانسی پیلۆسی - بۆ تایوان لە مانگی ئابدا. چۆن دەکرێت ئەمە ڕووبدات؟

بە ئەگەری زۆرەوە ئەمە لە بەرژەوەندی تایوان نییە و چینیش بەبێ ئاگایی ئەم کارە ئەنجام نادات. لەم ساڵدا هیچ ئاماژەیەکی بەرچاو نییە کە چین بە زۆرەملێ تایوان بە خاکی چینەوە بلکێنێتەوە.بڕیاربەدەستانی سیاسیی کۆنگرێسی ئەمریکا کار بۆ ئەوە دەکەن ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەرگری لە سەربەخۆیی تایوان بکات و لەسەری بەجواب بێت، ئەمەش وادەکات کۆمارییەکان لە کۆنگرێسی ئەمریکا دەسەڵات بگرنە دەست. لەو کاتەدا کە (نانسی پیلۆسی) سەردانی تایوانی کرد وەڵام و کاردانەوەی چین زیاتر بوو لەڕێگەی هەڵدانی موشەکەوە بۆ نزیک تایوان، لەگەڵ ئۆپەڕاسیۆنی سەربازیی لە ناوچە ئاوییەکانی دەوروبەری تایوان، کە بووە هۆی دروستبوونی ئاستەنگ بۆ دانیشتن و گفتوگۆ دیبلۆماسییەکان لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکاندا.
وەڵامدانەوە و بەرپەرچدانەوەی سەرکردە چینییەکان هەرچییەک بێت، دەرئەنجامی نوێ و پڕ ئاڵنگاری دەبێت. بۆ نموونە لەوانەیە وەڵامی هاوشێوەی تایوان بدەنەوە یان هێرشی ئەلکترۆنی بکەنە سەر تۆڕی کارەبایی تایوان، یان ئەگەری ئەوە هەیە لەڕووی ئابوورییەوە زەرەر لە بەرهەمە ناوخۆییەکانی تایوان بدات و لە ئەنجامدا زیانی گەورە بە ئابووری جیهانیش دەگەیەنێت. هەڵگیرسانی جەنگی سێیەمی جیهانی لە تایوان لە ساڵی ٢٠٢٣ ئەگەری زۆر کەمە یاخود هەر نییە، بەڵام ڕووبەڕووبوونەوەی نزیک کە جەنگی تێدا ڕووبدات بەهۆی وەڵامدانەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە مەترسی ڕوودانی جەنگ لە داهاتوویەکی نزیکدا زیاد دەکات. هەر ڕووبەڕووبوونەوەیەکیش کە چین و ویلایەتە یەکگرتووەکان لە مەودایەکی کورتدا کۆبکاتەوە مەترسیدارە.

**(دەیڤد شولمان)، بەڕێوەبەری باڵا، ناوەندی چینی جیهانی.**

**٨.دەوڵەتەکان – بەتەنها ئەو دەوڵەتانەش نا کە دژی ئەمریکان – بەشێوەیەکی چاوەڕوانەنەکراو و خێرا لە بەکارهێنانی دۆلاری ئەمریکی دووردەکەونەوە**

پڕوپاگەندەکان لەبارەی نرخی دۆلاری ئەمریکییەوە کلتورێکی کۆنە لە واشنتۆن و ناوچەی دیکەش. تەنانەت کاتژمێری شکاویش لە ڕۆژەکـەدا دوو جار سەعاتەکە بە دروستی دەخوێنێتەوە و نزیکیشە ئەو کاتە نزیک بێت. بەرژەوەندییەکانی دۆلار بە قووڵی لە سیستەمی ئابووری جیهانیدا ڕەگی داکوتاوە. ئەمریکییەکان لە ئێستادا هەست بە بەهێزی دۆلار دەکەن لە بەرامبەر دراوەکانی دیکەی وەک پاوەنی بەریتانی و ئێرۆ و یەنی چینی، ئەمەش وادەکات کە دڵنیابن لەوەی دۆلاری ئەمریکی بە بەهێزی دەمێنێتەوە.
بەڵام کاتێک زیاتر لێی ورد دەبینەوە، بەڕوونی دەبینین کە چەندین وڵات دەیانەوێت لە بەکارهێنانی دۆلار دووربکەونەوە، هەرچەندە بەم نزیکانە جێگرەوەی ئاشکرای دۆلار نییە. ئەو گۆڕانکارییە لە ئێستادا بە هێواشی ڕوودەدات. نرخی دۆلار لە ئاڵوگۆڕی بیانیدا بەرەو کەمبوونەوە دەڕوات. وڵاتانی جیهان - جگە لە پێشبڕکێکارەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان وەک چین - تەنانەت وڵاتانی وەک هیندستان، ئەندەنوسیا، مالیزیا و ئەفریقای باشور، وەبەرهێنان

لە بانکی ناوەندی بۆ دراوی ئەلکترۆنی دەکەن کە دەتوانێت وابکات پابەندبوونیان بە دۆلار کەمتربکاتەوە.
گەمارۆ و سزا چاوەڕواننەکراوەکان لە هەموو جیهانەوە بۆ سەر ڕووسیا لەدوای داگیرکاری بۆ ئۆکراینا هۆکارە بۆ زیاتر دوورکەوتنەوە لە بەکارهێنانی دۆلار کە بە نزیکەی ١٥٪ یە. ئەگەر وڵاتان بتوانن ڕێگایەک بدۆزنەوە بۆ دوورکەوتنەوە لە دۆلار، ئەوا کاریگەری گەمارۆکانی ڕووسیا بە تێپەڕبوونی کات کەمدەبێتەوە، بەمەش ئەگەر لە داهاتوودا وڵاتێک داگیرکاری بکات بۆ سنوری وڵاتێکی دیکە، ئەوا فشاری ئابووری ئەمریکا هێندە کاریگەر نابێت.

**(جۆش لیپسکی)، بەڕێوەبەری باڵا، سەنتەری جیۆئیکۆنۆمیکس.**

## ٩.پاڵنەرێکی نوێ بنیات دەنرێت بۆ کشانەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست - ئەمجارە ڕێگری لە کشانەوەکەیان ناکرێت

سەرەڕای فشاری بەردەوام بۆ کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ ماوەی چەندین دەیە، بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا وەک خۆی مایەوە لە ناوچەکەدا، هەروەها سەرۆکەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەردەوام ویستی ئەوەیان هەبووە کە بەسەر ئەو ئاڵنگارییانەدا زاڵبن کە دەیانتوانی کشانەوەی ئەمریکا لە ناوچەکە خێراتر بکەن، ڕەنگە ڕێگاکان بۆ ئەم کارە خۆش بێت و لە ساڵی ٢٠٢٣ گۆڕانکارییەکە ڕووبدات.
لە واشنتۆن، هاندانەکان بۆ کەمکردنەوەی هەوڵ و هەژموونی ویلایەتە یەکگرتووەکان لەلایەن هەردوو پارتەکەوە زیادیکردووە، هەرچەندە تا ئەم بەروارەش لەلایەن ئیدارەی بایدنەوە بە جێگیری لە ناوچەی کەنداو هێڵدراونەتەوە. بەڵام، لە ریاض پەیوەندییەکانی نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکان و حکومەتی ریاض گرژی زیاتری بە خۆیەوە بینیوە، هەردوولا بەشێوەیەکی گشتی و بۆ جیهان ڕای خۆیان لەسەر یەکتری دەردەبڕن و چاوەڕوانیی ڕێتێنەچوویان لە یەکتری هەیە.
لە ئۆرشەلیم، ڕاستڕەوترین حکومەت لە مێژووی وڵاتدا لە هەوڵی ئەوەدایە دەسەڵات بگرێتە دەست، کە ئەمەش ئاڵنگاری بۆ پەیوەندی ئیسرائیل و ویلایەتە یەکگرتووەکان دروست دەکات. لە تارانیش، ڕژێمی ئێران بەردەوامە لە چالاکییە زیانبەخشەکانی لە دەرەوەی سنوری دەسەڵاتی خۆی و بەشێوەیەکی توندوتیژانە هاووڵاتییەکانی سەرکوت دەکات، لەکاتێکدا گەورەترین مەترسی لە ناوخۆی وڵاتدا لەلایەن ئۆپۆزسیۆنەوە ڕووبەڕووی سەرکردەی وڵاتەکەی دەبێتەوە.
لەم نێوانەدا، سێ پرسیاری سیاسەتی نێودەوڵەتی ڕووبەڕووی ڕاوێژکاری ویلایەتە یەکگرتووەکان دەبێتەوە لەبارەی پەیوەندی نێوان ئێران و ویلایەتە یەکگرتووەکان، لەوانەش: ئایا ویلایەتە یەکگرتووەکان پێویستە لە بەرژەوەندی یاخود دژی ڕێککەوتنی ٢٠١٥ ی ئەتۆمی بوەستێ؟ هاوپەیمانە هەرێمییەکان بوونەتە مایەی نیگەرانی ئەمریکا بەتایبەت لە کەیسی چین و ڕووسیادا کە دەیانەوێت بەربەست بخەنە بەردەم کشانەوەی ئەمریکا، کە ئەمەش

تەنها ئەگەری ڕوودانی ئەو کارە زیاتر دەکات.

زۆرێک لەم هاوپەیمانانە ناچارکراون کە لە بەرەی یەکێک لە حزبە سیاسییەکانی ئەمریکابن، کە ئەمەش هۆکارە بۆ گۆڕانی سیاسەتی ئەمریکا بەتایبەتی لە ئەنجامی هەڵبژاردنەکاندا. بۆیە ئەو پرسیارەی دەبێت ئێستا بکرێت سەبارەت بە پێشهاتەکانی ساڵی داهاتوو بریتییە لەوەی: ئایا ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانانی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ویستێکی ستراتیجییان هەیە بۆ ڕێگریکردن لە کشانەوەی ئەمریکا لە ناوچەکە؟ ئەگەر وایە، چ پێشبینییەک دەکەن بۆ ئەو ئەنجامە؟

**(ولیام وێچسلێر)، بەڕێوەبەری باڵا، سەنتەری ڕەفیق حەریری و پرۆگرامی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.**

**١٠.وڵاتانی پێشکەوتوو ڕووبەڕووی شەپۆلێکی کورتهێنانی بودجە و قەیرانی ئابووری دەبنەوە**

جیهان ڕووبەڕووی پاشەکشێیەکی سەرتاسەری دەبێتەوە. ئەمە مانای داخوازی کەمتر و نرخی کەمترە لە هەناردەکردنی بەرهەمی ناوزەیی لەلایەن دەوڵەتە پێشکەوتووەکانەوە. لەهەمانکاتدا، لە سەرتاسەری جیهاندا بەهۆی جەنگی ئۆکراینیاوە نرخی سوتەمەنی و وزە بەگشتی و خۆراک لە بەرزبوونەوەدایە. هەربۆیە وڵاتە پێشکەوتووەکان فشاری زۆریان لەسەرە و داهاتێکی کەمتریان دەستدەکەوێت لەو بەرهەمانەوە کە دەیفرۆشن و نرخێکی زیاتر دەدەن بۆ ئەو بەرهەمانەی دەبێت هاوردەی بکەن و بیکڕن. لەهەمانکاتدا، ڕێژەی خواست لە سەرانسەری جیهاندا ڕوو لە بەرزبوونەوەیە و ئەو وڵاتانەی کە بەرهەمهێنەرن کەمتر دانبەخۆیاندا دەگرن لە مامەڵەکردن لەگەڵ وڵاتە پێشکەوتووەکان و مەترسی کارکردن لەگەڵیاندا.

هەموو ئەمانە قورسایی لەسەر وڵاتە پێشکەوتووەکان زیاتر دەکەن بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری و چارەسەرکردنی دانەوەی قەرزەکانیان، کە ئەمە بە ئەگەرێکی زۆر هەوڵی بەرهەمهێنانی کاری سەربەخۆ زیاد دەکات و ئازادییەک دەدات بە لایەنەکان بۆ نەدانی پارە. ئەمەش زەمینە خۆش دەکات بۆ سەرهەڵدانی دیکتاتۆرییەت و نائارامی سیاسی لەو وڵاتانەی ناسەقامگیرییان تێدایە. لەم میانەیەدا، هەژارترین وڵاتەکان زۆرترین مەترسییان لەسەر دەبێت بۆ سەرهەڵدانی ئەم دیاردانە لە ساڵی ئایندەدا.

**(دان نێگریا)، بەڕێوەبەری باڵا، سەنتەری ئازادی و بوژاندنەوەی ئابووری.**

**١١.هەڵکشانی لاوازبوونی متمانە، دەبێتە هۆی دروستکردنی ناسەقامگیری لە ناوخۆی دیموکراسیدا**

زۆرێک لە دەوڵەتە دیموکراسییەکان بە کۆمەڵگەیەکی پارچە پارچە و دامەزراوەی ناسەقامگیر و بوونی نیشانەی پرسیار لەسەر سەرکردە سیاسییەکانیان پێ دەنێنە ساڵی ٢٠٢٣ وە. لە بەرازیل، (جاهیر بۆلسۆنارۆ) دەنگۆی ئەوەی بڵاوکردەوە کە ساختەکاری لە دەنگدان و هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠٢٢ بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکی وڵات کراوە و (لویس ئیگناسیۆ لولا داسیلڤا)ی تۆمەتبارکرد بەوەی بەردەوامبووە لە پێگەی سەرۆکایەتی لەدوای ئەوەی بە تۆمەتی گەندەڵی زیندانیش کرا.
لە ئیسرائیلیش لە دوای پێنجەمین خولی هەڵبژاردنەوە بۆ ساڵی چوارەم (بنیامین ناتانیاهۆ) بە جیاوازییەکی کەم دووبارە هەڵبژێردرایەوە. (شانشینی یەکگرتووی بەریتانیا) لە ماوەی مانگێکدا سێ سەرۆک وەزیرانی گۆڕی و لە ئێستادا خاوەنی سەرۆک وەزیرانی سێیەمە.
توندوتیژی سیاسی هەڕەشە لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەکات بە هەبوونی جەمسەرگیریی سیاسی لە وڵاتەکەدا. چی ڕوودەدات کاتێک دیموکراتەکان حوکم دەگرنە دەست و زۆرینەی هاووڵاتیانیش متمانەیان پێیان نییە یاخود چی لەو هەڵبژاردنانەدا ڕوودەدات کە دیموکراتەکان دێنێتە سەر حوکم؟ ئەنجامی چاوەڕوانکراو بریتییە لە گۆڕانی یەک لە دوای یەکی سەرکردایەتی و بەردەوامی ناسەقامگیری لە میانەی هەڵبژاردنەکاندا و زیادبوونی مشتومڕەکان لەسەر شەرعییەتدان بە ئەنجامی هەڵبژاردنەکان.
بەتایبەتی لە سیستەمی پەرلەمانیدا، کە هەڵبژاردنی زۆر و دووبارە دەبێتە هۆی ناسەقامگیریی، کە لە ئێستادا جیهان بە دەستییەوە دەناڵێنێت. ئەگەر ترۆپکی دیموکراسی بە ڕێژەیەکی زۆر ناسەقامگیر بێت ئەوە لە ئەنجامدا دەبێتە هۆی هەژاندنی بنەماکانی دیموکراسییش.

**(جۆنا فشەر)، بەڕێوەبەری باڵا، پرۆگرامی پێشڕەوی میلینیۆم.**

## ١٢.سیاسەتی تەکنەلۆجیای ویلایەتە یەکگرتووەکان بەرامبەر بە چین کەلێنێک لە پەیوەندی تر انسئەتلەنتیک دروست دەکات

ئەگەری هەیە کۆمپانیا ئەوروپییەکان لە ماوەیەکی کورتدا لەنێوان بازاڕەکانی چین و ویلایەتە یەکگرتووەکان یەکێکیان هەڵبژێرن. هەرچەندە پرسیارەکان لەسەر پەیوەندییە ئابوورییەکان و گەشەسەندنی تەکنەلۆجی زیاتر وەک چالاکی بازرگانی و ڕیکلامکردن سەیردەکرێت، بەڵام لە ویلایەتە یەکگرتووەکان لە چاوی ئاسایشی نیشتیمانییەوە سەیردەکرێت. لە چینیش، توانستی دروستکردنی تەکنەلۆجیای پێشکەوتوو وەک پارچەی نیمچە گەیەنەر (semiconductor chip) لەڕوانگەی ئاسایش و پێشکەوتنی وڵاتەوە بە بایەخێکی زۆرەوە لێی دەڕوانرێت.
وتاری سەرۆکی چین (ژی جین پینگ) لە کۆنگرەی پارتەکەی لە ساڵی ٢٠٢٢ ئەوەی بەڕوونی نیشاندا کە نیازی ئەوەی هەیە توانستی بەرهەمهێنانی تەکنەلۆجیای ناوخۆیی بۆ دوو هێندە

زیاد بکات، ئەمە بەتەنها پێشکەوتنی سەربازی چینی لێ بەرهەم نایەت، بەڵکو دەبێتە هۆی بەرهەمهێنانی بڕێکی زیاتر لە بەرهەمی تەکنەلۆجی چینی کە توانای کێبڕکێی لەگەڵ فرۆشیارانی بەرهەمی ئەمریکیدا هەیە. لەڕووی مێژووییەوە، دوای پەرەسەندنی توانای بەرهەمی ناوخۆیی لە چەند ناوچەیەکی دیاریکراودا، چین توانی دەست بەسەر تەواوی بازارەکانی جیهاندا بگرێت و وابکات فرۆشی بەرهەم و فرۆشیارەکانی دیکە کەمببێتەوە.
ئەو مەترسییەی ئەم حاڵەتە ڕووبەڕووی ڕکابەرە ئەمریکی و ئەورووپییەکانی دەکاتەوە ئاڵۆزە: کۆمپانیاکان زۆرینەی کات پارە تەرخان دەکەن بۆ توێژینەوە و پەرەپێدان وەک بەشێک لە فرۆشەکانیان، ئەگەر ڕێژەی فرۆشتن کەمبکات ئەوا ڕێژەی پارەی تەرخانکراو بۆ بەشی توێژینەوە و پەرەپێدان کەمدەبێت و وەبەرهێنانیش هێواش دەبێتەوە. ویلایەتە یەکگرتووەکان لە هەوڵی ئەوەدایە جەخت لە پێشەنگانی تەکنەلۆجیاکانی بکاتەوە و بەر بە پێشکەوتنی تەکنەلۆجیای چینی بگرێت بە دوو ڕێگا: پەرەپێدان و پشتیوانیکردن (لەڕێگەی ئەو پێوانانەی کە تۆڕی پەیوەندی هەماهەنگی بۆ لێکۆڵینەوە لە سیمیکۆندەکتەر و وەبەرهێنان -CHIPS - و پێشانگای زانست دەریخستوون)، ڕێگای دووەم بریتییە لە پاراستن (لەڕێگەی پێوانەی گومرگی هەناردەکردن لە بەرهەمە ناوخۆییەکان).
هەردوو شێوازەکە مەترسی هەڵگرن و دەرئەنجامی چاوەڕواننەکراویان هەیە. بە کەمکردنەوەی نرخی کۆمپانیا ئەمریکییەکان کە بازرگانییەکانیان لە چین دەکەن، بە نموونە سیاسەتی (پاراستن) لەوانەیە ببێتە هۆکار بۆ کەمبوونەوەی ناوەندی بەردەست لە سێکتەری تایبەتەوە کە ویلایەتە یەکگرتووەکان پشتی پێدەبەستێت بۆ نەمانی هەماهەنگی نادۆستانە لە توانستی وەبەرهێناندا، کە ئەمەش پیشەسازی ویلایەتە یەکگرتووەکان زۆر دوادەخات بە بەراورد بە پێشەسازی چینی لە بواری توێژینەوە و پەرەپێداندا.
هەندێک لە هاوبەشەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان ئەوەندە پشتبەستوون بە چین، چ وەک بەبازاڕکردن بۆ بەرهەمە خۆماڵییەکانیان یاخود وەک دابینکەرێکی تەکنەلۆجیای گرنگ کە بەرەوپێشچوونی تەکنەلۆجیاکانیان و ئابووریشیان بەبێ چین مەترسی لەسەر دەبێت. ئەم پشتپێبەستنە ڕێخۆشکەرە بۆ زیاتر خراپکردنی پەیوەندی ترانسئەتلەنتیکی و زیادکردنی مشتومڕەکان لەسەر ئەوەی چۆن مامەڵە لەگەڵ چینی گەشەسەندوو بکرێت، کە تەنانەت ئەگەری ئەوەش هەیە جیابوونەوە بخاتە نێوان ئەو هاوپەیمانییەی بۆ پاڵپشتیکردنی ئۆکراینا دروستبووە.

**(لیۆید و ایتمان)، بەڕێوەبەری کارگێری، سەنتەری جیۆتێک.**

## نزیکترین ئەگەرەکان

**١.ئۆکر اینا سەردەکەوێت و دەبێت بە بەشێک لە دامەزراوەی ڕۆژئاو ایی**

پێویستە هەڵوەستە لەسەر ئەو بابەتە بکرێت کە (پوتین) وزەی ڕووسیا وەک چەکێک

بەکاردەهێنێت بۆ شکاندنی یارمەتییەکانی ڕۆژئاوا بۆ ئۆکراینا، پشتیوانی ڕۆژئاوا بۆ ئۆکراینا جێگر و بەردەوام بووە تەنانەت کاتێک پلەکانی گەرما دەستیان بە دابەزین کردووە و بۆرییەکانی غازی نۆرد ستیم کە غازی ڕووسیایان دەگواستەوە دووچاری تێکدان بوون.
ئەم ڕووداوانە لەنێو ئەو ئاماژە زۆرانەدان کە پێشبینی دەکەن هەتا تەواوبوونی وەرزی زستان بەردەوامبێت، کە دەتوانێت ببێتە هۆی بەردەوامبوونی یارمەتییە سەربازییە ڕۆژئاواییەکان بۆ ناو ئۆکراینا و بەربەرەکانی سوپای ڕووسیای پێبکات.
ئەگەری بردنەوەی جەنگەکە لەلایەن ئۆکراییناوە ئەگەرێکی گەورەیە، بەڵام ئەم ئەگەرە ساڵێک لەمەوبەر بیری لێنەکرابۆوە. بە ڕوودانی ئەم ئەگەرە ئۆکراینا دەبێت بە بەشێک لە یەکێتی ئەوروپا و ناتۆ (NATO). هاوکات، ئەگەری پێچەوانەبوونەوەی بابەتەکەش زیاترە. ئەم بەرەوپێشچوونانە نەک تەنها بۆ ئۆکراینا، بەڵکو سەرکەوتنی گەورە بۆ سەرکردەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان و ئەوروپا و لە داهاتووشدا بۆ سیستەمی حوکمی نێودەوڵەتی بەدەستدەهێنێت.

**(ماتیۆ کرۆین)، ڕێکخەری کردەیی، سەنتەری ئاسایش و ستر اتیجی سکۆوکرۆفت.**

**٢.گواستنەوەی مەودا دوورەکانی سوتەمەنییە بەردینییەکان دەگاتە خاڵی وەرچەرخان**

وزەی نوێبووەوە، کە مەبەست لێی وزە بەرهەمهاتووەکانە بەبێ دەردانی هیچ گازێکی زیانبەخش هەتا ساڵی ٢٠٥٠ دەکەوێتە بەر دیدەی زیاتر ئەگەر ئێمە یارییەکی ڕاست بە کارتەکانمان بکەین. یاسای کەمکردنەوەی هەڵئاوسان نوێنەرایەتی گەورەترین وەبەرهێنان لە کەشوهەوا و وزە دەکات لە مێژووی ئەمریکادا. پێشکەشکردنی دەرفەتێکی بێ وێنە بۆ ئەمریکا و دۆست و هاوپەیمانەکانی بە مەبەستی دامەزراندنی زنجیرە دابینکەرێکی پارێزراو کە جیهان لە دەردانی غازی ژەهراوی بەرەو گەیشتن لە سفر نزیک دەکاتەوە. هەروەها، یاسای ژێرخانی دوولایەنە و نوێکردنەوەی تێڕوانینەکان لەسەر پایتەختەکانی ڕۆژئاوا لە ساڵی ڕابردوودا بۆ هەمەچەشنکردنی سەرچاوەی وزە دوور لە پشتپبەستن بە دابینکردنی وزەی ڕووسیا و ڕێکخراوی هەناردەی نەوت (ئۆپیک)، وادەکات ساڵی ٢٠٢٣ ساڵێکی دەوڵەمەند بێت لە گواستنەوەی وزەی پاک.
بەڵام هێشتا ئەگەری تێپەڕاندنی جەمسەرگیریی لە کۆنگرێسدا کەم دەبێت - توانای وڵاتەکە لە ساڵی ٢٠٢٣ دا دەخاتە مەترسییەوە - بۆ گەورەکردنی وەبەرهێنان و دەستبەسەرداگرتنی ئەم خاڵە ئەگەری وەرچەرخان لە گواستنەوەی جیهانی لە سوتەمەنی بەردینییەوە بۆ وزەی پاک هەیە.
بە مەبەستی ئەوەی بەتەواوی سوود لە زەبری هێز وەربگیرێت، واشنتۆن پێویستی بە دەرچوونە لە ڕێڕەوی سەرەکی خۆی و پێویستی بە بنیادنان و ژێرخانی وزەی پاک هەیە، بەڵام ئەوە ناتوانرێت ڕووبدات هەتا کۆنگرێس ڕێگە بە چاکسازی نەدات کە وادەکات بەرهەمهێنانی سەرچاوەکانی نەوت و غاز ئاسانتربێت و گواستنەوەی ئەلیکترۆنەکان لە سەرچاوە وزە

پاکەکانەوە لە ویلایەتە یەکگرتوەکاندا ئاسانتر بکات. ئەم جۆرە مۆڵەتدانی چاکسازییانە پشتگیری دوو لایەنەیان هەیە.

**(لاندۆن دیرێنتز)، بەڕێوەبەری کارگێڕی، سەنتەری وزەی جیهانی.**

**٣.تورکیا وەک وڵاتێکی زامنکەری ئاسایش لە ناوچەی دەریای ڕەشدا دەردەکەوێت**

ناتۆ بەرژەوەندی زۆری هەیە لە سەقامگیربوونی دەریای ڕەشدا، تەنانەت پێش داگیرکردنی ئۆکراینا لەلایەن ڕووسیاوە، بەڵام لە ساڵی ٢٠٢٣ سەقامگیربوونی هەرێمەکە گرنگییەکەی زیاد دەکات، هەروەها وڵاتەکە وەک دووەم هێزی سەربازی هاوپەیمان، کۆنترۆڵی تەواوی ڕێگاکانی ناوەوە و دەرەوەی دەریای ڕەش دەکات. تورکیا ڕۆڵێکی سەرەکی دەبینێت لە دەستەبەرکردنی سەقامگیری و ئاسایشی ناوچەکە.

لە ساڵی ٢٠٢٢ دا ئاماژە هەبوون کە ئەنقەرە ویستی هەیە کە کاریگەرییەکان بە باشی بەکاربهێنێت و پەیوەندییەکانی بەکاربهێنێت لەگەڵ هەردوو لایەنی ئۆکراینی و ڕووسی بۆ خراپترکردنی دانوستانەکانی ئاشتی ڕاستەوخۆی نێوان هەردوولا. هەروەها، فڕۆکە بێ فڕۆکەوانەکانی بایراکتەری تورکیا ڕۆڵی سەرەکییان لە بەرگریکردنی ئۆکراینادا هەبووە، لەکاتێکدا کە تورکیا پەیوەندییە لەمێژینەییەکەی لەگەڵ ڕووسیا بەکاردەهێنێت بۆ سوودوەرگرتن لە ئاسانکارییەکان شانبەشانی نەتەوە یەکگرتووەکان، بۆ ڕێککەوتن لەگەڵ مۆسکۆ و کیف لەسەر کردنەوەی هەناردەی دانەوێڵەی ئۆکراینا، کە قەیرانی خۆراکی جیهانی کەمکردەوە.

پێدەچێت تورکیا لە ساڵی ٢٠٢٣ دا بەردەوام بێت لە هاندانی یەکلاکردنەوەی شەڕەکە، دەبێت یەکێکیان دەسپێشخەری بۆ ئەمە بکات. تورکیا دەتوانێت وەک گەرەنتییەکی ئەمنی سەرچاوە غازییەکان و بەرپەرچدانەوەی ناوچەیی بۆ ڕووسیا دەربکەوێت. هەروەها، دۆزینەوەی گازی تورکیا لە دەریای ڕەشدا توانای بەهێزکردنی ئاسایشی وزەی ناوچەکە و هەمەچەشنکردنی دابینکردنی وزەی هەیە.

**(دێفنە ئەرسلان)، بەڕێوەبەری کارگێڕی، ئەنجومەنی ئەتلانتیک لە پرۆگرامی تورکیادا.**

**٤.ئەمریکا بۆڕای گشتی دەردەخات کە لەڕووی ئابوورییەوە «ئەمریکا گەڕاوەتەوە» بۆ ئاسیا**

ئەگەر ویلایەتە یەکگرتووەکان بیەوێت دووبارە شوێنی خۆی لە پێشەنگی ئابووری ئاسیادا ببینێت، کە ئەم بابەتە کەم تا زۆر دوای ئەوەی پەیوەندی تراسنپاسیفیک بوو بە قوربانی سیاسەتی ناوچەیی لە ٢٠١٧، کاریگەری لەسەر لایەنی ئابووری هەبوو کە لە ساڵانی داهاتوودا چین هەوڵی پەرەپێدانی ئابووری خۆی دەدات. هەروەها، گۆڕانکاری گرنگ ڕوودەدات لە گۆڕانی تێڕوانینە ئاسایشییەکانی ئەمریکا کە دەیەوێت لەسەر ناوچەکە پەیڕەوی بکات.

بەڕوونی دیارە کە ئەمریکا هەوڵی بەرەوپێشچوون لە پەرەپێدانی لایەنی ئابووری لە ئاسیادا دەدات، بەتایبەتی کە کۆڕبەندی ڕێکخراوی ئابووری ئاسیا-پاسیفیک لە تشرینی دووەم لە سانفرانسیسکۆ بەڕێوەدەچێت. یەکێکی دیکە لە خاڵە سەرەکییەکان یەکلاییکردنەوەی گفتۆگۆکانە لەسەر چوارچێوەی ئابووری هیندۆ-پاسیفیک لەکاتێکدا بەرەوپێشچوونی بەرچاو دەبینرێت لە مشتومڕەکان لەسەر بەرژەوەندییە ئابوورییەکانی سەدەی ٢١ لەنێوان ویلایەتە یەکگرتووەکان و تایوان، کە وادەردەکەوێت زیاتر نزیکبوونەوە ڕووبدات لەسەر ڕێککەوتن لەبارەی ئاڵوگۆڕی ئازادەوە.
کۆی ئەم دەستکەوتانە ئەوە دەردەخات کە ئیدارەی (بایدن) ئەوە نیشان دەدات کە ئەمریکا لەسەر پەیمانەکانی خۆیەتی و پەیوەستە بە پەیوەندی هیندۆ-پاسیفیک و لەسەرروو چینەوە سەیری بەرژەوەندی وڵاتانی دیکەی ناوچەکە دەکات. ئەمەش ئەوە دەردەخات کە ویلایەتە یەکگرتووەکان بەردەوامە لە ڕۆڵبینین وەک بەستەر و پەیوەندیکارێک و ئامادەشە کە جێگرەوەی چین بێت.

**(دەیڤد شولمان)، بەڕێوەبەری کارگێڕی، ناوەندی چینی جیهانی.**

**٥.(پوتین) لە ناوەوە و دەرەوەی وڵات دەدۆڕێت**

(پوتین) لە ناڕەحەتییەکی قووڵدایە کاتێک سوپای ڕووسیا لە ئۆکراینا دەکشێتەوە. ئەگەر وڵاتانی سەر دەریای ئەتڵەنتیک سیاسەتی پشتیوانی خۆیان بۆ ئۆکراینا و پشتگیری پاشەکشە لە دژی کریملن بەردەوامی پێبدەن. هەروەها، ئەگەر پشتگیرییەکی لەو شێوەیە زیاد بکات، کە ببێتە هۆی ئەوەی کیف کۆنترۆڵی زۆرینەی خاکی ئۆکراینا بکاتەوە، ئەوا ڕوودانی دەستلەکارکێشانەوەی (پوتین) لە ساڵی ٢٠٢٣ دا ئەگەرێکی چاوەڕوانکراوە، لە ڕاستیدا ئەگەری ڕوودانی ڕەنگە بگاتە (٢٥٪). گەشەسەندنێکی لەو شێوەیە زادەی کێشە ئابوورییەکان و زۆری قوربانییەکانی جەنگە و سەرچاوەیە بۆ دروستبوونی نائارامی مەدەنی لە ڕووسیادا، هەموو ئەمانەش وا لە کەسانی ناوخۆیی دەکات کە بۆ دەرکردنی (پوتین) لە پۆستەکەی یەکبگرن.
هەندێک ترسی ئەوەیان هەیە کە هەر جێگرەوەیەک بێت لە (پوتین) خراپتربێت. بەڵام، ئەگەر ئەمە تەنها وەکو سەرەتایەک بێت بۆ لابردن و بەرهەمهێنانی جۆرێک لە کرانەوەی سیاسی و دیبلۆماسی، ئەوا چانسی مانەوەی (پوتین) زیاترە و سیاسەتێکی توندڕەوتر و کوشندەتر لە کریملن دروست دەبێت. ئەگەر شکستهێنان لە ئۆکراینا ڕێخۆشکەر بێت بۆ ناڕەزایی گشتی ئەوا زیاتر لەوەی ئێستا ڕوودەدات کە (پوتین) لە ڕووسیادا هۆکاری سەرهەڵدانییەتی. هەروەها، گۆڕانی ڕاستەقینەی سیاسیش لە وڵاتدا ڕوودەدات، بەمەش ئەگەری کەمترین ڕای ئازاد و ئاساییبوونی پەیوەندی دوولایەنە لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکاندا دێتەکایەوە.

**(جۆن هێربست)، بەڕێوەبەری کارگێڕی باڵا، سەنتەری ئۆراسیا.**

**٦.یەکێتی ئەوروپا وەک زلهێزێک مامەڵە دەکات**

سێ فاکتەر وا لە ئەوروپا دەکات کە گفتۆگۆکانی بگۆڕێت بۆ کردار لە حاڵەتی سەرهەڵدانی توندوتیژی زیاتر لە ئۆکراینا. یەکەم، بریتییە لە توندوتیژی جیهانی (پوتین). دووەم، بریتییە لە پەیوەندی جیۆپۆلەتیکی نێوان چین و یەکێتی ئەوروپا. سێیەمیش، بریتییە لە دووبارە هەڵبژاردنەوەی (دۆناڵد ترەمپ) وەک سەرۆک لە هەڵبژاردنی ٢٠٢٤ی ئەمریکادا.

بۆ زۆرێک لە سەرکردە ئەوروپییەکان، ڕووداوە پڕ لە گۆڕانکارییەکانی ساڵی ڕابردوو وەڵامی ژمارەیەک لە پرسیارە ناڕوونەکانی دایەوە لە بارەی ستراتیجیەتی چارەی خۆنووسی ئەوروپا. جەنگی ڕووسیا بەڕوونی وەڵامی ئەو پرسیارەی دایەوە کە ڕۆڵی سەرەکی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە ئاسایشی ئەوروپادا چییە. هەموو ئەو ناڕوونیانەشی لەناوبرد کە لە پەیوەندی تایبەتی ئەوروپا و ڕووسیا هەبوو تەنانەت پاڵپشتیکارانی پەیوەندییە ئاشتیخوازەکانیشی لە بەرلین گۆڕی. ئەوروپییەکان لە ئێستادا زۆر زیاتر بەشێوەی ستراتیجییانە هاوڕان لەسەر پەیوەندی یەکێتی ئەوروپا بە هێزەوە، سەرەڕای کەم و کورتی لە بەکارهێنانی هێزی زۆر لەلایەن یەکێتی ئەوروپاوە.

تێڕوانینەکان بۆ چین زیاتر وەک خاوەن هێزە لە ناوچەکەدا. لە ساڵی داهاتوودا سەرنجەکان لەسەر ئەوە دەبێت کە چۆن ئەم بیرۆکانە بکرێن بە کردار لەڕووی جیۆپۆلەتیکی و دیبلۆماسی و سەربازی بە تایبەتی. ئایا ئەمە چۆن دەردەکەوێت؟ ئەگەر هاوکارییەکانی یەکێتی ئەوروپا بۆ ئۆکراینا بەردەوام بێت، ئەوە نیشانەیە بۆ گۆڕانکاری بەرەو باری جوگرافی سیاسی لە یەکێتی ئەوروپادا.

لە بەرلین، شیمانە دەکرێت کە بیرۆکەی وتاری «زایتنقێندە»ی (ئۆلاف شۆلز) پەیڕەو بکەن کە دەبێتە خاڵی وەچەرخان بۆ سیاسەتی دەرەوە و بەرگری ئەڵمانیا. لە کاتێکی دیکەدا توانستی ئاشتی ئەوروپی نوێبکرێتەوە (ئەو هاوکارییە ئاسایشییە بەردەستکراوە کە یەکێتی ئەوروپا بۆ تایوانی دەستەبەرکردووە).

**(یۆرن فلێک)، بەڕێوەبەری کارگێڕی، سەنتەری ئەوروپا.**

**٧.پاڵنان بۆ فراو انخوازییەکانی یەکێتی ئەوروپا ژمارەی ئەندامانی جیهانی دیموکراسی زیاد دەکات**

جەنگی ڕووسیای داگیرکەر بۆ سەر ئۆکرایناى دیموکرات کاردانەوەی تەواو پێچەوانەی لێکەوتەوە لە دژی کرملین، کە تێیدا NATO فراوانخوازییەکانی بەرەوپێشبرد بەتایبەتی لە باکورەوە و فینلەندا و سویدی کرد بە ئەندام. لە ئێستادا ئەمە ئەگەری هەیە هەمان ڕەنگدانەوەی هەبێت و هانی فراوانخوازی یەکێتی ئەوروپا بدات بەرەو باشور.

وەک لە ئەزموونی خۆمدا وەک هاووڵاتییەکی ڕۆمانی ڕەسەن، زۆرێک لە وڵاتە کۆمۆنیستەکان بە ئەندامبوون لە یەکێتی ئەوروپا بە واتای ڕزگاربوون دێت لە ڕابردووە سۆڤێتییە

نادادپەروەرانەکەیان و ڕزگاربوونە لە هەژموونی ڕووسیا و کاریگەرییەکانی بە هەموو ڕێگاکانییەوە و لەنێویشیاندا گەندەڵی و دیکتاتۆرییەت و نائارامی. بەشێوەیەکی دیکە، ئەمە بزاوت و جوڵانەوەیە بە ئاراستەی دنیای دیموکراسی ڕۆژئاوایی و بازاڕی ئازاد و حوکمی یاسا. لەگەڵ پێشکەشکردنی داواکاری حکومەتی ئۆکراینا بۆ بوون بە ئەندام لە یەکێتی ئەوروپا، دوای چەند ڕۆژێکی کەم لە داگیرکارییەکانی ڕووسیا بۆ سەر خاکەکەی، کە هۆکاربوو بۆ وەرگرتنی کاندیدبوونەکەیان (بەبێ ماڵدۆڤا)، ئەم شەڕە ئەگەری هەیە هۆکاربێت بۆ زیادبوونی ئەندامەکانی یەکێتی ئەوروپا بەتایبەتی لە وڵاتە ڕۆژئاواییە بەڵکانییەکان لە ساڵی ئایندەدا.

ئەلبانیا، بۆسنە، کۆسۆڤۆ، مۆنتینیگرۆ، مەکدۆنیای باکور و سربیا بە ئەگەری زۆرەوە هەست بەوە دەکەن کە پێویستە دەوڵەمەندی و ئاسایشی خۆیان زیاتر بپارێزن، کە لەو بڕوایەدان ئەندامبوون لە یەکێتی ئەوروپا بۆیان دەستەبەر دەکات. هەروەها، سەرکردەکانی یەکێتی ئەوروپا زیاتر جەخت دەکەنەوە و هانی ئەو وڵاتانە دەدەن، هەروەک چۆن ڕاوێژکاری ئەڵمانی (ئۆلاف شۆلز) لەم دواییانە ئاماژەی پێداوە.

**(دان نێگریا)، بەڕێوەبەری کارگێڕی، سەنتەری ئازادی و بوژاندنەوەی ئابووری.**

**٨.نەوتی فەنزوێلا دێتە بەرهەم و فشاری سەر بازاڕی وزەی جیهان کەمدەکاتەوە**

لە ڕاگەیاندنی ٢٦ ی تشرینی دووەمی ٢٠٢٢ هاتووە کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا مۆڵەتێکی نوێ بە کۆمپانیای شێڤرۆن دەدات بۆ دەرهێنانی نەوت لە فەنزوێلا. بۆشایی سیاسی وا لە ویلایەتە یەکگرتووەکان دەکات کە زیاتر دەستواڵا بێت لە هەڵگرتنی گەمارۆکان کە لە ساڵی ٢٠١٩ بەسەر (نیکۆلاس مادورۆ)ی سەرۆکی فەنزوێلادای سەپاند بەهۆی زیادبوونی فاشیزمەوە. حکومەتی کاتی (خوان گوایدۆ)، کە ویلایەتە یەکگرتووەکان و زیاتر لە ٥٠ وڵاتی دیکە وەک حکومەتی یاسایی دانیان پێداناوە، هەوڵدەدات لە مانگی کانونی دووەم لە کاتی کۆتایی هاتنی خولی دەسەڵاتی (گوایدۆ) وازبهێنێت.

لە دوای ئەوەش، هەوڵدەدرێت (مادورۆ) وەک سەرۆکی فەنزوێلا بناسێندرێت لە سەرتاسەری ئەمریکای لاتیندا تەنانەت کۆلۆمبیاش، لەو کاتەی کە دڵسۆزی بۆ (مادورۆ) پیشاندرا، پەیوەندی دیبلۆماسی لەگەڵ حکومەتەکەیدا لە ساڵی ٢٠٢٢ دروستکردەوە. نیشانەی دیکەش هەن بۆ دەرچوون لە چەقبەستوویی، وەک بەشداری (مادورۆ) لە کۆنفرانسی گۆڕانی کەشوهەوا (COP٢٧)، هەروەها ئاڵوگۆڕکردنی زیندانییەکان لەنێوان فەنزوێلا و ویلایەتە یەکگرتووەکان لە پایزدا.

گفتوگۆکان لەنێوان حکومەتی (مادورۆ) و ئۆپۆزسیۆنە سیاسییەکان لە مەکسیکۆ سیتی ڕەنگە ڕێککەوتنێکی بەدوابێت، کە تێیدا (مادورۆ) ڕەزامەندی بنوێنێت لەسەر ئازادکردنی زیندانییە سیاسییەکان، ڕێگەدان بە کاندیدی ئۆپۆزسیۆن کە لە میدیادا دەربکەون، ڕازیبوون لەسەر پێشنیارەکانی چاودێریکردنی هەڵبژاردن بە لەبەرچاوگرتنی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ٢٠٢٤ ی فەنزوێلا، لە بەرامبەریشدا ویلایەتە یەکگرتووەکان هەندێک گەمارۆی دیکەیان

لەسەر هەڵبگرێت.
ئەم پاکێجە ئەگەری هەیە ڕێککەوتنی -بەرهەمهێنانی هاوبەش- لەنێوان کۆمپانیاکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان و کۆمپانیاکانی نیشتیمانی نەوتی فەنزوێلی (PDVSA) لە خۆبگرێت، لەگەڵ دروستکردنی حسابێک بۆ داهاتی فرۆشی نەوتی فەنزوێلی کە ڕێگری دەکات لەوەی داهاتی نەوتەکە بۆ خودی حکومەتەکەی (مادورۆ) بێت. بازاڕی وزەی جیهانی پێشوازی لەم پێشهاتە دەکات، بەتایبەتی ئەوروپا کە بە دەست قەیرانی وزەوە دەناڵێنێت، بە هۆکاری ئەوەی سەلمێندراوە کە فەنزوێلا خاوەنی گەورەترین یەدەگی نەوتی جیهانە.
سێکتەری نەوتی وڵاتەکە لە دەیەی ڕابردوودا بە ڕێژەیەکی زۆر کەمیکردووە. بەڵام، بە وەبەرهێنانی دروست، لە ماوەیەی چەند ساڵێکدا، جیهان دەتوانێت ببێت بە خاوەنی سەرچاوەیەکی نوێی وزە.

**(جەیسۆن مارسزاک)، ڕێکخەری باڵا، سەنتەری ئەدرێین ئارشتی ئەمریکای لاتین.**

**٩.لە کۆتاییدا لە ویلایەتە یەکگرتووەکان چاکسازی لە ڤیزای پرۆفیشناڵ ڕوویدا**

چانسەکان بۆ ئەوەی کۆنگرێسی ویلایەتە یەکگرتووەکان چاکسازی لە یاسای کۆچکردندا بکات بە مەبەستی ڕێگەپێدان بە مانەوە و کارکردنی کۆچبەرە پرۆفیشناڵەکان -شارەزا لە بواری جیاوازدا لە ئێستادا لە هەموو کاتێک زیاتر و باشترە. لە ویلایەتە یەکگرتووەکاندا، زۆرێک لە خوێندکاران و دەرچووی کۆلێجەکان لە بوارەکانی زانست، تەکنەلۆجیا، ئەندازیاری و ماتماتیک (STEM)، دانیشتووانی وڵاتانی دیکەن و دووچاری ئاستەنگ و زەحمەتی دەبنەوە لە ڤیزاکانیان بۆ مانەوە و بەردەوامبوون لە کارکردن لە ویلایەتە یەکگرتووەکان لە دوای تەواوکردنی خوێندن.
لە ڕوانگەی سێکتەری تەکنەلۆجیای ویلایەتە یەکگرتووەکانەوە، دەرچووان بە بڕوانامەکانی (STEM) پێویستە کارتی سەوزیان (green card) پێبدرێت. کۆمارییەکان و دیموکراتەکانیش بەگشتی ڕازین لەسەر پێویستی بابەتی چاکسازی لە ڤیزای پرۆفیشناڵ، بەڵام دوو پارتەکە نەیانویستووە بەیەکەوە ئەم ویستە هاوبەشەیان دەربخەن لەبەرئەوەی لە بابەتەکانی دیکەی سیاسەتی کۆچکردن هاوڕانین.
ئەو کێشەیەی کە دەکرێت ئەم چەقبەستوویە بکاتەوە کێشەی چینە، کە ویستە تەکنەلۆجییەکانی خراوەتە ژێر سەرنجی زیاترەوە لە کاتی کۆنگرەی پارتی کۆمۆنیستی چینی لە ٢٠٢٢ دا. لێکەوتەکانی ئاسایشی نەتەوەیی ویلایەتە یەکگرتووەکان دەریدەخات کە فاکتەری دواکەوتن لە پەکین بەهۆی چاکسازی سنوردارەوەیە.
بەرەوپێشچوونێکی یاسایی کە مانەوەی هەمیشەیی بۆ ژمارەیەکی دیاریکراو لە هەڵگرانی بڕوانامەی بوارەکانی (STEM) دەستەبەربکات، ئەگەری هەیە بەشێک بێت لە -کردەی ڕێپێدانی بەرگری نیشتیمانی- ئەمەش سەرکەوتنێکی گەورە دەبێت بۆ سێکتەری تەکنەلۆجیای ویلایەتە یەکگرتووەکان و بەرەوپێشچوون لە تەکنەلۆجیای پێشکەوتووی

ویلایەتە یەکگرتووەکاندا.

**(لیۆید و ایتمان)، بەڕێوەبەری کارگێری، سەنتەری جیۆتێک.**

**١٠.تەرخانکردنی دارایی بۆ چاکسازی لە کەشوهەوادا بەشێوەیەکی چاوەڕوانەکراو بەرەوپێش دەچێت و قەبارەکەی دووهێندە دەبێت**

یەکێک لە گرنگترین دەسکەوتەکانی ئەنجامی کۆنفرانسی گۆڕانی کەشوهەوای نەتەوە یەکگرتووەکان (COP٢٧) لە ساڵی ڕابردوودا، دروستبوونی ڕێگایەک بوو بۆ بەرەوپێشچوونی ڕێککەوتنی پاریس ٢٠١٥ بە ئامانجی جیهانی لەسەر گونجاندن لەگەڵ گۆڕانی کەشوهەوادا، کە ٢٣٠ ملیۆن دۆلاری ئەمریکی (ئەم پارەیە مشتێکە لە خەرمانێک بەراورد بەو بڕەی پێویستە کە بریتییە لە سەدەها ملیار دۆلار ساڵانە) لەلایەن ئەندامە نوێیەکان و حکومەتی وڵات و ڕێکخراوەکانی گەشەپێدانەوە دابینکرا بۆ یارمەتیدانی وڵاتان تاکو خۆیان لەگەڵ گۆڕانی کەشوهەوادا بگونجێنن. هەروەها، ڕاگەیەندراوی -ئەجێندای گونجاندنی شرم الشیخ – بۆ زیادکردنی بەرگری لە جیهاندا لەو ناوچانەی ئەگەری زیاتری گۆڕانی کەشوهەوای تێدایە تا ساڵی ٢٠٣٠.
لە دەرەوەی دیالۆگە فەرمییەکانی (COP٢٧)، چەندین هەوڵم بینی بۆ زیادکردنی وەبەرهێنان لە بەرگری کەشوهەوادا، لەوانەش دەستپێشخەری نوێ بۆ دابینکردنی سەرمایەی دارایی بۆ گونجاندن لەگەڵ گەرمی زۆر و ساردکردنەوەی خۆراک و دەرمان و بیناکان لەڕێگەی شێوازەکانی وەکو ڕووکەشی ڕووناکی، خاکی سەوز، سەقفەکان، ئامێرەکان کە وزەی دووبارە بەکارهێنراوی بۆ بەکاردێت.
کەمتر لە ١٠٪ سەرجەمی دارایی کەشوهەوا لە ئێستادا بۆ چاکسازی کەشوهەوا تەرخانکراوە. بەڵام ئەو ئاستە بۆ دەستەیەک لە داهێنەرانی کردە تایبەتی و گشتییەکان دانراوە بۆ ئەوەی ساڵی ٢٠٢٣ بکەن بە ساڵی پێشکەوتن کە تیایدا وەبەرهێنانەکان لە کەشوهەوادا زیاتر لە دووهێندە بکەن بە بەکارهێنانی چارەکێک لە تەواوی تەرخانکردنی دارایی بۆ کەشوهەوا.

**(کاتی باومان مکلیۆد)، جێگری باڵای بەڕێوەبەر و ڕێکخەر، سەنتەری بەیەکبەستنەوەی دامەزراوەی ئەدرین ئارشت ڕۆکفیلەر.**

**١١.گۆڕانی کەشوهەوا دەتوانێت ئەوەی هیچ شتێک نەیتوانیوە ئەنجامی بدات بە ئەنجامی بگەیەنێت: یەکگرتنی وڵاتانی باشوری ئاسیا**

نزیکەی ئەو ٢ ملیار هاووڵاتییەی لە باشوری ئاسیا دەژین، یەکێک لەو ناوچانەیە کە کەمترین یەکگرتوویی ئابووری هەیە. هەموو ئەو هاووڵاتیانەش ڕووبەڕووی ڕێژەیەکی -زیاتر لە ناوەند-ی مەترسی دەبنەوە بەهۆی گۆڕانی کەشوهەواوە، کە بەشێوەیەکی کارەساتبار

لە لافاوی کوشندەی پاکستان لە ساڵی ڕابردوودا بینرا. یەکێک لە توێژینەوە نوێیەکان دەریدەخات کە ئاسیای باشور یەکێکە لەو ناوچانەی کە گەورەترین مەترسی لەسەرە بەهۆی ناڵاندان بە دەست زیانی ئابووری بەهۆی گۆڕانی کەشوهەوا.

ئەم مەترسییە هێندە زۆر بووە وەک هاوکارم (هاریس صمد) ئاماژەی پێکردووە، گۆڕانی کەشوهەوا دەتوانێت یەکێک لە چانسەکان بێت بۆ دروستکردنی گفتوگۆی نێودەڵەتی بنیادنەر لە باشوری ئاسیا لە ساڵی داهاتوودا. ئەو هۆکارە چییە کە وادەکات گفتوگۆکان بێئاکام بن؟ ئەم گفتوگۆیانە دەبێت لەنێو ڕێکخراوێکی کۆمەڵگەی مەدەنی بەڕێوە بچن، هەرچەندە حکومەتەکانی ئەم ناوچەیە هەموو دەرگا و سنورەکانیان بە ڕووی هاریکاری زانستیدا داخستووە. بەڵام هەر کارێکی هاوبەش و یەکگرتووانە -لە پرۆگرامی یەکگرتنی کەشوهەوا بۆ وتوێژی تایبەت و گشتی لەسەر بەشکردنی داتا و زانیاری بۆ بنیادنانی پێکهاتەیەک (هەیکەلیەتێک) بۆ بەرگریکردن لە گۆڕانی کەشوهەوا- دەبێتە دەسکەوتێک کە چەندەها ژیان لە مردن ڕزگار دەکات. هەروەها، لەسەر ئاستی ناوچەیی و ناوخۆییش وەک ڕێنیشاندەرێک دەبێت بۆ کارکردن لە دژی گۆڕانی کەشوهەوا سەرەڕای دابەشبوونی جوگرافی سیاسی (جیۆپۆلەتیکی).

**نوسینی:(عیرفان نورالدین)، بەڕێوبەری کارگێری، سەنتەری ئاسیای باشور.**
**وەرگێڕانی: مەڵبەندی دیراساتی گشتی**

سەرچاوە: www.atlanticcouncil.org

:Atlantic CouncilLink - ٢٠٢٣ risks and opportunities for ٢٣ The top

# دۆسییەی ژمارە

# لەشکرکێشی ڕووسیا بۆ سەر ئۆکراینا چی دەگەیەنێت بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست؟

نوسینی: کۆمەڵێك نووسەر
وەرگێڕانی: مەڵبەندی دیراساتی گشتی

هاوڵاتیانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکوری ئەفریقا هەست بە کاریگەرییەکانی شەڕی ئەوروپا لەسەر ئاستی ئاسایشی خۆراک و نرخی وزە و بازاڕی کارەکانیان دەکەن. ئەوان ماونەتەوە لە نێوان هاوسۆزی لەگەڵ ئۆکراینییەکان کە لە ماڵەکانیان و شارەکانیان هەڵدێن کە بەهۆی چەکی ڕووسیەوە وێرانبوونە و ئەمەش ئەوەی بیرهێنانەوە کە چۆن جیهان پشتی تێکردن، کاتێک تەنها چەند ساڵێک لەمەوبەر هەمان ئەو چەکانە سوریا و لیبیایان وێران دەکرد. لەلایەکی دیکەوە حکومەتە ناوچەییەکان، لەنێویاندا هاوپەیمانە تەقلیدییەکانی ئەمریکا، کە گرەوەکانیان لە نێوان ڕووسیا و کەمپی ڕۆژئاوا بە سەرۆکایەتی ئەمریکا دەپارێزن و لە کاتی خۆیدا یاری دەکەن بۆ ئەوەی باشتر کاریگەرییەکانی شەڕەکە هەڵسەنگێنن و ئەو سنووردارکردنانەی کە بەسەر ئابووریە شکستخواردووەکان و پێکهاتە سەرەتاییە کۆمەڵایەتیەکانیدا دەیسەپێنێت، ئاسانتر بکەن لە سەر هەرێمەکە.
شارەزایانی (سەنتەری لێکۆڵینەوەی کارنێگ) چاوێک بە چۆنیەتی وەڵامدانەوەی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکوری ئەفریقادا دەخشێننەوە لەسەر لەشکرکێشی ڕووسیا لە ئۆکراینا.

## میسر

جەنگی ڕووسیا لە ئۆکراینا، وڵاتی میسری ڕووبەڕووی دوو ئاڵنگاری سەرەکی و خێرا کردۆتەوە:
یەکەم: میسر لە پێشەنگی لیستی ئەو وڵاتانەدایە کە گەنم هاوردە دەکەن لە جیهاندا.
میسر کە پێشەنگە لە لیستی هاوردەکارانی گەنم لە جیهاندا کە لە ٨٥٪ ی گەنمی پێویست لە هەردوو وڵاتی ڕووسیا و ئۆکراینا پێکەوە بەدەستدەخات. وەک پێشبینی دەکرا، پچڕانی زنجیرەکانی بەرهەمهێنان و هەناردەکردنی گەنمی ئۆکراینا، هەروەها دەرئەنجامە سەختەکانی ئەو سزایانەی کە بەسەر چالاکییە ئابووری و بازرگانییەکانی ڕووسیادا سەپێنراون، بوونەتە هۆی بەرزبوونەوەی بەرچاوی نرخی گەنم لە سەرتاسەری جیهاندا.
لەبەر ئەم هۆکارەش حکومەتی میسر ناچار دەبێت زیاتر سەرچاوە داراییەکانی بۆ دەستەبەرکردنی و دابینکردنی گەنم و بەرپەرچدانەوەی مەترسییەکانی سەر ئاسایشی خۆراکی وڵاتەکەی بەکاربهێنێت.
ئەمەش بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ بەرزی ڕێژەی ئەو هەڵاوسانەی کە میسر بەدەستییەوە دەناڵێنێت، وا پێشبینی دەکرێت ئەمساڵ ڕێژەی هەڵئاوسان لە ٢,٣٪ بەرزبێتەوە بۆ لە ٧,٥٪، هەروەها دابەزینی بەهای جونەیهی میسری بە یەکێک لەو هۆکارانەی دیکە هەژمار دەکرێت، لە بەرزبوونەوەی نرخی کاڵا سەرەکییەکان، لەوانەش نان، کە بەهۆی ئەو ڕێکارانەی پێشتر ئاماژەیان پێدرا بۆ چاکسازی لە سیستەمی هاوکارییەکان، پێدەچێت لەلایەن حکومەتی میسرەوە سەرچاوەی دارایی زیاتر بۆ کۆنترۆڵکردنی نرخی خۆراک تەرخان بکرێت، بەتایبەتی کە لەئێستادا ڕێژەی هەژاری لەنێو دانیشتووانی گەلی میسردا نزیکەی لە ٣٠٪ یە.
ڕاگەیاندنی ئەم دواییەی حکومەتی میسر، سەبارەت بە ستراتیجی فراوانکردنی ڕووبەری ئەو زەویانەی کە بۆ چاندنی گەنم تەرخانکراون، پێدەچێت تا کۆتایی ساڵی ٢٠٢٤ بەرزبکرێتەوە

بۆ دوو ملیۆن دۆنم زەوی، ئەمەش بە ستراتیجییەکی مامناوەند دادەنرێت کە لەتوانادایە جێبەجێ بکرێت بۆ بەرزکردنەوەی ئاسایشی خۆراک لە میسر، بەڵام ئەمە نابێتە چارەسەرێکی بنەڕەتی بۆ ئەو دابەزینە لەناکاوەی کە ڕووبەڕووی گوزەرانی خەڵکی میسر بووەتەوە، بەهۆی شەڕی نێوان وڵاتانی ڕووسیا و ئۆکرایناوە.
دووەم: حکوومەتی میسر لە ساڵانی ڕابردوودا پەیوەندییەکی نزیک و پتەوی لەگەڵ وڵاتی ڕووسیا دروستکردووە، لەوانە: فرۆشتنی چەک و هاوکاری بۆ دروستکردنی وێستگەی ئەتۆمی لە باکوری ڕۆژئاوای وڵاتەکە و پتەوکردنی پەیوەندییە ئابووری و بازرگانییەکان.
هەروەها میسر خاڵە ستراتیجییەکانی لێکنزیکبوونەوەی لەنێوان هەڵبژاردنی سیاسەتەکانی لە سوریا و لیبیا و بەرژەوەندییە سیاسیەکانی حکومەتی ڕووسیای دۆزیەوە.
ڕاستییەکە ئەوەیە کە حکومەتی میسر بە بێدەنگی پشتگیری لە دەستێوەردانی سەربازی ڕووسیا کرد لە سوریا و ئامانجە سیاسییەکانی ڕووسیای قبوڵکرد، کە بریتی بوو لە پاراستنی دەسەڵاتی (بەشار ئەسەد)ی سەرۆکی سوریا. هەروەها هەردوو حکومەت پاڵپشتی ژەنەراڵ (خەلیفە حەفتەر) و هاوپەیمانەکانیانی لە لیبیا کرد و هاوکاری سەربازی و داراییشیان پێشکەش کردن.
بەڵام فراوانبوونی پەیوەندییەکانی میسر لەگەڵ ڕووسیا و یەکگرتنی سیاسەتەکانی هەردوو وڵات لە ناوچە جێناکۆکەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، هاوبەشی ستراتیجی میسری لەگەڵ ئەمریکا و یەکێتی ئەوروپا تێک نەدا.
شەڕی ئۆکراینا حکومەتی میسری ناچارکرد کە نەزانێ لەنێوان ڕووسیا و ڕۆژئاوادا کامیان هەڵبژێرێت و مانۆڕی دیبلۆماسی لەم ڕۆژانەی دواییدا لە کارنامەی سیاسەتمەدارانی میسردا جێگەی بایەخێکی زۆرە.
دوای چەند کاتژمێرێک لە دەنگدانی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ئیدانەکردنی لەشکرکێشی ڕووسیا بۆ سەر ئۆکراینا، حکومەتی میسر بەیاننامەیەکی بڵاوکردەوە و تیشکی خستە سەر ئەوەی کە پێویستە بەخێرایی چارەسەری بەرژەوەندییە ڕەواکانی ڕووسیا بکرێت لە ئاسایشی نەتەوەیی سەبارەت بە ئۆکراینا، هەروەها ڕەخنەی لەو سزایانە گرت کە لەلایەن وڵاتانی ئەمریکا و ئەوروپاوە بەسەر مۆسکۆدا سەپێندراوە و لە ڕوانگەی یاسای نێودەوڵەتییەوە بە نایاسایی لەقەڵەم دراوە. ئەگەر ڕووبەڕووبوونەوەی نێوان ڕووسیا و وڵاتانی ڕۆژئاوا بەردەوام لە پەرەسەندندا بێت، پێدەچێت حکومەتی میسر کەمتر توانای مانۆڕکردنی نێوان ئەو دوو وڵاتەی هەبێت و زۆر بەزوویی ناچار دەبێت لەنێوانیاندا لایەنێک هەڵبژێرێت.

**عەمر هەمزەوی.**

# ئێران

لەشکرکێشی ڕووسیا بۆ سەر ئۆکراینا وەرچەرخانێکی چاوەڕواننەکراوی لە کۆتا خولەکدا دروستکرد لە دانووستانەکان بۆ زیندووکردنەوەی ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکەی ئێران لە ساڵی ٢٠١٥دا.

(ئایەتوڵڵا خامنەیی) ڕێبەری باڵای ئێران، دیبلۆماتکارانی ئێرانی لە دانووستانی ڕاستەوخۆ قەدەغەکردووە لەگەڵ ئەمریکادا. مۆسکۆ لە ماوەی ساڵی ڕابردوودا وەک ناوەندێکی سەرەکی لەنێوان واشنتۆن و تاراندا کاریکردووە و ڕێبەریی دانووستانە ئەتۆمییەکانی بە ڕێگایەک کردووە کە لەو کاتەدا وا دیار بوو بەرەو کۆتایی خۆی بڕوات.

بەڵام لەنێوان هەڵمەتە کتوپڕ و گوشارە توندە جیهانییەکان لە دژی ڕووسیا، مۆسکۆ پێداچوونەوەی بە ڕۆڵی خۆیداکرد و بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ هەڕەشەی ئەوەی کرد کە ڕێککەوتنی ئەتۆمی ئێران دەخاتە مەترسییەوە بۆ ئەوەی بەرژەوەندییەکانی خۆی مسۆگەر بکات. ڕووسیا کە ئێستا جێگای ئێرانی گرتووەتەوە وەک سزادراوترین وڵاتی جیهان، دەیەوێت کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هەست بە کاریگەرییە ئابوورییەکانی گەمارۆی سەر نەوتی ڕووسیا بکات. لە ئەگەری ڕێککەوتنێکی ئەتۆمی کە کۆتایی بە گەمارۆی سەر نەوتی ئێران بهێنێت، ئەمە دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی کاردانەوەی دارایی جیهانی کە لە ئەنجامی دابڕانی ڕووسیادا دروست دەبێت.

هەروەها (ڤلادیمێر پوتین) سەرۆک کۆماری ڕووسیا درک بەوە دەکات کە زیندووکردنەوەی ڕێککەوتنی ئەتۆمی ئێران بۆ (جۆ بایدن) سەرۆکی ئەمریکا گرنگە زۆر زیاتر لەوەی کە بۆ خۆی گرنگە و هەست ناکات پێشکەوتنی ئەتۆمی ئێران مەترسی لەسەری دروست بکات و گۆشەگیرکردنی ئێرانیش سودی بۆ بەرژەوەندییەکانی ڕووسیا هەبووە: ئێران پشت بە تەکنۆلۆژیای پلە دووی ڕووسیا دەبەستێت، چونکە دوژمنی ئەمریکایە و ناتوانێت وەبەرهێنانی سەروەت و سامانە بەرفراوانەکانی لە بواری وزەدا بقۆزێتەوە و کورتی هێناوە لە کێبڕکێی مێژوویی نێوان خۆی و مۆسکۆ لە ئاسیای ناوەڕاستدا. لە ڕاستیدا یەکێک لە زانایانی ڕووسیا بە ناوی (ڕەجەب سەفارۆڤ) لێکۆڵەری باڵای ڕووسیا لە کاروباری ئێراندا، لە چاوپێکەوتنێکدا کە لەم دواییانەدا ئەنجامدراوە ڕایگەیاند «ئێرانێکی ڕۆژئاوایی بۆ ڕووسیا خراپتر دەبێت لە ئێرانێکی چەکداری ئەتۆمی و دەبێتە هۆی داڕمانی ڕووسیا».

ئەو پلانگێڕییانەی ڕووسیا بووەتە هۆی نوێبوونەوەی ئەو بێمتمانەییەی کە ژمارەیەکی زۆر لە هاووڵاتیانی ئێرانی لە مێژوودا بە دراوسێی باکوری ڕووسیا هەیانبوو. لە ساڵانی ١٨٠٠دا و لە سەدەی نۆزدەهەمدا ڕووسیای ئیمپڕاتۆریی بە زۆر دەستیگرت بەسەر زەوییەکانی قەفقازدا و کۆنترۆڵی ئەو زەویانەی لەژێر دەستی ئێران دەرکرد. لە ساڵی ١٩٤٦ هێزەکانی سۆڤیەت خاکی ئازەربایجانیان لە باکوری ڕۆژئاوای ئێران داگیرکرد و هەوڵیاندا بیخەنە ژێر ڕکێفی خۆیان، بەڵام بەهۆی هەوڵەکانی (هاری ترومان)، سەرۆکی ئەوکاتی ئەمریکا، لە ئازەربایجان دەرکران.

بەڕاستی ئەمە مێژوویەکی سەیرە کە ئەمڕۆ ڕووسیا و ئێران هاوبەشی ستراتیجین، لەکاتێکدا ئەمریکا و ئێران دوژمنایەتییەکی تاڵ لەنێوانیاندا هەیە. سەرەڕای ئەو قسە و باسانەی

کە دەڵێن ئەو بێمتمانەییە لەنێوان ڕووسیا و ئێران ڕەنگە ڕێخۆشکەربێت لە بەهێزکردنی هاوپەیمانی لەنێوان ئەمریکا و ئێراندا، بەڵام لەشکرکێشی ڕووسیا بۆ سەر ئۆکراینا نەبووە هۆی ڕێکخستنەوەی ئەو هاوپەیمانێتییە، بەڵکو بووە هۆی بەهێزکردنی ئەو هاوپەیمانییە جیهانیانەی کە لەئێستادا هەن. لە نەبوونی گۆڕانکاریی سەرکردایەتی لە مۆسکۆ یان تاراندا، جیاکردنەوە و نارەزایی ئەو دوو وڵاتە بەرامبەر بە ڕۆژئاوا دواجار دەبێتە هۆی ئەوەی کە وابەستەیی نێوانیان بەهێزتر بکەن نەوەک کەمیبکەنەوە.

**کەریم سەدجەدپوور.**

## ئیسر ائیل

پێش دیدارە کتوپڕەکەی سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیل (نەفتالی بینێت) لەگەڵ (فلادیمێر پوتین) بۆ مۆسکۆ لە ٥ی ئازاری ٢٠٢٢ ئەنجامدرا، کە سێ کاتژمێری خایاند، وای بۆ دەچن کە هۆکاری دوودڵی ئیسرائیل لە ئیدانەکردنی هێرشی ڕووسیا بۆ سەر ئۆکراینا و ناوهێنانی (پوتین)، خواستی ئیسرائیل بێت بۆ دوورکەوتنەوەی (پوتین) لە سوریا، هەروەها خەمی ئاسایش و خۆشگوزەرانی ئەو ١٥٠ هەزار جولەکەیەی بێت کە لە ڕووسیا دەژین. بەنزیکەیی، لە سەرەتای دەستپێکردنی قەیرانەکەوە ئیسرائیل هەوڵیداوە گرەوەکانی خۆی بپارێزێت.
دووبارە داواکارییەکانی ئۆکرایناى بۆ چەک ڕەتکردەوە، هەروەها ڕەتیشکردەوە دەنگبدات بۆ پشتیوانی لە بڕیارنامەیەکی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی کە ئیدانەی ئەو لەشکرکێشییە دەکات (هەرچەندە دواتر لە کۆبوونەوەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکاندا دەنگیدا)، هەروەها خۆی بەدوور گرت لە لێدوانی ئاشکرای ئیدانەکردنی ڕووسیا. (یایر لاپید) وەزیری دەرەوەی ئیسرائیل کە سەرەتا ڕەخنەی لە ڕووسیا گرتبوو لە دوای هێرشەکەی سەر کییڤ کە بەهەمان شێوە زیانی بە یادگاری هۆڵۆکۆست لە (بابی یار) گەیاند، ڕەتیکردەوە ناوی ڕووسیا بهێنێت و ئیدانەی بکات. لە سەرەتای دەستپێکردنی لەشکرکێشییەوە هیچ ئیدانەکردنی ڕووسیای بڵاونەکردووەتەوە. بەڵام لە بەرامبەر زیادبوونی فشارەکانی ئەمریکا لە هەفتەی ڕابردوودا، ئیسرائیل بە توندی ئیدانەی ڕووسیای کرد و ڕەزامەندی دەربڕی لەسەر چەسپاندنی نمایشی ئۆلیگارشیەکانی ڕووسیا کە لە ئیسرائیلەوە دەهاتن و دەگەڕانەوە.
وا دیارە لە ئێستادا بێلایەنی ئیسرائیل بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ خواستی (بینێت) بۆ ئەوەی دەرگاکە بە کراوەیی بهێڵێتەوە تا وڵاتەکەی ڕۆڵی نێوەندگیری لە قەیرانەکەدا بگێڕێت، بەتایبەت کە (زێلینسکی و پوتین) چەند جارێک لەگەڵیدا کۆبوونەتەوە.
بەڵام ئەگەر (پوتین) ئارەزووی گەیشتن بە ڕێککەوتنێکی هەبێت، ئەوا بەدوور نازانرێت ڕێگە بە بەرپرسانی ئیسرائیل بدات کە گرێبەستێکی پێشکەش بکەن، لەبری ئەوە پێی باشترە ئیمتیازات لە ئەمریکا و ناتۆ دەربهێنێت. جگە لەوەش (بینێت) دەبێت خۆی بپارێزێت لەوەی ببێتە بەشێک لە یاری درۆ و بوختانەکانی (پوتین). بەڵام پێدەچێت ئیسرائیل هێشتا بەرژەوەندیی هەبێت لە ڕۆڵی نێوەندگیری لە دابەشبوونی نێوان (پوتین) و ڕۆژئاوادا.

سوریا هێشتا خەمی سەرەکی ئیسرائیلە و ڕووسیا ڕۆڵێکی سەرەکی دەگێڕێت لە پێدانی دەرفەتی فراوان بۆ ئەوەی دژی سەروەت و سامانی ئێران و حزبوڵڵا لەوێ مامەڵە بکات.
بەڵام بە تێپەڕبوونی کات، ڕەنگە بۆ ئیسرائیل قورستر بێت ئەو هاوسەنگییە بپارێزێت لە مامەڵەکردن لەگەڵ قەیرانی ئۆکرایینادا. بە هەمان شێوە زۆرێک لە هاوبەشەکانی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وەک ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی و سعودیە، خۆیان لە تورەیی (پوتین) دەپارێزن. بەڵام ئەم وڵاتانە دیموکراسی نین و مێژوویەکی پڕ جەور و ستەمیان نییە وەکو ئەوەی کە دەوڵەتی ئیسرائیل و گەلی جوو بە ڕابردووی خوێناوی ئەوروپا دەبەستێتەوە. ئیسرائیل، وەک هاوپەیمانێکی نزیک لە ئەمریکا، ڕەنگە ناچار بێت هەڵبژاردنی خۆی بکات، بەتایبەتی ئەگەر دۆخەکە لە ئۆکرایینا بگۆڕێت بۆ ململانێی نێوان هاوپەیمانەکانی ناتۆ کە ئەمریکا و ڕووسیا سەرۆکایەتی دەکەن.

**ئارۆن دەیڤد میلەر.**

## لیبیا

لە لیبیا، قەیرانی ئۆکرایینا کاریگەریی ستراتیجی جوگرافی و سیاسی و مرۆیی دوور مەودای دەبێت و ئەمەش هاوکاتە لەگەڵ ساتێکی زۆر دیاریکراو لە وڵاتەکەدا کە لە قۆناغی دوای شۆڕشەوە ڕووبەڕووی بووەتەوە.
لەماوەی شەڕی ناوخۆی ٢٠١٩-٢٠٢٠دا، بەکرێگیراوانی ڕووسیا لە گروپی ڤاگنەر کە پەیوەندییان بە کرێملینەوە هەیە، جگە لە کارمەندە سەربازییە ئاساییەکان، دەستوەردانیان کرد لە بەرژەوەندی (خەلیفە حەفتەر)، فەرماندەی میلیشیاکان، کە بنکەکەی لە ڕۆژهەڵاتی ئەو وڵاتەیە. شەڕەکە بە جێگیرکردنی هەزاران شەڕکەری ڕووسی، جگە لە فڕۆکە جەنگییە پێشکەوتووەکان و کەرەستەی سەربازیی دیکە، لە شوێنە دامەزراوەکانی دەوروبەری کێڵگە نەوتییەکان و لە بنکە ئاسمانییەکانی سەرتاسەری وڵات کۆتایی هات.
لە ناوەڕاستی ململانێی ئۆکرایینادا، هێزەکانی ڕووسیا بە سەدان ڕاوێژکاری تورکیا و هەزاران سەربازی بەکرێگیراوی سوریا کە لەلایەن تورکیاوە پشتگیری دەکران، لە ڕۆژئاوای لیبیا جێگیرکرد. ڕاستی دۆخەکە لەوەدایە کە ئێستا کاریگەری ستراتیجی لە لایەنی باشوری ناتۆ بۆ ڕووسیا دابین دەکات، لەگەڵ هێشتنەوەی توانای بەرهەمهێنانی نەوت لە مەترسیدا. جگە لەوەش، بوونی لە ناوچەکانی لیبیا تەختەیەکی پەڕینەوەی بە مۆسکۆ بەخشی بۆ بەکارهێنانی کاریگەرییەکانی و نائارامی لە وڵاتانی ساحل لە باشوور. بەڵام لەگەڵ بەردەوامبوونی زیانەکانی ڕووسیا لە ئۆکرایینا، ئەگەری ئەوە هەیە کە ناچار بێت ئەندامانی گروپی ڤاگنەر و کەرەستە سەربازییەکانی لە لیبیا بۆ بەرەی جەنگی ئۆکرایینا بگوازێتەوە.
هەماهەنگی نێوان ڕووسیا و تورکیا لە لیبیا، یەکێک بوو لەو هۆکارانەی کە ڕێگری لە سەرهەڵدانی خولێکی دیکەی شەڕ لەنێوان کوتلە سیاسییەکانی لیبیا لە ناوچە جۆربەجۆرەکانی ئەو وڵاتەدا کرد. پێدەچێت ئەم هەماهەنگییە بۆ ماوەیەکی کورت بەردەوام

بێت، بەو پێیەی هەردوو وڵاتی مۆسکۆ و ئەنقەرە بەرژەوەندییان هەیە لە بەکارهێنانی مانۆڕی دیبلۆماسی بۆ گەیشتن بە ئامانجە ئابووری و سیاسییەکانیان لە لیبیا.
تورکیا سەرەڕای پاڵپشتییە سەربازییەکانی بۆ ئۆکراینا، ئاگاداری کردنەوەی دەرفەتی زیاترە بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ڕووسیا، لەم دواییانەشدا هەڵوێستی نێوەندگیری وەرگرتووە. بەڵام لە ماوەیەکی دووردا، ڕەنگە بڕیاری خۆگرتن لە لیبیا ڕووبەڕووی تاقیکردنەوەیەکی توند ببێتەوە، بەتایبەتی ئەگەر ڕووسیا بڕیاری پێشڕەوی بدات، ئەگەر تورکیا هەڵوێستێکی توندتر نیشان بدات بەهۆی وەرگرتنەوەی هێزەکانی ناتۆ، یان ئەگەر کەمپی ڕکابەرەکانی لیبیا پەنا بۆ هێزی سەربازی ببەن. ئەم مەترسییەی دواییش بەهۆی ڕووبەڕووبوونەوە لە تەرابلوس لەنێوان دوو کاندید کە کێبڕکێیان لەسەر پۆستی سەرۆک وەزیران کردووە، خراپتر بووە، کە دەزانن ئێستا مانۆڕکردن و مامەڵەکردن زاڵن بەسەر گۆڕەپانەکەدا. لە دەرەوەی ئەم کاریگەرییە ستراتیجییانە، شەڕی ئۆکراینا بەردەوامە، ئەمەش سەختی ئابووری هاووڵاتیانی لیبیا زیاتر دەکات. ئەمەش بەتایبەتی لە سنووردارێی یەدەگی خۆراکدا بەدەردەکەوێت: لیبیا نزیکەی لە ٧٥٪ی پێویستییەکانی گەنم لە ئۆکراینا یان ڕووسیا هاوردە دەکات و بە لەبەرچاوگرتنی گەنمی یەدەگ، دەبێت پارەی زیاتر بدات بۆ ئەوەی پشکی خۆی لە سەرچاوەی هاوردەکردنی جێگرەوە وەک بەرازیل و ئەرجەنتین دەستەبەر بکات. ئەمەش دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی نرخی خۆراک و کە ڕەنگە ببێتە هۆی فشاری زیاتری جەماوەریی لەسەر حکومەتی تەرابلوس کە ئەمەش هیچ جموجۆڵێکی تێدا بەدی ناکرێت.
لەسەر ئاستی وزەش، چاوەڕوانییە سەرەتاییەکان ئاماژەیان بە زیادبوونی خواست لەسەر نەوتی خاوی لیبیا کرد بەهۆی شەڕی ئۆکراینا، بەڵام بەریەککەوتن لەگەڵ خاوبوونەوەی پێشبینیکراوی گەشەی ئابووری جیهانی، بەهەمان شێوە بەکارهێنانی لێشاوی نەوت وەک چەک لە دەستی فراکسیۆنەکانی لیبیا زیاد دەکات، کە ئەوان جار جار ڕایدەگەیەنن، وەک ئەوەی لەم دواییانەدا ڕوویدا کاتێک گروپێکی چەکدار دوو کێڵگەی گەورەی نەوتیان بۆ ماوەیەکی کورت داخست.

**فرێدریک وێری.**

## فەڵەستین

کاردانەوەکانی فەڵەستینییەکان بەرامبەر ڕووداوەکانی دوای لەشکرکێشی ڕووسیا بۆ سەر ئۆکراینا ناکۆکی لێکەوتۆتەوە.
گومانی تێدا نییە کە فەڵەستینییەکان هەستێکی هاودەنگییان لەگەڵ ئۆکراینییەکان ئەزموونکردووە. بەتایبەتی فەڵەستینییەکان لە غەززە بەڕوونی ئاگاداری ترسناکی سوپای داگیرکەرن کە بیناکانی نیشتەجێبوون وێراندەکەن، یان درک بە مانای بێبەشکردنیان لە ژێرخانی ئاو و کارەبا و پەیوەندییەکان وەک جۆرێک لە سزای بەکۆمەڵ دەکەن. زۆربەی خێزانە فەڵەستینییەکان حەوت دەیەیە وەک پەنابەر دەژین، یان دووبارە ئاوارەبوونی زۆرەملێ

و ئازاری هەڵاتن لە ماڵەکانیان لەگەڵ منداڵەکانیاندا ئەزموونکردووە، بەبێ ئەوەی بزانن کەی دەگەڕێنەوە یان ئایا دەگەڕێنەوە.

ڕاستە فەڵەستینییەکان بەشێوەیەکی سروشتی لەگەڵ ئۆکرانییەکان هاوخەمن، بەڵام سەریان سوڕما لەو خێرایی و ڕوونییەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کە لە وەڵامدانەوەی هێرشەکەی ڕووسیادا نیشانیدا، جا چ لە دووپاتکردنەوەی ئەوەی کە بەرخۆدانی ئۆکراینا بە هەموو شێوەکانیەوە ڕەوا و قارەمانانە بێت، یان لە داننان بەوەی کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەرپرسیارێتی گرتنەبەری ڕێوشوێنی بەرپەرچدانەوەی لە ئەستۆدایە. لەڕاستیدا ئەمریکا دژایەتییەکی توندی بۆ هەڵمەتەکانی بایکۆت بە سەرکردایەتی کۆمەڵگەی مەدەنی بۆ پشتیوانی لە مافەکانی فەڵەستین و هەروەها دەستپێشخەری دیبلۆماسی و یاسایی لە نەتەوە یەکگرتووەکان و دادگای تاوانە نێودەوڵەتییەکان بۆ کۆتاییهێنان بە داگیرکارییەکانی ئیسرائیل بۆ سەر زەوییە فەلەستینییەکان دەربڕیوە.

نەبوونی یەکگرتوویی سیاسەتی ئەمریکا لەم دواییانەدا لەلایەن ئەنجومەنی مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە دەرکەوت، کاتێک (ئانتۆنی بلینکن) وەزیری دەرەوەی ئەمریکا داوای لە ئەنجومەنەکە کرد ئیسرائیل بە تەنیا جێبهێڵێت، هاوکات داوای لێپرسینەوەی لە ڕووسیا کرد. وە تەنها چەند ڕۆژێک دوای دەستپێکردنی لەشکرکێشی ڕووسیا، ئەمریکا هەناردەی پاڵاوگەکانی نەوتی ڕووسیای سنووردار کرد و ئاسمانی خۆی بەڕووی هێڵە ئاسمانییەکانی ڕووسیادا داخست و پلانی دەستبەسەرداگرتنی سەروەت و سامانی ئۆلیگارشیەکانی ڕووسیای دارشت و پاڵپشتی لە کردەوەی دادگای تاوانی نێودەوڵەتی دژی بەرپرسانی ڕووسیا کرد.

هەروەها هەندێک لە ئەندامانی کۆنگرێس دەیانەوێت ڤیزە لە خوێندکارە ڕووسییەکان وەربگرنەوە. سەرەڕای ئەوەش، ئیدارەی سەرۆک (جۆ بایدن) بەردەوامە لە هاوردەکردنی ئەو کاڵایانەی کە لە شوێنە نایاساییەکانی ئیسرائیل بەرهەم دەهێنرێن وەک خۆدزینەوەیەک کە بە شێوەیەکی کاریگەر دەگاتە قاچاخ و تەنانەت بەبێ ئەوەی باجی گومرگی بدات هاوردەیان دەکات و ئەم بەرهەمانە لەسەریان نووسراوە «دروستکراوی ئیسرائیل».

هەروەها ئەمریکا کەمکردنەوەی باج دەدات بەو ڕێکخراوە ناحکومیانەی کە پشتگیری لە نیشتەجێبوون دەکەن لە کەناری ڕۆژئاوای داگیرکراو هەروەها بەپێی زانیارییەکان فشار دەخاتە سەر فەڵەستینییەکان بۆ پاشەکشەکردن لە هەوڵەکان بۆ پاڵنانی دادگاییکردنی گومانلێکراوەکانی تاوانی جەنگی ئیسرائیل لەبەردەم دادگای تاوانە نێودەوڵەتییەکان. ئیدارەی (بایدن) جگە لە دژایەتیکردنی بزوتنەوەکانی بایکۆت، وەدەرنانی و گەمارۆکان (BDS)، پێناسەیەکی دژە جووگەراییشی گرتۆتەبەر کە ڕەخنەگرتن لە سیاسەتەکانی داگیرکاری ئیسرائیل وەک جۆرێک لە وتاری ڕقاوی دەبینێت.

ڕووسیا ئاگاداری بە سیاسیکردنی لێپرسینەوە و مامەڵەی تایبەتی ئیسرائیل بووە، تەنانەت لەکاتێکدا لەم دواییانەدا بەردەوامە لە پراکتیزەکردنی ڕەگەزپەرستی، پێدەچێت ئەمە ببێتە ئاڵنگاری هەوڵەکانی ئیدارەی (بایدن) بۆ دووبارە بنیادنانەوە و گەڕانەوەی ڕێز بۆ سیستەمی نێودەوڵەتی کە لەسەر کۆمەڵێ یاسا و ڕێسا و پرەنسیپ دامەزراوە.

**زەها حەسەن.**

## عەرەبستانی سعودی

سعودیە نایەوێت هاوبەشییەتی لەگەڵ مۆسکۆ لەدەستبدات لە پێناو هاوپەیمانەکانی لە واشنتۆن. دوای دەستپێکردنی شەڕی ئێستای ڕووسیا لە ئۆکراینا، سەرکردایەتی سعودیە زیاتر خۆی دەپارێزێ لە ناردنی پەیام بۆ ئیدارەی (جۆ بایدن) سەرۆکی ئەمریکا و بێئاگا نییە لە بەهای لایەنگری لەم ململانێیەدا. هەرچەندە بڕیاری فراوانکردنی گروپە هاوبەشە نێودەوڵەتییەکانی شانشینەکە لە قۆناغی گرژییەکانی دوای لەشکرکێشی عێراق لەگەڵ ئەمریکادا درا، بەڵام بووەتە سیاسەتێکی دامەزراو کە پەیوەندی بە ڕۆژئاوا و هەروەها ڕووسیاوە هەیە.
بۆ نموونە لە ساڵی ٢٠٠٧ (ڤلادیمێر پوتین) بووە یەکەم سەرکردەی ڕووسیا کە بە فەرمی سەردانی سعودیە بکات. دوای دە ساڵ (شا سەلمان بن عەبدولعەزیز ئال سعود) بووە یەکەم پاشای سعودیە کە بە فەرمی سەردانی دەوڵەتی ڕووسیای کرد. کە سەردانی دیکە و هەروەها کۆبوونەوەی دووقۆڵی بە سەرۆکایەتی کوڕەکەی شازادەی جێنشین (محەمەد بن سەلمان)ی بەدوای خۆیدا هێنا. کاتێک (پوتین) لە ساڵی ٢٠١٩ سەردانی شانشینی سعودیەی کردەوە، پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو وڵات بەهێواشی بەڵام دڵنیایانە بەرەو پێشەوە دەچوون. ئەوەی جێگای سەرنجە، ئەو سەردانە لەکاتێکدا بوو کە پەیوەندییەکانی سعودیە لەگەڵ ڕۆژئاوا بەهۆی کوشتنی (جەمال خاشقچی) ڕۆژنامەنووسی سعودی لە ڕادەبەدەر ئاڵۆز بوو. لە ساڵی ٢٠٢١ هەردوو وڵات ڕێککەوتنێکیان سەبارەت بە هاوکاری سەربازی واژۆکرد. بەڵام پێشکەوتنی پەیوەندییەکانی سعودیە و ڕووسیا هەمیشە لەژێر سێبەری پەیوەندییەکانی شانشینەکە لەگەڵ ئەمریکادا بووە، وەک لە جێبەجێنەکردنی پلانی سعودیە بۆ کڕینی سیستەمی بەرگری ڕووسیا لە ساڵی ٢٠١٧دا دەرکەوتووە. سعودیە بەرژەوەندییەکی بنچینەیی بێهاوتای لەگەڵ ئەمریکادا هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا سیستەمی بەها سیاسییەکەی لە سیستەمی بەها سیاسییەکانی ڕووسیا نزیکترە، سەرەڕای کەمبوونەوەیەکی بەرچاو و خاوبوونەوەی خێرایی پەیوەندییە ئابووری و سیاسی و سەربازییەکانی نێوانیان.
کاردانەوەکانی واشنتۆن بەرامبەر بە سیاسەتەکانی سعودیە لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا، هەروەها لە چوارچێوەی دیاریکردنی شەڕی ئێستای ڕووسیا دژی ئۆکراینا وەک «شەڕی نێوان دیموکراسی و خۆسەپێنەکان»، شانشینییەکەی خستە سەر هەمان ڕێبازی ڕووسیا. لە دەرەوەی سازانی نێوان سەرکردە سیاسییە بەهێزەکان و هاوبۆچوونەکان لە ڕیاز و مۆسکۆ، ئەو دوو وڵاتە بەرژەوەندی نیشتمانی و سەربەخۆیان هەیە و هەڵوێستی کەم بەڵام بەرچاویان لە سیاسەتی دەرەوە هەیە، وەک لە یەمەن. گرنگترینیان ڕێککەوتنی ئۆپێکە کە دوو حکومەت سەرکردایەتی دەکەن و دوو دەرئەنجامی بەرچاوی بۆ سعودیە هەیە:

یەکەم: سوتەمەنی و کاریگەری لێکەوتە ئابوورییەکانی پەتای کۆڤید-١٩یە.

دووەم: کاریگەرییە بنچینەییەکانی سعودیە لە پەیوەندییە نائارامەکانی لەگەڵ (بایدن)دا. لەکاتێکدا سعودیە هەوڵی جددی دەدات بۆ باشترکردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەمریکادا بە هۆی کێشەی کەمی متمانەوە، هەروەها ناتوانێت بەتەواوی بیر لە مۆسکۆ بکاتەوە، بەڕاستی (پوتین) سەلماندویەتی کە هاوپەیمانێکی جێی متمانەیە بۆ دۆستە دیکتاتۆرەکانی، وەک (بەشار ئەسەد) سەرۆکی سوریا، لەکاتێکدا ئەمریکا ڕێگەی بە (حوسنی موبارەک) سەرۆکی پێشووتری میسر و شای ئێراندا پێش ئەو بکەون. بەڵام (پوتین) ئامادە نییە پەیوەندییەکانی ڕووسیا لەگەڵ ئێران کە بەهێزترین دوژمنی سعودیەیە بکاتە قوربانی و سەلماندویەتی کە ئامادەیە فشار بخاتە سەر سعودیە لە بازاڕی نەوتدا. ئەگەر پاڵنەرێک بێتە پێش، ئەوا سعودیە بەردەوام دەبێت لە هەڵبژاردنی ئەمریکا لەجیاتی ڕووسیا، بەڵام ڕیاز دڵنیا بۆتەوە لەوەی واشنتۆن چیتر بە شتێکی ئاسایی وەرینا‌گرێت.

**یاسەمین فاروق.**

## سوریا

شەڕی ئۆکراینا گورزێکی گەورەیە بۆ پەیوەندییەکانی نێوان ڕووسیا و ڕۆژئاوا و هیچ گەڕانەوەیەک نامێنێت بۆ ئەو شێوازانەی کە پێشتر هەبوون. بەڵام کاریگەرییەکانی لەسەر سوریا لە ڕووی ستراتیجییەتی ناوچەیی و ئەمنییەوە زۆر سنووردار دەبێت. هەروەها وتمان، ئەوەی لەئێستادا دڵنیاین لێی ئەوەیە کە ئامادەبوونی ڕووسیا لە سوریا تەنها بەرژەوەندییەکی ستراتیجی نییە بۆ مۆسکۆ، بەڵکو پێویستییەکی بوونگەرایيە. پێویستە بوونی سەربازانی ڕووسی لە ڕۆژئاوای سوریا لە دوو چوارچێوەدا لەبەرچاو بگیرێت: یەکەمیان چوارچێوەی شەڕی سوریا و ڕەهەندە ناوچەییەکانی و دووەمیان شوێنی سوریایە کە ڕووی لە ڕۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاستە.
لەم ساڵانەی دواییدا لە سوریا کرێملین ڕۆڵی گرنگی هەبووە هەم وەک میانگیر و هەم وەک دانووستانکار. پرۆسەی سیاسی بە پاڵپشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بە ئاسانکاری ڕووسیا ئەنجامدرا، کە مۆسکۆ پێشکەشی کرد بە مەبەستی ڕازیکردنی ڕژێمی (بەشار ئەسەد) سەرۆکی سوریا بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ ئۆپۆزسیۆن. کاربەدەستانی ڕووسیا لە هەمان کاتدا پەرەیان بە چوارچێوەیەکی نوێدا بۆ یەکلاییکردنەوەی ئەمنییەتی نێوان ئەنقەرە و دیمەشق بەدرێژایی سنوری تورکیا و سوریا. هەردوو وڵات لە ڕێڕەوی سیاسی و ئەمنیدا وەستاون و ململانێی سوریاش چووەتە قۆناغێکی چەقبەستووەوە.
هاوکات، لە ساڵی ٢٠١٥وە، ستراتیجییەکی باڵا هەبووە لە بوونی سەربازانی ڕووسیا لە بنکەی ئاسمانی حمەیمیم لە سوریا، کە ڕووی لە دەریای ناوەڕاستە. نەک هەر چاوپۆشی لە پرۆژەکانی گەڕان بەدوای غاز لە ڕۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاست دەکات، بەڵکو ڕێگە بە ڕووسیا دەدات کاریگەری لەسەر وڵاتانی دەرەوەی کۆماری یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو هەبێت، ئەمەش نوێنەرایەتی پچڕانێک دەکات لە جیاکردنەوەی ڕووسیا لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی. هەروەها

ئەم ناوچەیە دەکەوێتە دڵی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و پەیوەندی ڕاستەوخۆی لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکە هەیە، لەوانەش دەوڵەتانی کەنداو میسر، ئیسرائیل، تورکیا. هەردوو پرۆسەی سیاسی لە سوریا و بنکەی سەربازی ڕووسیا گرنگییەکی باش بە مۆسکۆ دەدەن لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە ناتوانرێت پشتگوێ بخرێت. کرێملین لەڕێگەی پاراستنی ڕژێمی ئەسەد و هاوپەیمانەکانی ناوچەکە تا دێت زیاتر بەشداری لە ناوچەی عەرەبیدا دەکات، کە هەموو ئەمانە لە داهاتوودا لێکەوتەی زۆریان دەبێت. بەڵام لە هەمان کاتدا ئەم بەشداربوونە باجی هەیە. هەرێمەکە لەبەردەم گۆڕانکارییەکی بەرچاودایە لە کایەی سیاسی خۆیدا، ڕەوشێکی ئەمنی ناسەقامگیر دروست دەکات کە فشارێکی زیاتر دروست دەکات لەسەر کرێملین و ناچاری دەکات لەسەر ئاستی ناوخۆیی زیاتر سەرقاڵ بێت.

**خدر خەدوور.**

## تونس

تونس بە دوو شێوازی سەرەکی هەستی بە کاریگەری شەڕی ڕووسیا لە ئۆکراینا کردووە: لە ڕووی ئابووری و دیبلۆماسییەوە. تونس کە ئابوورییەکەی لە ئێستاوە لە ژێر فشارێکی زۆردایە و نزیکەی لە ٨٠٪ی گەنمی وڵاتەکەی لە ئۆکراینا بەدەست دەهێنێت. لە ئەنجامی ئەو ململانێیەدا، نرخی گەنم لە تونس بەرزترین ئاستی تۆمارکردووە لە ماوەی ئەم چواردە ساڵەدا، ئەمەش وایکردووە کە تواناى کڕینی نان و خواردنە سەرەکییەکانی دیکە بۆ خێزانە تونسییەکان قورستر بێت. هەروەها تونسییەکان هەست بە ئازاری بەرزبوونەوەی نرخی نەوت لە جیهاندا دەکەن. حکومەتی تونس کە پاڵپشتی سوتەمەنی دەکات، پلانی بودجەی خۆی لە دەوری نرخی ٧٥ دۆلار بۆ هەر بەرمیلێک نەوت دانابوو. بەڵام بەهۆی ئەوەی نرخی نەوت لە دەوروبەری ١٠٠ دۆلار بۆ هەر بەرمیلێک بوو حکومەتی تونس ناچار بوو لە مانگی شوباتدا دووجار نرخی سوتەمەنی بەرزبکاتەوە، ئەمەش هەوڵێک بوو بۆ کۆنترۆڵکردنی کورتهێنانی بودجەی گەورەی وڵاتەکەی.

لە ئێستادا تونس لە ناوەڕاستی دانووستاندایە لەگەڵ سندوقی دراوی نێودەوڵەتی سەبارەت بە کۆمەڵە بابەتێک کە یارمەتیدەر دەبێت لە چارەسەرکردنی کێشەکانی وڵاتەکە و چەندین ئاڵنگاری بێشوماری ئابووری دیکە کە ڕووبەڕووی وڵاتەکە دەبێتەوە، وەک بەرزبوونەوەی ئاستی بێکاری. بەڵام وەرگرتنەوەی دەسەڵات لەلایەن سەرۆک (کایس سەعید)ەوە لە ٢٥ی تەممووزی ٢٠٢١ و پاشەکشەی تاکڕەوانەی، وڵاتەکەی خستۆتە دۆخێکی سەختەوە لەگەڵ پاڵپشتە ڕۆژئاواییەکان، ئەمەش دانووستانەکانی سندوقی دراوی نێودەوڵەتی ئاڵۆزتر کردووە. جگە لەوەش پەیوەندی (سەعید) لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژئاوا خراپتر بووە بەهۆی وەڵامدانەوەی دیبلۆماسی تونس بۆ لەشکرکێشی ڕووسیا. تونسیش وەک زۆرێک لە وڵاتانی تری دراوسێی، هەوڵدەدات پەیوەندییەکانی لەگەڵ ڕووسیا باش بڕوات، کە بۆ بواری گەشتیاری و بازرگانی پشتی پێدەبەستێت، هەروەها خۆیان بە دوور بگرن لە خۆ نامۆکردنیان بە ئەمریکا و ئەوروپا، کە پشتگیری دارایی و دیبلۆماسییان زۆر گرنگ دەبێت بۆ ئەوەی ئابووری تونس بە

باشی بمێنێتەوە.
" لە بواری دیبلۆماسیدا، شکستی تونس لە دژایەتیکردنی ئاشکرای لەشکرکێشی ڕووسیا بۆ سەر ئۆکراینا، تورەیی ڕۆژئاوای بە دوای خۆیدا هێنا. لە ٢٨ی شوباتدا باڵیۆزی یەکێتی ئەوروپا لە تونس بانگەوازی بۆ بێلایەنی تونس کرد و ڕایگەیاند کە"بێلایەن مانەوە لەنێوان دەستدرێژکار و قوربانیدا هەڵوێستە". تونس دەنگی بە بڕیارنامەی ٢ی ئازاری ئەنجومەنی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکاندا کە ئیدانەی لەشکرکێشیەکانی ڕووسیا بۆ سەر ئۆکراینا دەکات. بەڵام چەند ڕۆژێک دواتر لەگەڵ پێشوازیکردن لە باڵیۆزی نوێی ڕووسیا لە تونس، وەزیری دەرەوەی تونس (عوسمان جێراندی) تیشکی خستە سەر گرنگی پەیوەندی نێوان هەردوو وڵات و خواستی تونس بۆ بەهێزکردنی ئەو پەیوەندییە نەک بەتەواوی ئەو پێشوازییە باشەی کە ڕۆژئاوا بەدوایدا دەگەڕێت بۆ ڕووسیا.
پێویستە حکومەتەکەی (سەعید) بە وردی بیر لەوە بکاتەوە کە ئامادەیە چ باجێک بدات بۆ بەردەوامبوون لە ئارامگری بۆ ڕووسیا لە بەرامبەر ئۆپۆزسیۆنێکی یەکگرتوو و بەهێزی ڕۆژئاوادا. لە کاتێکی ئاوا ناسکدا، ڕەنگە قسەکردنەکانی تونس لەسەر ڕووسیا باجێکی وای هەبێ کە وڵاتەکە بەرگەی نەگرێت.

**سارا یرکس.**

## تورکیا

لەگەڵ بەردەوامبوونی لەشکرکێشییەکانی ڕووسیا بۆ ئۆکراینا، تایبەتمەندییەکی سەرەکی ستراتیجی وڵاتی تورکیا ڕوونبۆوە: کۆنترۆڵکردنی کەناراوەکانی دەریای ڕەش. ئەمەش دەبێتە هۆی داخستنی بەندەرەکانی سنوری ئۆکراینا و دەستپێکی پەیوەندی بەردەوام لەنێوان ڕووسیا و ناوچەی ترانسنیستریای جیابووەوە لە مۆڵدۆڤا، کە هێزەکانی ڕووسیا لە ئێستاوە لە ئامادەباشیدان و لە کۆتاییدا هاوسەنگی سەربازی لە دەریای ڕەشدا زیاتر لە بەرژەوەندی ڕووسیادا دەبێت.
پێش لەشکرکێشی ڕووسیا بۆ سەر ئۆکراینا، ڕووسیا پێگەی هێزی دەریایی خۆی لە دەریای ڕەشدا بەهێزکردبوو دوای داگیرکردنی کریمیا لە ساڵی ٢٠١٤، توانای دەستگەیشتن بەو ناوچەیە و ڕەتکردنەوەی ناوچەیی (AD/A٢) ڕاگەیاند و سیستەمی موشەکی لە ناوچەکە جێگیرکرد، کە تاڕادەیەکی باش باڵادەستی خۆی لە بواری دەریایی و ئاسمانیدا دەستپێکرد. تورکیا وەک هاوپەیمانێکی ناتۆ پێویستە ئاگاداری ئەمە بێت. کە ئیمپڕاتۆریەتی داگیرکاری ڕووسیا و ئیمپڕاتۆریەتی عوسمانی مێژوویەکی کۆنیان هەیە لە ڕووبەڕووبوونەوەی سەربازیی. لەکاتی ڕاگەیاندنی بڕیاری داگیرکردنی ئۆکراینا، سەرۆکی ڕووسیا (ڤلادیمیر پوتین) قسەکانی خۆی خستە ڕوو و ئاماژەیدا بە شکستی ڕووسیا لەگەڵ عوسمانییەکان و داگیرکردنی ناوچەکانی دەوروبەری دەریای ڕەش.
لە ساڵی ٢٠١٦دا، (ڕەجەب تەیب ئەردۆغان)، سەرۆک کۆماری تورکیا ناڕەزایی دەربڕی لە

گۆڕینی «دەریای ڕەش» بۆ «دەریاچەی ڕووسیا» و باسیشی لە ئامادەنەبوونی ناتۆ کرد. بەڵام لەو کاتەوە پەیوەندییەکانی تورکیا لەگەڵ ڕووسیا بەشێوەیەکی بەرچاو پەرەیسەندووە و لەم سەردەمەدا ئەنقەرە پێی باشە لەسەر ئەو پرسە بێدەنگ بێت.
هەروەها لەشکرکێشییەکەی ڕووسیا پلانەکانی تورکیای بۆ فراوانکردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئۆکراینا تێکداوە، بەتایبەت لە بواری پیشەسازیی بەرگریدا. لەئێستادا ئابووری تورکیا لە قەیراندایە و فشارەکانی ڕووسیا لەسەر تورکیا کاریگەری هەیە بەهۆی پشتبەستنی بە وزە و تواناکانی مۆسکۆ کە زۆر بەئاسانی و بە بەهێزی دەتوانێت هێزەکانی لە سوریا بجوڵێنێت کە ئەمەش بەتەواوی ڕێگرە لە بەردەم ئەنقەرەدا. سەرەڕای ئەوەش تورکیا بە توندی وەستایەوە لە بەرامبەر لەشکرکێشییەکەی ڕووسیا و بە کردەوەی شەڕ ناویبرد و پێشمەرجی لەشکرکێشییەکەی ڕەتکردەوە و تەنانەت بەندەرەکانی تورکیای بەڕووی کەشتییە دەریاییەکانی ڕووسیادا داخست. بەڵام هەرچۆنێک بێت بە وریاییەوە لە سزاکان دوورکەوتۆتەوە بۆ ئەوەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ مۆسکۆ لەناونەچێت. ئەمە شتێکی تێگەیشتوانەیە بەڵام ئەمە نابێتە هۆی دوورکەوتنەوەی ویستی تورکیا بۆ ستراتیجییەکانی دژ بە پێشڤەچوونەکانی ڕووسیا لە دەریای ڕەشدا. دەتوانێت زۆر بەخێرایی ئەو کارە بکات، بە سێ شێوە:

١.بە توندی پابەندبوون بە داخستنی بەندەرەکان. ڕووسیا تواناکانی تورکیا تاقیدەکاتەوە و ئەنقەرە دەبێت لەسەر بڕیارەکەی بوەستێت تا ئەو کاتەی کە دۆخی شەڕ بوونی هەبێت. هەروەها دەتوانێت خزمەتێکی باشی تورکیا بکات بۆ ئەوەی بە وردی پشکنین بۆ هەوڵەکانی ڕووسیا بکات بۆ خراپ بەکارهێنانی بڕگەکانی ڕێککەوتننامەی مۆنترۆکس سەبارەت بە گواستنەوەی ژێردەریاییەکان.
٢.زیادکردنی هەوڵەکان بۆ کۆکردنەوە و هاوبەشکردنی داتاکان لەگەڵ هاوپەیمانەکان. ئاگاداری لە دۆخی دەریایی و ئاسمانی لە دەریای ڕەشدا هێندەی تر گرنگتر بووە.
٣.پڕکردنەوەی تواناکانی ناتۆ بۆ کورتهێنان. بەپێی ڕێککەوتننامەی مۆنترۆکس تورکیا دەتوانێت یارمەتی پڕکردنەوەی کەموکورتی هێزە دەریاییە وەستاوەکانی ناتۆ بدات کە چاودێری دەریای ڕەش دەکەن و پشتگیری لە جێگیرکردنی سەربازی ناتۆ بکات لە داهاتوودا.

**ئەڵپەرکۆشکون.**

## کاریگەرییە ناوچەییەکان

لەشکرکێشی ڕووسیا بۆ سەر ئۆکراینا لە سێ بواری سەرەکیدا کاریگەری لەسەر ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکوری ئەفریقا هەیە: دانووستانی سیاسی و ڕووداوی سەربازی، هاوکاری مرۆیی و ئاسایشی خۆراک، دابینکردنی نەوت و غاز.
لە ڕووی سیاسییەوە، تەنگژەکە هێشتا هێزەکانی بۆ دووبارە ڕێکخستنەوە ناچار نەکردووە.

بەڵكو وڵاتانی جیاوازی وەک وڵاتانی کەنداو و ئیسرائیل، هەوڵی پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان دەدەن لەنێوان ئەمریکا و ڕووسیادا و هەوڵدەدەن زۆرترین قازانج بەدەستبهێنن لە بەرژەوەندی خۆیان. بەڵام سزا درێژخایەنەکانی سەر ڕووسیا دەبێتە ئاڵنگارییەک بۆ وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وەک میسر و سعودیە و ئیمارات، کە هەموویان پیشەسازی پاراستنی هەمەجۆریان هەیە و بەدوای هاوکاری زیاتردا دەگەڕێن لەگەڵ ڕووسیادا.
سوریا و لیبیا، ئەو دوو ناوچەیەن کە هاوکاری زۆری ئەمریکا و ڕووسیان بۆ دەرئەنجامە سیاسییە بەردەوامەکان، کە پێدەچێت زیانیان پێ بگات. ئەمڕۆ ئەگەری هەبوونی ئەو هاوکارییە لە جاران کەمترە. ڕێژەوی سەربازی ڕووسیا لە هەردوو وڵات و ڕەنگە زیاد لە پێویست جیاکردنەوەی سیاسی و ئابووریی ئەو وڵاتە ببێتە هۆی تێکدانی هەوڵە بەردەوامەکان بۆ چارەسەرکردنی دابەشکارییە سیاسییەکان لە لیبیا و زیاتر لە ڕابردوو پشتیوانی ڕژێمی سوریا و ئێران بکات. بۆ ئەوروپا، بوونی بەرچاوی سەربازانی ڕووسیا لە بەشی باشوری لیبیا جێگەی نیگەرانییە. هاوکات هەردوو وڵاتی تورکیا و ئیسرائیل تووشی کێشە بوون بە هۆی ڕووداوەکانی ڕووسیا لە سوریا. تورکیا نیگەرانە لەوەی کە ڕووسیا گوشارەکان بۆ ناوچەی یاخیبووان لە ئیدلب زیاد بکات و ئەمەش هاتنی ژمارەیەکی زۆر پەنابەرانی لێبکەوێتەوە. کوردانی سوریا نیگەرانن لەوەی کە ئاڵوگۆڕی ئەمریکا و تورکیا لەم شەڕە ناوچەییە گەورەیەدا لەسەر حیسابی ئەوان بێت. ئیسرائیل نیگەرانە لە پەرەسەندنی هاوکارییەکانی ڕووسیا و ئێران و ئەگەری سنووردارکردنی بۆردومانە ئاسمانییەکان بۆ ئامانجەکانی ئێران لە سوریا.
هەروەها نیگەرانییەکان سەبارەت بە یارمەتییە مرۆییەکان و ئاسایشی خۆراک لە ناوچەکەدا زیاتر دەبن، بەتایبەتی لەو وڵاتانەی کە لە ئێستاوە لە دۆخێکی لاوازدان. پەرەسەندنی ژمارەی پەنابەرانی ئۆکراینی و تێچووی بەرزی ئاوەدانکردنەوەی دوای شەڕەکان نیگەرانییەکان دەوروژێنێت کە ڕەنگە یارمەتییە مرۆییە گرنگەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکوری ئەفریقا لاببرێن بۆ چارەسەرکردنی ململانێکانی ئۆکراینا. ملیۆنان هاوڵاتی فەڵەستینی، لوبنانی، یەمەنی، سوری و کەسانی دیکە کە لەو وڵاتانەدا دەژین تووشی ململانێ و دارمانی ئابووری کارەساتبار و زیادبوونی پێداویستییە مرۆییەکان دەبن، کە ئەمە یەکسانە لەگەڵ نەمانی پێداویستییە گرنگەکانی ژیانکردن. هەروەها ئەم قەیرانە بەهۆی نیگەرانییە زۆرەکانی ئاسایشی خۆراکەوە خراپتر دەبێت، بەتایبەتی لە وڵاتانی وەک لوبنان و میسر کە پشت بە ڕووسیا و ئۆکراینا دەبەستن بۆ دابینکردنی گەنمی وڵاتەکەیان (کە بەڕێژەی ٨٥٪ بۆ ٩٦٪ ی پێداویستییەکانیان پێکدەهێنێت). پێدەچێت ئەم قەیرانە بەرەو خراپتر بڕوات لەگەڵ بەرزبوونەوەی نرخی خۆراک و وزە لەسەر ئاستی جیهان. ڕەنگە ئەمە لە کاتی خۆیدا خەڵک بێنێتە سەر شەقامەکان بۆ ناڕەزایی دەربڕین.
داهاتووی پاشەکەوتکردنی نەوت و غاز لە قەیراندایە. دەشێت ئەوروپا هەوڵی دروستکردنی غازی جێگرەوە بدات و بەمەش دەرفەتێک بۆ وڵاتانی کەنداو و ڕۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاست دەڕەخسێت. لەم کاتەشدا وڵاتانی کەنداو لە بەرزبوونەوەی نرخی نەوت قازانج دەکەن و ئەم دۆخە بەکاردەهێنن بۆ دانووستاندن لەسەر پەیوەندییە ستراتیجییەکانیان لەگەڵ ئەمریکا و بەدواداچوون بۆ دەستکەوتە سیاسییەکانیان لە شوێنێکی وەک یەمەندا. پرسیارەکە لێرەدا

ئەوەیە: ئایا ئەمە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاست هاندەدات بۆ هەندێک ڕێککەوتنی خێرا لەسەر دابینکردنی غازی جێگرەوە بەو هیوایەی لە داهاتوودا ببنە هاوبەشێکی سەرەکی بۆ ئەوروپا؟
زۆر شت ماوە لەم ململانێیەدا ببینرێت کە ئاماژەیە بۆ ئاڕاستەکردنی گۆڕانکارییەکی درێژخایەن لە پەیوەندییە جیهانییەکاندا. کاردانەوەی داهاتووی (ڤلادیمێر پوتین) سەرۆکی ڕووسیا چی دەبێت ئەگەر هەست بە دابڕاوی و سووکایەتیپێکردن بکات لە ئاستی نێودەوڵەتیدا و ئایا هەوڵدەدات خاڵە فشارە جیاوازەکانی ناوچەکە بەکاربهێنێت بۆ ئەوەی ئەو دەستکەوتەی دەیەوێت لە شوێنێکی دیکە بەدەستیبهێنێت؟

**مەها یەحیا.**

## کاریگەرییە سیاسییە جوگرافییەکان

لەشکرکێشی ڕووسیا بۆ سەر ئۆکراینا و گەمارۆی سەر بەرهەمە ڕووسییەکان کە هەناردەکردنی نەوتیی لەخۆدەگرێت نرخی نەوتی گەیاندووەتە ئاستێکی زۆر بەرز لە چاو مانگی ئابی ٢٠١٤دا، کە نرخەکەی زۆر زیاترە لە ١٠٠ دۆلار بۆ هەر بەرمیلێک. بەهۆی ئەوەی توانای بەرهەمهێنانی بەرهەمهێنەرانی نەوتی دیکەش بە هۆکاری جیاواز قورسبووە، ڕەنگە نرخی نەوت بۆ ماوەیەک بە بەرزی بمێنێتەوە. ڕەنگە ئەم پێشهاتە لە ڕووی سیاسەتی جوگرافیاوە بۆ وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست تا ڕادەیەکی باش گرنگ بێت.
وڵاتانی بەرهەمهێنەری نەوت لە ناوچەکەدا، دیارترینیان وڵاتی سعودیە، لەم ساڵانەی دواییدا ناچاربوون ڕێوشوێنی چاکسازی ئابووری بگرنەبەر کە لەمێژبوو پێویستبوو بۆ دوورکەوتنەوە لە ئابووری پشتپێبەستراو و خۆشگوزەرانی و سەقامگیری. لەڕاستیدا پرسیارەکە بۆ ئەوان ماوەتەوە کە ئایا یەدەگی دارایی تازە کەڵەکەبوو کاتژمێرەکە دەگەڕێنێتەوە دواوە بۆ چاکسازی ئابووری لە بەرژەوەندی دەستکەوتی سیاسی کورتخایەن یان ئەو وانەیە فێر دەبن کە چاکسازی ئابووری پێویستە، بەبێ گوێدانە نرخی نەوت.
هەروەها کاریگەری زۆر دەبێت لەسەر ئەو وڵاتانەی کە نەوت هاوردە دەکەن. لەکاتێکدا بەرزبوونەوەی نرخی نەوت مەترسی زیاتر لەسەر بارودۆخە ئابوورییە سەختەکانی ئێستا دروست دەکات، هەندێک لەو ئاڵنگارییانەی لە ڕابردوودا هەبوون کەمکرانەوە لەڕێگەی ئەو یارمەتییانەوە کە لەلایەن وڵاتانی بەرهەمهێنەری نەوتەوە ئەنجامدرابوون. تا ئێستا ڕوون نییە کە ئایا ئەم جۆرە یارمەتییانە دەستپێدەکەنەوە یان نا، چونکە هاوپەیمانییە سیاسییەکان گۆڕانکارییان بەسەردا هاتووە و هەندێک وڵاتی هاوردەکاری نەوتی وەک ئوردن دەخاتە ژێر مەترسییەکی ئابووریی زیاترەوە.
لەکاتێکدا هەڵوێستی زۆربەی وڵاتانی عەرەبی لە نەتەوە یەکگرتووەکان بە فەرمی بۆ ئیدانەکردنی لەشکرکێشییەکەی ڕووسیا بوو بەڵام کاردانەوەکان بە گشتی جۆراوجۆر بوون. هەندێک پرسیاریان کردووە کە بۆچی کاردانەوەی نێودەوڵەتی بە هەمان هێزەوە لە دژی

داگیرکاری ئیسرائیل بۆ سەر فەڵەستینییەکان یان لەشکرکێشی ئەمریکا بۆ سەر عێراق نەبووە. هەندێک لەو لێدوانانەی لە ڕۆژئاوادا خراونەتەڕوو کە دەڵێن پەنابەرانی ئۆکراینی «وەک ئێمەن»، هەروەها تۆمەتبارکردنی یەکسانیان بۆ ڕەگەزپەرستی ڕۆژئاوایی هەڵبژاردووە. ئەم جۆرە کاردانەوە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە، لەکاتێکدا تێگەیشتووانەیە، بەڵام لەئێستادا ئەو ڕاستییەیان پشتگوێخستووە کە ئیدانەکردنی هەڵبژاردنی بەکارهێنانی هێز بۆ داگیرکردنی گەلانی دیکە ڕێگایەکی دوولایەنەیە: بۆ نموونە ئیسرائیل دەتوانێت ئەم ناکۆکییە بەکاربهێنێت بۆ پاساوهێنانەوە بۆ داگیرکردنی خاکی عەرەبی. هەروەها ئەم کاردانەوەیەش چاوپۆشی دەکات لە بارودۆخی نالەباری گەلی ئۆکراینا کە ئەوانیش بەدەست شەڕ و داگیرکارییەوە دەناڵێنن.

بەم شێوەیە زۆربەی وڵاتانی ناوچەکە بە ئیسرائیلیشەوە هەوڵیانداوە بە وریاییەوە هەنگاو بنێن و کاردانەوەیەکی چەقبەستوویان لە دژی لەشکرکێشییەکەی ڕووسیا نیشانداوە. پاراستنی پێگەیەکی لەو شێوەیە لەگەڵ بەردەوامبوونی شەڕ و کاردانەوەکانیدا، تا دێت قورستر دەبێت.

**مەروان مئاشەر.**

سەرچاوە: carnegieendowment.org

Link: What the Russian War in Ukraine Means for the Middle East - Carnegie Endowment for International Peace

# لە ساڵی ٢٠٢٣ لە بەرەی ڕووسیا و ئۆکراین چی ڕوودەدات؟

نووسینی: پرۆفیسۆر د. ئیلیاس کەمالئۆغلۆ
وەرگێڕانی: مەڵبەندی دیراساتی گشتی

ئایا ئاشتی لە ئۆکراینا لە ساڵی ٢٠٢٣دا بەدیدێت؟ ئایندەی ٢٠٢٣ی ڕووسیا، ئۆکراینا و ڕۆژئاوا چییە؟ دامەزراندنی ئاشتی بە کێ و بە چ شتێکەوە بەندە؟ دەکرێت سەرەتای ئاشتییەکی گونجاو لە ئۆکراینا چی بێت؟

گرنگترین ڕووداوی ساڵی ٢٠٢٢ بێگومان شەڕی نێوان ڕووسیا و ئۆکراینا بوو کە گۆڕا بۆ ململانێی نێوان ڕووسیا و ڕۆژئاوا، هەرچەندە شەڕەکە نزیکەی ساڵێکی بەسەردا تێپەڕیوە و هەموو ئەو لایەنانەی کە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ بەشدارن لەم پرۆسەیەدا زیانێکی زۆریان بەرکەوتووە، بەڵام پێدەچێت لە ساڵی ٢٠٢٣شدا بەردەوام بێت.

وا بیر دەکرایەوە شەڕەکە کە ڕووسیا بە «ئۆپەڕاسیۆنی تایبەت» ناوی بردووە زوو تەواو بێت، هەروەک چۆن لە جۆرجیادا بەخێرایی تەواو بوو، بەڵام هۆکارەکانی وەک بێتوانایی مۆسکۆ لە دۆزینەوەی «لایەنگر» لە کیف بە پێچەوانەی ئەوەی بیریان لێدەکردەوە، هەروەها یارمەتیدانی ڕۆژئاوا بۆ ئۆکراینا زۆر خێراتر لە چاوەڕوانییەکانی ڕووسیا، بووە هۆی کشانەوەی لە کیف و گۆڕینی ستراتیجییەکانی، هەروەها پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت کە ئەم ستراتیجانە لە مانگی شوباتەوە چەندین جار گۆڕانکاریان بەسەردا هاتووە، ڕەنگە یەکێک لەو گۆڕانکارییانە زیادبوونی لێدوانەکانی ئەم دواییەی کریملن بێت کە دەڵێت "ئێمە ئامادەین بۆ دانووستان".

کەواتە، ئایا بەڕاستی ئاشتی لە ئۆکراینا لە مانگەکانی یەکەمی ساڵی ٢٠٢٣دا دەکرێت؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە پێویستە بەکورتی ئاوڕێک لە بارودۆخی ئێستا و چاوەڕوانی لایەنەکان بدرێتەوە.

## هیوای زستانەی ڕووسیا

دوای ئەنجامدانی ڕیفراندۆمەکانی چوونە ناو ڕووسیا کە لە مانگی ئەیلولدا لە شارەکانی دۆنێتسک، لوهانسک، زاپۆریژیا و خێرسۆن بەڕێوەچوو، ڕووسیا ناچار بوو لە خێرسۆن و بەشێک لە زاپۆریژیا بکشێتەوە، بەڵام پێکدادانەکان بە درێژایی سنوور بەردەوامن، لەلایەکەوە، ڕووسیا بەردەوامە لە ڕێکخستنی ئۆپەراسیۆنە ئاسمانییەکان لە دژی پێکهاتە سەربازی و ستراتیجییەکان لە ئۆکراینا. چەند هۆکارێک هەیە بۆ کەمکردنەوەی ململانێ لەسەر سنوور، بارودۆخی کەشوهەوا لە هەموویان گرنگترە. لەلایەکی دیکەوە، لەم پرۆسەیەدا مۆسکۆ کۆکردنەوەی بەشەکی ڕاگەیاند و دەستیکرد بە ڕاهێنانی نزیکەی ٣٠٠ هەزار سەرباز کە لە کاتی پرۆسەی کۆکردنەوەدا پەیوەندییان بە سوپاوە کرد، بۆیە لەگەڵ هاتنی وەرزی بەهاردا ڕووسیا دەتوانێت سەربازی نوێ بنێرێتە بەرەوە، بەڵام مۆسکۆ لەم پرۆسەیەدا زۆر پشت بە مانگەکانی «زستان» دەبەستێت، پێش هەموو شتێک پێیوایە سەرەڕای پاڵپشتی ڕۆژئاوا، ئۆکراینا ناتوانێت زیاتر بەرگە بگرێت و لە ڕووی ئابوورییەوە مایەپووچ دەبێت.

چاوەڕوانی دووەمی ڕووسیا ئەوەیە کە ڕۆژئاوا و بەتایبەت وڵاتانی یەکێتی ئەوروپا پاڵپشتییەکانیان بۆ ئۆکراینا کەمبکەنەوە، چونکە قەیرانەکان لەگەڵ ڕووسیادا فشارێکی

زۆر دەخاتە سەر وڵاتانی یەکێتی ئەوروپا بەتایبەتی لە بواری وزەدا، هەرچەندە وڵاتانی یەکێتی ئەوروپا ساڵانێکە هەوڵی ڕزگاربوونیان لە پەرستش بۆ ڕووسیا دەدەن، بەڵام پێشکەوتنێکی ئەوتۆیان بەدەست نەهێناوە، لەم ڕۆژانەدا کە هاوکاری لەگەڵ ڕووسیا لە هەموو بوارەکاندا بۆ کەمترین ئاست کەمکراوەتەوە، نرخی سەرچاوەکانی وزە بەرزبووەتەوە و بەردەوامیش بەرزدەبێتەوە دوای ئەوەی ڕووسیا فرۆشتنی نەوتی بە وڵاتانی بەشداربوو لە داواکاریی نرخی بنەڕەتی بۆ سەرچاوەکانی وزە قەدەغەکردووە، بە وتەی (ڤلادیمێر پوتین)، جێبەجێکردنی کارنامەی نرخی بنەڕەتی "سەرەتای دارمانی سیستەمی وزەی جیهانیی".
قەیرانی بواری وزەش کاردانەوەی خەڵکی لێدەکەوێتەوە، بەوپێیەی کاریگەری خراپی لەسەر ئابووری وڵاتانی ئەوروپا هەیە، بۆیە درێژەدان بە پشتیوانییە داراییەکانی وڵاتانی ئەوروپا بۆ ئۆکراینا ئاسان نابێت، لەم ڕوانگەیەوە کاری ئەمریکا ئاسانترە، بەڵام لە ئەمریکا لە ساڵی ٢٠٢٣ هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ساڵی ٢٠٢٤ لە بەرنامەی کاردا دەبێت، بۆیە ئەستەمە ئەمریکا پشتگیری بێسنوور بکات.

## بۆچی ڕووسیا وتی ئاشتی؟

بێگومان ڕووسیا خۆی «ماندوو»ە، هەرچەندە مۆسکۆ تووشی دارمانی ئابووری ناکات بە پێچەوانەی ئەوەی ڕۆژئاوا چاوەڕێی دەکات، بەڵام بە ملیارەها دۆلار لە ئۆکراینا خەرج دەکات، هەروەها بەرنامە جۆراوجۆرەکانی پشتیوانی کۆمەڵایەتی زیاد دەکات بۆ ڕێگریکردن لە کاردانەوەکانی ناو وڵات، بەڵام هەم بوونی سندوقی یەدەگ و هەم بەرزبوونەوەی نرخی وزە دڵنیایی دەدات لەوەی ڕووسیا تووشی کێشەی ئابووری نابێت.
بەڵام مۆسکۆ لە کاتی کۆکردنەوەدا سەدان هاووڵاتی خوێندەواری لەدەستدا، ڕەنگە یەکەمجار بێت کە ڕووبەڕووی کاردانەوەی سنووردار بووبێتەوە لەسەر ئەو بابەتە، جگە لە زیانە مرۆیی و ماددییەکان، ڕووسیا کە (پیترۆ) هەوڵیدا بیکاتە بەشێک لە ئەوروپا، وردە وردە بوو بە بەشێک لە «ئاسیا» بە هەموو مانایەک و تەنانەت پێشبڕکێکانی بوارەکانی وەرزش و ڕۆشنبیریشی قەدەغەکرد. بە واتایەکی تر، فاکتەرەکانی وەک دابڕانی ڕووسیا و گەلی ڕووسیا لە جیهان و ئەو ڕاستییەی کە ئەو کۆکردنەوە نوێیەی کە پێویست دەبێت ئەگەر شەڕەکە بەردەوام بێت، کاردانەوەی زۆر گەورەتر بەدوای خۆیدا دەهێنێت. ئەمانە وایکردووە مۆسکۆ دەستبکات بە دەنگدانی ئاشتی.

## کاریگەرییەکانی شەپۆل

ڕووداوەکانی ئۆکراینا تەنیا کاریگەری لەسەر دوو گەلی برای ئەمریکا و یەکێتی ئەوروپا نییە.
قەیرانی ڕووسیا و ئۆکراینا نەک هەر گرژییەکانی نێوان سربیا و کۆسۆڤۆ، چین و تایوان زیاتر دەکات، بەڵکو بۆڕی وزە و ڕێڕەوی شەمەندەفەریش دەگۆڕێت، دەبێتە هۆی دروستبوونی یەکێتی نوێ، هاوکات کێشەی دانەوێڵە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەفریقا دروست دەکات.

دیسانەوە بۆ هەموو ئەمانە، پێویستە کێشەی ئەو ئۆکرانیانە سەربار بکرێت کە کۆچیان بۆ ئەوروپا و ڕووسیا کردووە، لەگەڵ ئەو هاوڵاتییە ڕووسیانەی کە لە کاتی کۆکردنەوەکەدا ڕووسیایان بەجێهێشتووە.
بۆیە هەموو لایەنەکان بە ئەمریکاشەوە کە دەرفەتی هەناردەکردنی هەم چەک و هەم سەرچاوەی وزەی خۆی هەیە و بێگومان سوودی لە هەموو ئەم ڕووداوانە وەرگرتووە، بەم زووانە زیاتر بە وشەی «ئاشتی» قسەدەکەن.

## دامەزراندنی ئاشتی پشت بە چی دەبەستێت؟

کەواتە دامەزراندنی ئاشتی لە ئۆکراینا پەیوەستە بە کێ و چییەوە؟ تا شەڕ درێژتر بێت دامەزراندنی ئاشتی و سەقامگیری قورسترە، لەگەڵ زیادبوونی زیانە مرۆیی و مادییەکان، بۆ لایەنەکان هەنگاوێک بۆ دواوە بنێن ئاسان نابێت، بۆ بەدیهێنانی ئاشتی دەبێت لایەنەکان هەنگاوێک بچنە دواوە.
بۆ ئێستا دەسەڵاتدارانی ئۆکراینا داوا دەکەن ڕووسیا لە هەموو خاکە لەدەستچووەکان بە کریمیاشەوە بکشێتەوە و قەرەبووی جەنگ بداتەوە و گەرەنتی بکرێت کە جارێکی دیکە هێرش نەکاتە سەری.
تەنانەت کشانەوەی ڕووسیا نەک لە کریمیا بەڵکو ئەو ناوچە نوێیانەی کە لە کۆتایی ساڵی ٢٠٢٢دا بۆ خاکەکەی زیاد کرد، دەبێتە هۆی لەدەستدانی شکۆمەندی لە گۆڕەپانی نێودەوڵەتیدا، دەسەڵاتدارانی ڕووسیاش ناتوانن ئەمە بۆ گەلی خۆیان ڕوونبکەنەوە، بۆیە چاوەڕوان ناکرێت ڕووسیا لەو شوێنانە بکشێتەوە.

## ئایا ئۆکراینا ئامادەیە لەسەرمێزەکە دابنیشێت؟

هەرچەندە ئەو ڕاستییەی کە بارودۆخی ئۆکراینا تا دێت قورستر دەبێت و ڕووسیا ناتوانێت ئەو ئەنجامە بەدەستبهێنێت کە ئامانجیەتی، زیادبوونی کێشە ئابوورییەکان لە وڵاتانی یەکێتی ئەوروپا و ئەوەی کە ئەمریکا هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی هەیە کە لە ساڵی نوێوە دەستپێدەکات، لایەنەکان ناچار دەکەن لەسەر مێزێک دابنیشن.
لەم چوارچێوەیەدا، پێویستە لێکدانەوەیەک بکرێت بۆ لێدوانی بەرپرسانی ڕووسیا کە دەڵێن ئامادەن لەسەر مێزەکە دابنیشن و خواستی وڵاتانی یەکێتی ئەوروپا و بەتایبەت ئیتاڵیا بۆئەوەی ببێتە ناوبژیوان و گەرەنتیکار و ئەنجامدانی دانووستان لە ئاستە جیاوازەکاندا لەنێوان بەرپرسانی ڕووسیا-ئەمریکادا بکرێت.
ڕەنگە ئۆکراینا تاکە وڵات بێت کە لەم قۆناغەدا نایەوێت لەسەر مێزەکە دابنیشێت، چونکە دەسەڵاتدارانی ئۆکراینا دەزانن کە ڕووسیا دەستبەرداری هیچ شتێک نابێت کە «لەسەر زەوی بەدەستی هێنابێت»، هەر لەبەر ئەم هۆکارەش دەسەڵاتدارانی ئۆکراینا نایانەوێت لەسەر مێزەکە دابنیشن، هاوکات دەیانەوێت ڕۆژئاوا زیاتر تێوەبگلێنن و پاڵپشتی زیاتری

ڕۆژئاوا بەدەستبهێنن.

## ئاشتی لەبەرەی ڕووسیا و ئۆکر اینا چۆن دەکرێت؟

بێگومان دەکرێت ئاگربەست/ ئاشتی/ ڕێککەوتن لە بەرەی ڕووسیا و ئۆکرایینادا بەدیبهێنرێت، بەڵام پێدەچێت ئەمە بەند بێت بە ڕێککەوتنی نێوان ڕووسیا و ئەمریکاوە.
بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە ڕووسیا نایەوێت هەنگاوێک بۆ دواوە بۆ بەرەی ئۆکراینا بنێت بەتایبەتی لەسەر بابەتی خاک و ئاماژە بەوە دەکات کە لە کۆبوونەوەکانی نێوان ڕووسیا و ئەمریکادا کێشەی جیاواز دروستدەبێت (کۆبوونەوەکە لە تورکیا دەریدەخات کە لە ئاستە جیاوازەکاندا هەندێک گفتوگۆ لەنێوان لایەنەکان لە ئاستە جیاجیاکاندا هەیە).
ئەگەر لایەنەکان تا کۆتایی مانگەکانی زستان نەگەنە ڕێککەوتن، ئەوا لە بەهارەوە دیسان ناکۆکی هەڵدەگیرسێتەوە، لەلایەکی دیکەوە بەردەوامن لە ئامادەکارییە سەربازییەکانیان.
هەروەها پێویستە ڕەچاوی تەواوکردنی مەشق و ڕاهێنان بۆ ئەو کەسانە بکرێت کە داوای سوپا دەکەن بە ڕاگەیاندنی کۆکردنەوەی ڕووسیا، هەروەها ئەو ڕاستییەش کە ڕۆژئاوا بەردەوامە لە ناردنی تەکنەلۆژیای سەربازی بۆ ئۆکراینا وەک ئامادەکارییەکە بۆ بەهار، لە سیناریۆیەکی وەهادا تا پایزی ٢٠٢٣ لایەنەکان هەوڵی بەهێزکردنی پێگەی خۆیان لەو مەیدانەدا دەدەن.

## سەرەتای دروستکردنی ئاشتی لە چییەوە دەستپێدەکات؟

پرسی ئۆکراینا بۆ چەندین ساڵی داهاتوو بە ڕەهەندی جیاوازەوە لە بەرنامەی کاردا دەمێنێتەوە، چونکە کێشە ڕاستەقینەکان لەدوای دامەزراندنی ئاشتی دەست پێدەکەن.
لەم پرۆسەیەدا ئایا پۆڵەندا کە ئاڵا هەڵگری لایەنی ڕۆژئاوایە، لە ڕۆژئاوای ئۆکراینا کە سەردەمانێک خاکی ئەو وڵاتە بووە، داوای ماف دەکات؟
ئایا حکومەتی هەنگاریا و ڕۆمانیا هیچ داواکارییەکیان لەسەر ئۆکراینا دەبێت کە کەمینەی هەنگاری و ڕۆمانی هەیە؟
کێ پارەی ئاوەدانکردنەوەی شارە وێرانبووەکانی ئۆکراینا دابین دەکات؟
ئایا یەکێتی ئەوروپا و ناتۆ، «ئۆکرایینای نوێ» وەک ئەندام قبوڵ دەکەن؟
ئایا پەیوەندییەکانی نێوان ڕووسیا و ڕۆژئاوا ئاسایی دەبنەوە و چۆن متمانە دەگەڕێتەوە، تەنانەت بەشێکیش بێت؟
دەیان پرسیاری تری لەم جۆرە هەیە، ڕەنگە ئاشتی ئۆکراینا کاتێک بەدیبهێنرێت کە وەڵامی هەموو ئەم پرسیارانە بدۆزرێتەوە و لەسەر ئەم پرسانە ڕێکبکەون.

**بایۆگرافی ئیلیاس کەمالئۆغلۆ:**

خوێندنی بەکالۆریۆسی لە زانکۆی مەرمەرە، بەشی مێژوو لە ساڵی ٢٠٠١ تەواوکردووە،

بڕوانامەی ماستەری بە ناونیشانی «پەیوەندییە زێڕینەکانی هۆرد -ئیلخانی» لە ساڵی ٢٠٠٣ و دکتۆرای بە ناونیشانی «هۆردی زێڕین و ڕووسیا: کاریگەری تورک-تاتار لەسەر ڕووسیا» لە ساڵی ٢٠٠٨ تەواوکردووە، لە ساڵی ٢٠١٢ بووەتە پڕۆفیسۆری یاریدەدەر و لە ساڵی ٢٠١٧ بووەتە پڕۆفیسۆر، کەمالئۆغلۆ بە زانینی زمانەکانی ڕووسی، ئینگلیزی، فارسی و زاراوە جۆراوجۆرەکانی سلاڤی و تورکی، لەنێوان ساڵانی ٢٠٠٤-٢٠٠٨ لە مێژی ڕووسیا-ئۆکراین لە ناوەندی ستراتیجی ئۆراسیا کاریکردووە، لە ساڵی ٢٠٢٠ەوە وەک وانەبێژ لە زانکۆی مەرمەرە، فاکەڵتی ئاداب و زانستەکان، بەشی مێژوو کاردەکات، هەروەها لە زانکۆی یەدیتەپە وانەدەڵێتەوە.

سەرچاوە: فیکرتورو

# چۆن جەنگی نێوان ڕووسیاـ ئۆکراینا شێوە بە جیهان دەداتەوە؟
# ئەمانە چوار ئەگەرن بۆ داهاتوو

نووسینی: ماثیو بیوڕۆس و ڕۆبەر مانین
وەرگێڕانی: مەڵبەندی دیراساتی گشتی

ئەو پرسیارە گەورەیەی دنیای لە لێواردا هێشتۆتەوە ئەوەیە کە: چۆن ئەم جەنگە کۆتایی دێت؟

هەڵبژاردنی جەنگی ڕووسیا لەلایەن (ڤلادیمێر پوتین)ەوە بەرامبەر ئۆکراینا ڕووداوێکی جیهانی مێژووییە، دەبێتە دوا چالاکی ماوەی جەنگی سارد و دروستبوونی سەردەمێکی نوێی نەنووسراو. دەرەنجامەکان ئەگەری زۆر لەخۆدەگرێت وەک جەنگی سارد یان جەنگی گەرمی ناجێگیر بە بەژداری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ڕووسیا و چین، یان سیناریۆی ململانێی بەستوو A frozen conflict یان داگیرکارییەکانی پاش (پوتین) کە لەمەدا ڕووسیا دەبێت بە بەشێک لە هەیکەلیەتی پێداچووەوەی ئاسایشی ئەوروپایی. لەگەڵ ئاستی سزا بێوێنەکانی رۆژئاوا دژی ڕووسیا لە ماوەیەکی پێوانەییدا، کە پۆتێنشیاڵ –ماتەوزە-ی ڕاستەقینەن بۆ چوونە ناو جەنگی ناوەکییەوە، ئێمە لە ناوچەیەکی بێهێڵکاری و نەخشەبۆنەکێشراوداین، ئاسان نییە بزانین (پوتین) چۆن «سەردەکەوێت»، بەڵام ئەوە دەزانرێت کە (پوتین) ناتوانێت دۆڕان قبوڵ بکات.

لێرەدا باسی ئەو چوار سیناریۆیە دەکرێت کە ئەم جەنگە چۆن کۆتایی دێت و دەکرێت چ گۆڕانکارییەک لە جیۆپۆلۆتیکی ناوچەکەدا دروست بکات و چ گۆڕانکارییەک بەسەر پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا بێت بەدرێژایی دوو یان سێ ساڵی داهاتوو. مەبەست لە سیناریۆ نووسراوەکان لەلایەن ئێمەوە بۆ ئەوە نییە کە تەنها پێشبینی بکەین لە داهاتوودا چی ڕوودەدات، بەڵکو بۆ خاوەن دەسەڵاتەکانە کە وێنای ئەوە بکەن لە داهاتوودا دەکرێت چی ڕووبدات تاکو میکانیزم بدۆزنەوە بۆ بەرگرتن لە ڕوودانی خراپترین پێشهاتەکان. تاکە دڵنیاییەک لەبارەی جەنگی ئۆکراینا ئەوەیە هەموو ئەو دڵنیاییانەی هەیە تێکشکاون.

### ١.ململانێیەکی بەستوو A frozen conflict

شەڕی ڕووسیا لە ئۆکراینا زیاتر لە ساڵێکە درێژەی هەیە، هەتا دێت مردنی هاوڵاتییانی ئاسایی ڕوو لە زیادبوونە. لە هەمانکاتدا، سەرۆکی ئۆکراینا (ڤلادیمیر زیلینسکی) لە کیڤی پایتەخت دەمێنێتەوە سەرەڕای ئەوەی ژیانیشی لە مەترسی بەردەوامدایە بە هۆکاری هەوڵی بەردەوامی تیرۆرکردنی لەلایەن ڕووسیاوە.

لە ساڵی ٢٠٢٣ دا نرخی جیهانی نەوت بە زیاتر لە ١٠٠ دۆلار بۆ هەر بەرمیلێک مایەوە و ئەوروپا هەوڵدەدات خۆی لە وزەی ڕووسیا بەدووربگرێت. زستانی سەختی ساڵی ٢٠٢٢-٢٠٢٣ وای لە وڵاتانی یەکێتی ئەوروپا کردووە کە دەست بکەن بە دابینکردنی پێداویستییەکانی وزە و هەروەها بێبەشکردنی توانای پیشەسازی لە وزەی پێویست و ناچارکردنی خوێندنگاکان بە داخستن لە کەشە خراپەکاندا بەهۆی گرانی گەرمکردنەوەی پۆلەکان لە خوێندنگاکاندا. ئەوروپا پاشەکشێیەکی گەورە دەکات. تەنانەت، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پاشەکشێ کردووە و بەرزی نرخی بەنزین بەردەوامە لە تووڕەکردنی دانیشتووانی ئەمریکا، پارتی دیموکرات لە هەڵبژاردنەکانی مانگی ١١ی ٢٠٢٢ کۆنترۆڵی هەردوو ئەنجومەنی پیران و ئەنجومەنی نوێنەرانی لەدەستدا و بەشێوەیەکی بەرچاو توانای سەرۆکی ئەمریکا (جۆ بایدن) بۆ جێبەجێکردن و بەرەوپێشبردنی بەرنامە سیاسەتەکانی لاواز بووە.

لەهەمانکاتدا، ڕووسیا لە دۆخێکی خراپدایە سەرەڕای بەڕێوەبردنی لێهاتووانەی بانکی ناوەندی لەو بارودۆخە ناهەموار و ئەستەمەدا و بەخێرایی بەرزبوونەوەی هەڵئاوسان لەناو کەلوپەلە خۆراکییە سەرەتاییەکان و یارمەتی خۆراکی چینییەکان کەمتر لەوەی پێشبینی دەکرا. دامەزراوەی سەربازی ڕووسی لەوە تێدەگات کە جەنگی ئۆکراینا لە قازانجیدا نییە و دەنگۆیەک هەیە لەسەر هاوپەیمانێتییەکی سەرەتایی لەنێوان ئۆلیگارشییە تورەکان و هەواڵگری سەربازی و هەواڵگری سلۆڤاکیا بە ئاراستەی ناچارکردنی (ڤلادیمیر پوتین) بە لادان لە سەرۆکایەتی و دانانی سەرۆکی پێشوو (دیمیتری مێدڤیدێڤ) لە جێگەی خۆی. لەم حاڵەتەدا، دەزگای هەواڵگری ئەو وڵاتە (ئێف ئێس بی FSB) ڕێگری دەکات لە کودەتا لە کۆشکدا و (پوتین) دەیان جەنەراڵ ڕەوانەی زیندان دەکات.

لە سەرەتاکانی ساڵی ٢٠٢٣ دا، لەگەڵ وەستانەوەی لایەنە شەڕکەرەکان بەرامبەر یەکتر و نەبینینی هیچ ئاماژەیەک بۆ دابەزینی ئاستی چڕیی ململانێکان، سەرۆکی فەرەنسا (ئیمانوێل ماکرۆن) و ڕاوێژکاری ئەڵمانیا (ئۆلاف سکۆلز) نیگەرانییەکانیان بۆ نێوەندگیری ئاگربەست زیادیکردووە. نزیکەی ١٠ ملیۆن ئۆکرانی کۆچیان کردووە بۆ ناو خاکی یەکێتی ئەوروپا، بۆ ناوچە دوورەکان لە ناو خاکی ئەوروپادا، ئەمەش زیاتر دژایەتی گشتی دروست دەکات بۆ داننان بە پەنابەری زیاتردا. سەرۆکەکانی وڵاتانی ئەوروپا ئامادەن زیاتر هانی (پوتین) بدەن، لەڕێگەی: لابردنی هەندێک لە سزاکانیان دوای ئەوەی سوپای ڕووسیا کۆتایی بە شەڕەکانی دەهێنێت، لەگەڵ کەمکردنەوەی ئامادەییان لە ئۆکراینا لە سەرەتای ساڵی ٢٠٢٣ دا.

لەژێر فشاری ناوخۆییدا، (پوتین) بەشێک لە سەربازەکانی لە ئۆکراینا دەکێشێتەوە، بەڵام بەشی پێویست سەرباز لە ئۆکراینا دەهێڵێتەوە بە مەبەستی بەردەوامبوون لەسەر کۆنترۆڵکردنی بەشێکی گەورەی کەنارە ئاوییەکانی ئۆکراینا، لەنێویاندا پردێکی وشکانیش لەخۆدەگرێت لەنێوان ناوچەی دۆنباس و نیمچە دورگەی کریمیا. سەرکردەکانی فەرەنسا و ئەڵمانیا نائومێدبوون لە کشانەوەی بەشێک لە هێزەکانی ڕووسیا و دوورکەوتنەوە لە سزا سەپێنراوەکانی ئەو ئۆلیگارشییانەی کە دەگوترێت دەستیان هەبووە لە پلانگێڕی بۆ لابردنی (پوتین). یەکێتی ئەوروپا بەشێوەیەکی کاتی گەمارۆی سەر وزەی ڕووسیا زیاد دەکات، هەرچەندە بەشێوەیەکی سەرەکی بۆ یارمەتیدانی باشبوونەوەی ئابووری ئەوروپایە. ئیدارەی (بایدن) ئابلوقەی وزەی خۆیان لانابەن، بەڵام ئومێدەوارن کە نرخی نەوت دەست بە دابەزین بکات لەگەڵ گەڕی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی لە ناوەڕاستی ساڵی ٢٠٢٣ دا، ئەمەش ڕوانینێکی ناڕوونە بۆ هاوردەکردنی وزەی ڕووسیا بۆ وڵاتانی تر، لەنێویاندا وڵاتانی یەکێتی ئەوروپا.

گفتوگۆکردن لەگەڵ (پوتین) بە سەرۆکایەتی وڵاتانی فەرەنسا و ئەڵمانیا و تورکیا و ئیسرائیل درێژەی هەیە. مۆسکۆ دڵنیای دەوێت لە ناتۆ بۆ کەمکردنەوەی یارمەتییە سەربازییەکانی بۆ هێزە بەرگریکارەکانی ئۆکراینا، لەگەڵ هەڵوەشاندنەوەی ئەو ڕێککەوتنەی کە لە ساڵی ٢٠٠٨ دا لەگەڵ ئۆکراینا و جۆرجیادا کردی بۆ قبوڵکردنیان لە هاوپەیمانێتی ناتۆدا. ئەمریکا دەستبەردار نابێت، وێڕای ئەوەی کە (زیلینسکی) هەندێکجار دانی بەوەدا ناوە کە خەونی ئەندامبوونی ئۆکراینا لە ناتۆدا چیتر گونجاو نییە. سەرۆکی ئۆکراینا بێلایەنی هەڵدەبژێرێت تا ئەو کاتەی پێنج وڵاتەکەی ئەندامی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان (ویلایەتە

یەکگرتووەکانی ئەمریکا، ڕووسیا، چین، بەریتانیا، فەرەنسا) لەگەڵ ئەڵمانیا و تورکیا گرەنتی ئاسایشی ئۆکراینا دەکەن. لەگەڵ ئەوەشدا، (زیلینسکی) ئامادە نییە دان بە سەربەخۆیی ناوچە دابڕێنراوەکانی وڵاتەکەی (دۆنیستک و لوهانسک)دا بنێت.

لەگەڵ ئەوەی دانوستانەکان لەسەر ئەم بابەتە بە بنبەست گەیشتووە، واشنتۆن دەیەوێت کە یارمەتییە سەربازییەکانی بۆ ئۆکراینا دوو ئەوەندە بکات، لەکاتێکدا کە فەرەنسا و ئەڵمانیا هێشتا هیوایان بە گەیشتن بە ئاشتی و لێکتێگەیشتن لەگەڵ مۆسکۆدا هەیە و گومانیشیان هەیە لەوەی (پوتین) سەربازە نێردراوەکانی بکشێنێتەوە. پۆڵەندا و نەتەوەکانی دیکەی ئەوروپای ناوەڕاست پشتیوانی ئەمریکا دەکەن، بەتایبەتی لەو کاتەوەی (زیلینسکی) نایەوێت کە فشارەکانی سەر ڕووسیا کەمبێتەوە. (زیلینسکی) سورە لەسەر ئەوەی کە ئەگەر هێزەکانی ئۆکراینا یارمەتی سەربازی زیاتریان پێ بگات، ئەوا هەلی زیاتریان لەبەردەستدا دەبێت بۆ ناچارکردنی کشانەوەی ئەو هێزانەی ڕووسیا کە هەتا ئێستا لە خاکی ئۆکرایندا ماونەتەوە.

لەگەڵ گەرمبوونی هەڵمەتی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئەمریکا لە کاتێکدا شەڕ لە ئۆکراینا بەهەمانشێوە گەرم دەبێت، ئیدارەی (بایدن) لوتکەی تایبەتی ناتۆ بانگهێشت دەکات بۆ بڕیاردان لەسەر هەنگاوەکانی داهاتوو. ئەمریکا و هاوپەیمانە ئەوروپییەکانی بڕوایانوایە کە گەڕی ململانێکانی ئێستا بەردەوام نابێت. خەڵکی ئەوروپا زۆر تووڕەن لە بەرزبوونەوەی نرخی خانووبەرە و ئاڵنگارییەکانی پشتگیریکردنی ملیۆنان پەنابەری ئۆکرانی کە دەبنە هۆی داڕمانی ئابوری. ئیدارەی (بایدن) لە سڕینەوەی دیموکراتەکان لە هەڵبژاردنی ٢٠٢٤ دا دەترسێت بەهۆی بەرزبوونەوەی نرخی سوتەمەنی و بەردەوامی هەڵئاوسان و خراپی ئاستی ئابوری.

لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، میسڕ بۆ ماوەی دوو ساڵ توشی ناهەمواری و توندوتیژی بوو لە بواری خۆراکدا بەهۆی بەرزبوونەوەی نرخی نان بەشێوەیەکی بەرچاو. ئەوروپییەکان ترسیان لە دووبارەبوونەوەی بەهاری عەرەبی هەیە لەگەڵ ناسەقامگیری و تیرۆر و پەنابەر. ویلایەتە یەکگرتووەکان و وڵاتانی ئەوروپا بۆیان دەرکەوتووە کە قورسترە فشار لە وڵاتانی تر بکەن لەسەر پابەندبوون بە سزادانی ڕووسیا. ڕەنگە ڕووسیا نەوت و گاز بە ئەوروپا نەفرۆشێت بە هەمان ئەو بڕەی پێشووتر فرۆشتوویەتی، بەڵام کڕیاری زۆر بۆ وزە داشکێندراوەکەی لە شوێنی تر دەدۆزێتەوە. سەرکردەکانی ڕۆژئاوا نیگەرانی ئەوەن کە شۆکی سزا سەرەتاییەکان بەسەرچووە و زۆربەی ڕووسییە ئاساییەکان فێری خۆگونجاندن بوون لەگەڵیاندا. دوای ئەوەی (پوتین) لە پیلانی نوخبەی وڵاتەکەی بۆ جێگرتنەوەی ئەو ڕزگاری بوو دووبارە کۆنترۆڵی بەسەر وڵاتەکەیدا کردۆتەوە.

لە کۆبوونەوەی لوتکەی ناتۆدا، (بایدن) ڕایگەیاند کە ڕۆژئاوا دوو بژاردەی لەبەردەمدایە: بژاردەی یەکەم، فشارکردن لە (زیلینسکی) و (پوتین) بۆ ئاگربەست یان ڕێککەوتنی ئاشتییانەی سنووردار، هەرچەندە مەترسی شکاندنی ئاشتی و ئاگربەست لە ئارادا دەبێت. بژاردەی دووەم، ڕۆژئاوا هەنگاو بنێن بۆ زیادکردنی یارمەتییە سەربازییەکانیان بۆ ئۆکراینا بەو هیوایەی کە لایەنی سەربازی ئۆکراینا بەرەوپێشببرێت تاکو ئەمە فشار لە (پوتین) بکات بۆ ئەوەی هەندێک سازش بکات، هەرچەندە ئەمە ئەگەری زیادبوونی مەترسی بەئامانجگرتنی عەمبارەکان لەلایەن ڕووسیاوە لەسەر سنووری پۆڵەندا و ڕۆمانیا بەدوای خۆیدا دەهێنێت.

لەکاتێکدا، (بایدن) ڕەنگە لەم کاتەدا تەنها ئەمە ببینێت، بەڵام بژاردەی یەکەم زیاتر ئەگەری هەیە ببێتە هۆی شتێکی وەک سیناریۆی دووەممان (جەنگی ساردی دوولایەنە)، لە کاتێکدا بژاردەی دووەم زیاتر ئەگەری هەیە کە دۆخێکی هاوشێوەی سیناریۆی سێیەممان (وێرانکاریی ئەتۆمی) یان سیناریۆی چوارەممان (جیهانێکی نوێی چاوەنەترس و ئازا) بهێنێتە ئاراوە.

**٢.جەنگێکی ساردی دوولایەنە A double cold war**

وتووێژی ئاشتی لەنێوان ڕووسیا و ئۆکراینا بۆ ماوەی چەندین مانگە گەیشتۆتە بنبەست، لەکاتێکدا ئۆکرانییەکان هیوای ئەوەیان هەبوو کە هاوکارییە سەربازییەکانی وڵاتانی ڕۆژئاوا پارسەنگی هێزی جەنگی بخاتە بەرژەوەندی ئۆکراینا. بەڵام بەهۆی وێرانبوونی چەندین شاری ئۆکرانی، ئەوە بەڕوونی دیارە کە هیچ یەکێکیان لەم جەنگەدا ناتوانن سەربکەون.
وڵاتانی ئەڵمانیا و فەرەنسا لە هەوڵی نوێدان بۆ ئەوەی هەردوو وڵاتانی ڕووسیا و ئۆکراینا بگەنە ڕێککەوتنێکی ئاشتی کە تێیدا ئۆکراینا ببێتە وڵاتێکی بێلایەن هاوشێوەی نەمسا و ڕازی بێت بە دەستبەرداربوون لە خەونی ئەندامبوون لە ناتۆ و ڕووسیاش هەموو هێزەکانی خۆی لە ئۆکراینا بکشێنێتەوە. لە ئێستادا، کێشەی گەورەتر هەیە کە لەسەر مێزی گفتوگۆن ئەوانیش دۆخی هەمیشەیی نیمچە دورگەی کریمیایە کە ڕووسیا خستوویەتییە سەر خۆی، لەگەڵ هەردوو هەرێمی جیابووەوەی دۆنیتسک و لۆهانسک. لە دوای چەندین هەوڵی شکستخواردوو کە تێیدا نەک بە تەنها پاریس و بەرلین، بەڵکو واشنتۆنیش فشاریان خستە سەر (زیلینسکی) و (پوتین) بۆ واژۆکردنی ئاگربەست، بەڵام بێئەنجام بوون. یەکێتی ئەوروپا هاوکارییە مرۆییەکانی بۆ ئۆکراینا پەرەپێداوە و گەمارۆ ئابوورییەکانی لەسەر ڕووسیا کەمێک سووککردووە، بەو مەرجەی کریملین هەموو هێزەکانی لە ئۆکراینا بکشێنێتەوە جگە لەو ناوچانەی جێناکۆکن لە ئۆکرایناد‌ا. هەروەها، یارمەتیش پێشکەش بە پەنابەرە ئۆکرانییەکان دەکات بۆ ئەوەی بگەڕێنەوە بۆ شوێنی نیشتەجێبوونی خۆیان لەناو ئۆکرایناد‌ا.
لەگەڵ بەرقەراربوونی ئاگربەست و کشانەوەی هێزەکانی ڕووسیا لە ئۆکراینا، سەرۆکی فەرەنسا (ئیمانوێل ماکرۆن) و ڕاوێژکاری ئەڵمانی (ئۆلاف شۆلز) پێشنیاری کۆنفرانسێکی ئاشتی بەرفراوان دەکەن بۆ وتووێژکردن لەبارەی کۆنترۆڵکردنی بەکارهێنانی چەک لەنێوان وڵاتانی ناتۆ -NATO- و ڕووسیا. ئەوان دەیانەوێت خۆیان لە جەنگێکی ساردی دیکە لابدەن لە ئەوروپادا. لەگەڵ ئەوەشدا، واشنتۆن دژی بیرۆکەی ئەم کۆنفرانسەیە، چونکە ژمارەیەک لە شارەزایانی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لەو بڕوایەدان کە هێشتا (پوتین) باجی تەواوەتی داگیرکارییە بێ پاساوەکانی بۆ ئۆکراینا نەداوە. ئەمە وای لە ئەندامە دیارەکانی کۆنگرێس لە هەردوو حزبە سەرەکییەکە کردووە کە داوا لە سەرۆکی ئەمریکا بکەن تەنانەت لە قورسترین گەمارۆ ئابوورییەکاندا نەرمی بەرامبەر ڕووسیا نەنوێنن - لە کاتێکدا (ماکرۆن) و (شۆلز) پێیانوایە ئەم هەنگاوە پێویستە بۆ بەرەوپێشچوونی ئەگەری ڕێککەوتنی ئاشتی. هەڵوێستی ئەمریکا بەهێزتر دەبێت بەهۆی دژایەتیکردنی دەستپێشخەری فەرەنسا-ئەڵمانیا لەناو چەندین وڵاتی یەکێتی ئەوروپای ڕۆژهەڵاتدا.
لە کاتێکدا ئیدارەی ئەمریکا ڕەتیدەکاتەوە کە مل بۆ هاندان و پاڵەپەستۆکانی کۆنگرێس بدات

بۆ هەڵوەشاندنەوەی پەیماننامەی (START)ی نوێ بۆ کەمکردنەوەی چەکی ئەتۆمی لەگەڵ مۆسکۆ، لەم بارودۆخەدا وا مەزەندە ناکرێت کە بتوانن بۆ هەوڵەکانی فەرەنسا-ئەڵمانیا بگەڕێتەوە بۆ دووبارە دەستپێکردنەوەی دانووستانی نێوان ناتۆ و ڕووسیا بۆ سنووردارکردنی چەکە تەقلیدییەکان. جێی سەرنجە کە هاوپەیمانە ئەوروپییە ڕۆژهەڵاتییەکان داوای ئەوەدەکەن کە گەلەکۆمە دژی ڕووسیا بکرێت، هەروەها ئەمریکا و هاوپەیمانە ئەوروپییە ڕۆژئاواییەکانی دەست بە ڕەوانەکردنی هێزی نوێ دەکەن بەدرێژایی دابەشبوونە تازەکانی سنوورەکانی ڕۆژهەڵات-ڕۆژئاوای پۆڵەندا و وڵاتانی باڵتیک. ڕووسیا و بێلاڕووسیش وەڵامی ئەم جوڵەیە دەدەنەوە.

(شۆلز) دەیەوێت بە بەردەوامبوون لەسەر بەهێزکردنی هێزە چەکدارەکانی ئەڵمانیا، هێزێکی بەرگری بەهێزتر بۆ ئەوروپا دابینبکات. هەروەها، (ماکرۆن) جەخت لەسەر پێشنیارەکەی دەکاتەوە بۆ درێژکردنەوە و بەرفراوانکردنی چەکی ئەتۆمی فەرەنسی وەک ڕێگریکەرێکی ئەوروپی دژی هەر دەستدرێژکارێک.

نرخی نەوت دابەزینی بە خۆیەوە بینیوە، بەڵام لە ئاستی ٧٥ بۆ ٩٥ دۆلار بۆ هەر بەرمیلێک ماوەتەوە. ئەوروپا هەوڵەکانی خێراتر دەکات بۆ پشتیوانیکردنی سەرچاوەی وزەی نوێبووەوە، کە وزەی ئەتۆمیش لەخۆدەگرێت. لە دوای هەڵگیرسانی جەنگەوە، گەشەسەندنی ئابووری ئەوروپا بە ڕێژەی ١٪ کەمیکردووە، لەکاتێکدا ئابوری ئەمریکا بە ڕێژەی ٢٪ گەشەیکردووە و ئابوری چینیش بە ڕێژەی زیاتر لە ٥٪ دابەزیوە. لەگەڵ دابەزینی گەشەی ئابووری جیهانی بە ڕێژەی زیاتر لە ٤٪، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە جیهان چۆتە نێو ماوەی گەشەی هێواشی ئابوورییەوە. لە بەشێکی ئەفریقا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەهۆی وابەستەبوونیان بە گەنمی هەناردەکراوی ئۆکراینیاوە نرخەکان بەرزدەبنەوە و ناڕەزایەتییەکان پەرەدەستێنن.

لەم نێوەندەدا، ڕووسیا بەڕێژەیەکی زۆر پشت بە چین و بازاڕەکانی دیکەی ئاسیا دەبەستێت بۆ دووبارە بوژاندنەوەی ئابوورییە سستبووەکەی و هەناردەی وزە بۆ وڵاتانی ڕۆژهەڵات خێراتر دەکات. چین سنووری سیستەمی پێدانی دراوی بانکی لەگەڵ ڕووسیادا فراوانکردووە بۆ ئەوەی ڕێگا بە هەردوو وڵاتە دراوسێکەی بدات سیستەمی پارەدانی نێودەوڵەتی سویفت -SWIFT- تێبپەڕێنن کە بنکەکەی لە بەلجیکایە. ڕووسیا و چین چەندین ڕێککەوتن دەکەن بۆ بەکارهێنانی دراوی یەنی دیجیتاڵی، کە ئەمەش وادەکات پێویستییان بە دۆلار کەمتربێت. هەروەها، چین یەدەگی زێڕی ڕووسیاش سپیدەکاتەوە، کە بە نزیکەی ١٠٠ ملیاد دۆلار دەخەملێندرێت، ئەمەش لە ڕێگای گۆڕینیان بۆ یەنی چینی، کە لە دواییدا ڕووسیا لە کڕینی شتومەکی چینیدا بەکاریدەهێنێتەوە.

لەژێر ڕۆشنایی پاڵپشتییەکانی چین بۆ ڕووسیا، واشنتۆن بێجینگ-یش لە پاڵ مۆسکۆدا دەخاتە ئەم جەنگە ساردە نوێیەوە. گەمارۆکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا چەند بانکێکی چینیشی گرتۆتەوە و داوا لە هاوپەیمانەکانی دەکات کە ژمارەیەک لە ڕێکخراوە تەکنەلۆجییە چینییەکان بخەنە لیستی ڕەشەوە. سەرکردە ئەوروپییەکان وەک ڕۆڵی خۆیان دوودڵن لەوەی کە دژ بە چین بن، بەڵام لە هەمانکاتدا هەست ناکەن لە دۆخێکی ئەوەندە باشدابن کە دژی داواکانی ئەمریکا بوەستنەوە. ئەمریکا تەنانەت هەناردەکردنی پارچەکانی

تەکنەلۆجیای وەک پارچەیسلیکۆنی نیمچەگەیەنەر (سیمیکۆندەکتەری سلیکۆنی) بۆ چین ڕاگرتووە کە ئەمە زەرەری بۆ خودی ئەمریکا هەیە و وادەکات چین پەرە بە بەرهەمهێنانی تەکنەلۆجی بدات و پشت بە خۆی ببەستێ. هەروەها، ئەمریکا کۆتایی دەهێنێت بە هەڵوێستی خۆی لە «ناڕوونی ستراتیجی strategic ambiguity» بەرامبەر تایوان و ڕایدەگەیەنێت کە دەستتێوەردانی سەربازی دەکات دژی هەر دەستدرێژکارییەکی چین بەرامبە تایوان، لە کاتێکدا تایوانییەکان لە گفتوگۆدان بۆ بەدەستهێنانی سەربەخۆیی لە چین. لە بەرامبەر ئەمانەدا مۆسکۆ و بێجینگ هاوکارییە سیاسییەکانیان بەهێزتر و قووڵتر دەکەن.

سەرۆکی چین (شی جینپینگ) فراوانبوونی جەنگی سارد لەگەڵ ئەمریکا وەک سوود دەبینێت. ئەو گوتارە نەتەوەییەکەی بەکاردەهێنێت، بە کۆکردنەوەی پشتیوانی بە جەنگی ڕژێمەکەی لەگەڵ خۆرئاوا و سەرکوتکردنی نائارامییە گەشەسەندووەکان لەگەڵ دەسەڵاتەکەیدا لەنێو ئەو کەسانەی پارتی کۆمۆنیستدا کە دەیانەوێت چاکسازی لە بازاڕدا بکەن بۆ بەرزکردنەوەی ئابوورییە لەرزۆکەکەی وڵاتەکە و یەکلاکردنەوەی ناکۆکییەکانیان لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا.

لەم ژینگەیەی ئێستادا، ڕێککەوتنێکی نافەرمی لەنێوان ئەو وڵاتانەدا دروست دەبێت کە هاوپەیمان نین وەک، هیندستان، سعودیە، ئیمارات، ڤێتنام، تورکیا و بەرازیل. زۆرێک لەم وڵاتانە پەیوەندییەکی باشیان لەگەڵ ڕووسیادا هێشتۆتەوە سەرەڕای جەنگی ئۆکراینا و فشارە ڕۆژئاواییەکان بۆ گۆشەگیرکردنی مۆسکۆ. هەروەها، بەهۆی پشتبەستنی ئابوورییەکەیان لەسەر بازرگانی لەگەڵ چیندا، خوازیاری پەیوەندییەکی باشن لەگەڵ بێجینگ-یشدا.

هاوپەیمانێتی نێودەوڵەتی لەسەر هەموو بابەتەکان: لە گۆڕانی ژینگەوە بۆ ئاڵنگارییە ئابوورییە هاوبەشەکان و ستانداردەکانی تەکنەلۆجیای جیهانی و یارمەتیدانی گەشەسەندنی وڵاتە هەژارەکان، سەخت و قورستر بووە. قەیرانی ئاڵوگۆڕی پارچەکانی ئینتەرنێت قووڵتربووەتەوە، چونکە زیادبوونی ڕکابەرێتی نێوان ئەمریکا و چین وایکردووە هەر زلهێزێک هەوڵبدات زۆرترین وڵات لە بابەتە دیجیتاڵییەکاندا بۆ لای خۆی ڕابکێشێت. گەشەسەندنی ئابووری جیهانی بە بەردەوامی کشانەوە بە خۆیەوە دەبینێت و زەرەری جیهانی دەگەیەنێت. دامەزراوە نێودەڵەتییە هاوبەشەکان، لە نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بۆ ڕێکخراوی بازرگانی جیهانی و ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی بەرەو دابەزین و پاشەکشە دەچێت.

### ٣.وێرانکارییەکی ئەتۆمی A nuclear apocalypse

سەرەڕای خۆڕاگری و ئازایەتی ئۆکرانییەکان و هەوڵەکانیان بۆ بەرهەڵستیکردن و وەستاندنی داگیرکارییەکانی ڕووسیا، بەڵام ژمارەیەک شاری ئۆکراینا نزیکن لە وێرانبوونی تەواوەتییەوە. لە دۆخێکی وادا (زیلینسکی) ڕەتیدەکاتەوە دانووستان لەگەڵ مۆسکۆدا بکات. لە وڵاتانی ڕۆژئاواوە پێداگری لەسەر ئەوە دەکرێت گۆڕانکاری لە ناردنی هاوکارییەکاندا بکرێت و تەنها لە بواری چەک و کۆمەکی مرۆییدا نەمێنێتەوە. ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و وڵاتانی هاوپەیمانی ناتۆ چەندین هاوکاری چەک و تەقەمەنییان پێشکەش بە جەنگاوەران و شۆڕشگێڕەکانی ئۆکراینا کردووە، ئەمە لەگەڵ بەردەوامی مەشقپێکردنە نهێنییەکان و

دابینکردنی پەناگەی سەلامەت لە سنووری نێوان ئۆکراینا و پۆڵەندا. جەنگ بەردەوامە و لەگەڵیشیدا کۆچکردنی ئۆکرانییەکان بۆ دەرەوەی وڵات ڕوو لە زیادبوونە. تەنانەت لەو ناوچانەی کە ڕووسیا داگیرکردنی تێدا ڕاگەیاندووە، چەکدارە ئۆکرانییەکان بەردەوامن لە جەنگان و ڕووبەڕووبوونەوە و داوای یارمەتی خێرا و بەپەلە لە وڵاتانی ڕۆژئاوا دەکەن.

لە ئێستادا، بەهۆی ئەو گەمارۆ ئابووریانەی لەلایەن وڵاتانی ڕۆژئاواوە خراوەتە سەر ڕووسیا هاوڵاتیانی ئاسایی زۆرترین زیانیان لێکەوتووە تەنانەت زیاترە لەو زیانانەی لە قەیرانی ئابووری ساڵی ١٩٩٨ دا ڕوویدا. ڕێژەیەکی زۆر لە کۆچکردن بۆ دەرەوەی ڕووسیا هەیە لە چینەکانی ناوەڕاست وەک زانایان، ئەندازیاران، مامۆستایان، شارەزایانی بواری تەکنەلۆجیا و فەرمانبەرانی دیکە کە زۆرینەیان تەمەنیان لە خوار ٤٠ ساڵەوەیە، ئەمەش مەترسی بۆ سەر داهاتووی ڕووسیا دروست دەکات. سەرەڕای زیادبوونی هەڵئاوسان، کریملین ڕێگای بەوە داوە کە –پاداشتی سەرکەوتن- بدرێت بە هەموو هاوڵاتییەکی ڕووسی بۆ زیادکردنی پشتگیری نیشتیمانی. مۆسکۆ ڕێگری لە هەناردەکردنی گەنم دەکات و لە زۆربەی شارەکاندا نرخی کرێ و خۆراکە سەرەکییەکانی جێگیرکردووە. هێزی پۆلیسی ڕووسیا بە توندی ڕێگری دەکات لە دروستبوونی هەر دەنگێکی نارەزایی دژی ئەو توندوتیژیانەی هێزی سەربازی ڕووسیا لە ئۆکراینا بەکاریدەهێنێت.

کریملین نیگەرانە لە پاشەکشەپێکردنی سوپای ڕووسیا لەو ناوچانەی داگیریکردبوون بەهۆی شەڕکردنی چالاکانەی یاخیبووە ئۆکرانییەکان. کاتێک دەزگای هەواڵگری ڕووسیا -FBS- (پوتین)ی ئاگادارکردەوە لە بوونی ناوچەی پارێزراو لە پۆڵەندا کە داڵدەی شۆڕشگێڕە ئۆکرانییەکان دەدەن، سەرۆکە ڕووسییەکە دووبارە کابوسەکەی یەکێتی سۆڤییەت لە ئەفغانستان دێتەوە یادی و سوردەبێت لەسەر تێکشکاندن و لەناوبردنی ئەم جۆرە یارمەتییە. نوێنەری هەمیشەیی ڕووسیا لە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان، وێنەی مەشقی دەزگای هەواڵگری ئەمریکای بڵاوکردۆتەوە کە مەشق بە ئۆکرانییەکان دەکەن و چەندین جۆر چەکی قورس و کوشندە لە ناوچەی مەشقکردنەکەدا بوونی هەیە.

بەخێرایی ئەو تابۆ جیهانییە تێکدەشکێت کە دژی بەکارهێنانی چەکی ئەتۆمی لە دوای جەنگی دووەمی جیهانییەوە زاڵبووە: (پوتین) ڕێگای بەوە داوە کە موشەکی ئەتۆمی کۆنترۆڵکراو بەکاربێنن لە بەرەی ئۆکراینا لەسەر سنووری ئۆکراینا-پۆڵەندا لەو ناوچانەی چڕی دانیشتووانیان تێدا نزمە، بەمەش بە ڕاستەوخۆیی لە پەناگەی سەلامی ئەمریکا-ناتۆ نادەن بەڵکو بەم هۆیەوە ڕووسیا پەیامێکی بەهێز دەنێرێت دژی بوونی ئەمریکا و ناتۆ لەوێ.

لە وەڵامدا، پۆڵەندا بانگەشە بۆ پشتیوانیکردن لە ماددەی ٥ ی ناتۆ دەکات تاکو ئەندامانی هاوپەیمان بەرگری لێ بکەن و لە ڕیزی ئەودابن. ناتۆ بەپەلە کۆبوونەوەی لوتکە ڕادەگەیەنێت. هەڵۆکانی ئەمریکا داوای وەڵامدانەوەی ڕێژەیی و سنوورداری چەکی ئەتۆمی دەکەن، بەڵام ئیدارەی (بایدن) بڕیاریدا سەرەتا هۆشدارییەک بە (پوتین) بدەن کە پاڵپشتیکراو بێت بە هەڕەشەی تۆڵەسەندنەوەی ئەتۆمی. ئەمریکا مەرج دادەنێت بۆ کۆتاییهێنان بەو جەنگەی لە ئێستادا لەنێوان ڕووسیا و ناتۆدا هەیە: پێویستە ڕووسیا دەستبەجێ هێزەکانی لە ئۆکراینا بکێشێتەوە، تەنانەت لە نیمچە دورگەی -کریمیا و دۆنباس-یش. هیچ بەڵێنێک نادرێت

بەوەی ئۆکراینا نەبێت بە بەشێک لە ناتۆ. بۆ ئەوەی هەموو گەمارۆکانی ئەمریکا لەسەر ڕووسیا هەڵبگیرێت پێویستە ڕووسیا ڕازیبێت بە قەرەبووکردنەوەی هەموو ئەو زیانانەی بە ئۆکرایناى گەیاندووە. سەرکردە ئەوروپییەکان وەک سەرۆکی فەرەنسی (ئیمانوێل ماکرۆن) و ڕاوێژکاری ئەڵمانی (ئۆلاف شۆلز) گفتوگۆ لەو بارەیەوە دەکەن کە ڕووسیا بەبێ مەرج خۆی بەدەستەوە بدات. بەڵام بەهۆی بەرزبوونەوەی ئەو هەستەی کە لە دژی پێشینەی ململانێی بێوێنەی ئەتۆمی لە ئەوروپادا هەیە، بیرۆکەکەی ئەوان پشتگوێخراوە.
(پوتین) ڕازییە بە دانووستان بەڵام ئەو مەرجانە ڕەتدەکاتەوە کە ئەمریکا و هاوپەیمانانی پێشکەشی دەکەن. ناتۆ وەڵامی هێرشەکانی دایەوە بە هەڵدانی چەندین موشەکی دوورهاوێژ بۆ تێکشکاندنی بنکە سەربازییەکانی ڕووسیا لە ئۆکراینا لە نزیک سنووری ڕووسیا. (پوتین) هێرشەکانی ناتۆ بە داگیرکارییەکانی نازی -NAZI- دەچوێنێت، (پوتین) سەرکەوتووە لە بەدەستهێنانی پاڵپشتی هاوڵاتییانی ڕووسیا هەرچەندە ژمارەیەک لە نوخبە ڕووسییەکان ویستیان لەسەر حوکم لایبەن بەڵام سەرکەوتوو نەبوون. ڕووسیا وەڵامی هێرشەکانی دایەوە بە بۆمبارانکردنی موشەکی ئەتۆمی تاکتیکی کۆنترۆڵکراو بەڵام ئەمجارە هێرشەکان بەسەر سنوورەکانی پۆڵەندادا بوو.
ئەمە زنجیرەیەک لە ئاڵوگۆڕی چەکی ئەتۆمی بەدوای خۆیدا دەهێنێت: ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بنکە سەربازییەکانی ڕووسیا دەکەنە ئامانج، لەکاتێکدا ڕووسیا هێرشدەکاتە سەر بنکەکانی ناتۆ لە ئەڵمانیا و حەشارگە و کۆگاکانی ئەمریکا لە گوام و ئەلاسکا بەئامانج دەگرێت. سەرەڕای سەرنج خستنە سەر ئامانجە سەربازییەکان، نیگەرانییەکان لە هەڵکشاندان چونکە بە هەزارەها هاووڵاتی مەدەنی لە هێرشەکاندا کوژراون و ژمارەی مردووەکان لە زیادبووندان بەهۆی ژەهراویبوون بە تیشکدانی ئەتۆمییەوە. ئەمریکا و ڕووسیا هەردووکیان دەزگا سیخوڕییەکانیان و هێرشی ئەلیکترۆنی بەکاردەهێنن بۆ دەستبەسەرداگرتنی کۆنترۆڵی ئەتۆمی و پێکهاتەکانی لە ڕێگای دەزگا سەتەلایتییە ئاسمانییەکانەوە. بە پێچەوانەی جەنگی دووەمی جیهانییەوە، جەنگەکە زیاتر ئەوروپای گرتۆتەوە، لەکاتێکدا چین (هاوشانی فەرەنسا هەوڵی نێوەندگیری سەرنەکەوتووانە لەنێوان لایەنە شەڕکەرەکاندا دەدات)، بەڵام وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەفریقا و ئەمریکای لاتین بێلایەنییان هەڵبژاردووە. هەوڵەکان هەرچۆنێک بێت، جەنگی سێیەمی جیهانی دەستیپێکردووە.

### ٤.جیهانێکی نوێی چاونەترس و ئازا A brave new world

وەک ئەوەی لە سیناریۆی «وێرانکاریی ئەتۆمی»دا هاتووە، ڕووسیا موشەکی ئەتۆمی لەناو ئۆکرایینادا بەکارهێنا لە دژی پەناگەی پارێزراوی هێزەکانی ئەمریکا و ناتۆ لە پۆڵەندا کە کەرەستەی مەشق و سەربازی بۆ بەرگریکارانی ئۆکراینا دابین دەکات. زۆرێک لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەیانەوێت بە موشەکی کرووز لە شارێکی ڕووسیا بدرێت وەک تۆڵەکردنەوەیەک، ئەمەش ئەو شتەیە کە سەرکردەکانی ئەوروپا لێی دەترسن چونکە پێیانوایە دەبێتە هۆی دەستپێکردنی کارەساتی گەورەی ئەتۆمی. فشارەکانی ئەوروپا واشنتۆن ناچار دەکات کە کردەوەی سەربازی ڕابگرێت هەروەکو چۆن چین-یش بەشداری دەکات تاکو

ڕووسیا ناچار بکات هێزە ئەتۆمییەکانی لە ئامادەیی بەرزدا نەهێڵێت.
کاریگەری یەکەم شۆک و ڕاچەنینی بەکارهێنانی چەکی ئەتۆمی نزیکەی هەشت دەیەیە ترسێکی بەرفراوانی دروستکردووە لەوەی هێرشە موشەکییەکانی ڕووسیا ببێتە ڤێرژنێکی ئەتۆمی بۆ تیرۆرکردنەوەی دۆق فرانز فێردیناند کە بووە پزیسکی هەڵگیرسانی جەنگی جیهانی یەکەم. سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە کۆنفرانسێکی ئاشتیدا چین و ئیسرائیل و یەکێتی ئەوروپا کۆدەکاتەوە تاکو لە نزیکەوە پێکەوە نێوانگیری بکەن بۆ گەلاڵەکردنی ڕێککەوتنێک. ئاگربەست لە ئۆکراینا سەپێندراوە لەژێر چاودێری ڕێکخراوی ئاسایش و هاوکاری ئەوروپا (osce) و هێزە ئاشتیپارێزەکانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان (کە هەندێکیان لە سوپای ڕزگاریخوازی گەلی چینن). لە ماوەی نۆ مانگی داهاتوودا، لایەنە شەڕکەرەکان هاوڕان لەسەر ڕێککەوتنێک لەسەر کشانەوەی سوپای ڕووسیا لە ئۆکراینا و کەمکردنەوەی سزاکانی ڕۆژئاوا لە دژی ڕووسیا تا ئەو کاتەی مۆسکۆ پابەند دەبێت بەو سەفقەیە.
وەک بەشێک لە ڕێککەوتنەکە، ئۆکراینا پێگەیەکی نوێی دەبێت وەک دەوڵەتێکی بێلایەن و پارێزراوی ستراتیجی لەنێوان ڕۆژهەلات و ڕۆژئاوادا، کە لە دەستورێکی نوێی فیدراڵیدا پێناسەکراوە و لە ڕیفراندۆمێکدا پەسەندکراوە. ئەم سیناریۆیە ئۆکراینا لەڕووی ئابوورییەوە بە ئەوروپاوە دەبەستێتەوە و نیگەرانییەکانی ڕووسیا دەڕەوێنێتەوە و ئاسانکاری دەکات بۆ دووبارە بنیاتنانەوەی ڕۆژهەلاتی ئۆکراینا، هەروەها ئەمە یەکێتی ئابووری ئۆراسیای پوتین-یش لەخۆدەگرێت. ئەمەش دەبێتە هۆی هێشتنەوەی توانای خۆپڕچەککردن بە مەبەستی پاراستنی خۆی لەو سنوورانەی کە ڕێککەوتنی لەسەر کراوە وەک بەشێکی گەورەتر لە سنوورەکانی هێزە تەقلیدییەکانی نێوان ناتۆ-ڕووسیا و ڕێوشوێنەکانی بنیاتنانی متمانە. کریمیا لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە دانی پێدا دەنرێت وەکو بەشێک لە ڕووسیا دوای دەنگدانی دانیشتووانەکەی لەژێر چاودێری نێودەوڵەتیدا. دۆنیتسک و لوهانسک دەبن بە هەرێمێکی نیمچە سەربەخۆ بەپێی دەستوری نوێی ئۆکراینا. وەکو بەشێک لە ڕێکخستنەکانی ئاسایشی ئەوروپای نوێ، وڵاتانی ئەوروپای ڕۆژئاوا بە سەرکەوتووانە گوشار لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ئەندامانی ناتۆی ئەوروپای ڕۆژهەلات دەکەن بۆ هەڵوەشاندنەوەی بەڵێنەکانی پەیماننامەی ٢٠٠٨ بۆ بەرفراوانکردنی ناتۆ بە ئەندامێتی ئۆکراینا و جۆرجیا. ڕێکخراوی ئاسایش و هەماهەنگی ئەوروپا (osce) ڕۆڵێکی گەورەتر لە ئاسایشی ناوچەکەدا دەگێڕێت، بەلام میساقی ناتۆ نەگۆڕاوە و لەڕووی تیۆرییەوە هەر سیاسەتی دەرگای کراوە (open-door policy) پەیڕەو دەکات.
لەسەر بنەمای کاردانەوەی توندی جیهانی دژی ڕووسیا بەهۆی تێپەڕاندنی ئەتۆمی ڕۆبیکۆن، سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە هەوڵدایە بۆ قەدەغەکردنی هەموو چەکە ئەتۆمییە تاکتیکییەکان و گەڕانەوە بۆ ئامانجی داماڵینی چەکی ئەتۆمی. هەروەها، بزوتنەوەی داماڵینی چەکی ئەتۆمی لە ئەوروپاش پەرەیسەندووە. لە گەڕی دانووستانەکانی ستارت ٣ (START III)ی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ڕووسیادا، ڕەزامەندییان نواند لەسەر کەمکردنەوەی کلاوە ئەتۆمییە جێگیرکراوەکان بە بڕی هەزار کلاوەی ئەتۆمی بۆ هەر وڵاتێک. ڕێککەوتنە ئیزافییەکان کە حوکمی کەمکردنەوەی هێزە تەقلیدییەکان دەکەن دەبنە هۆی

سنووردارکردنی سیستەمی تەقەمەنی و ئاستی هێزەکانی ئەمریکا و ڕووسیا.
دوا بە دوای ئەوەی کۆنفرانسی ئاشتی کۆتایی بە جەنگ دەهێنێت لەناو ئۆکرایینادا و هەڵبژاردنەکانی ٢٠٢٤ی ڕووسیا نزیکدەبێتەوە، گروپێک لە ئۆلیگارشییەکان و گەورەبەرپرسانی سەربازی و هەواڵگری ئاگادارکردنەوەیەک پێشکەش بە (پوتین) دەکەن: دەستلەکارکێشانەوە یان ڕووبەڕووبوونەوەی دادگا بە تاوانی جەنگ. (پوتین) بڕیار لەسەر ئەوە دەدات کە دەستلەکاربکێشێتەوە و یادەوەرییەکانی بنووسێتەوە. هەروەها، گەلی ڕووسیا دەیەوێت چاکسازی بکات و پەیوەندییەکانی لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ڕۆژئاوادا نوێبکاتەوە، بۆ ئەوەی پشت بە چین نەبەستێت، هەروەها، حکومەتێکی هاوپەیمانی هەڵبژێرن کە گەورەبازرگانی دوورخراوە (میکایل خۆدۆرکۆڤسکی) و ئۆپۆزسیۆنی زیندانیکراوی پێشوو (ئالێکسی ناڤانی) لەخۆبگرێت. تەنانەت، لەژێر سەرکردایەتییەکی نوێشدا، هێشتا، ڕووسیا ساڵانێکی زۆری دەوێت بۆ چاککردن و هەمەچەشنکردنی ئابوورییەکەی و دووبارە بنیاتنانەوەی متمانە و داڕشتنەوەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ڕۆژئاوادا.
دانووستانەکانی ئاشتی دەربارەی ئۆکرایینا یارمەتی درەوشانەوەی ئابووری لە سەرانسەری جیهاندا دەدات. هەوڵەکانی چین بۆ نێوەندگیریکردنی ململانێکان کە بریتییە لە فشارێکی زۆر لەسەر ڕووسیا بە ڕەتکردنەوەی ڕزگارکردنی دارایی مۆسکۆ، دەبێتە هۆی دووبارە داڕشتنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان ئەمریکا و چین، کە لە ئەنجامدا دەبێتە هۆی گەڕانەوەی چوارچێوەیەک بۆ پێکەوەژیانی کێبڕکێ و جیاکردنەوەی ستراتیجی تەکنەلۆجیا و (هەتا ڕاددەیەک) کەرتی دارایی، لەگەڵ پەیوەندییەکی بازرگانییانەی زیاتر لەنێوان هەردوو هێزەکەدا. لەگەڵ ئەوەشدا، زۆرێک لە ئەندامانی کۆنگرێس فشار دەخەنە سەر ئیدارەی ئەمریکا کە نەرمی نەنوێنێت لە بەرپەرچدانەوەی ڕەفتارە عینادەکانی چین دژی تایوان لە باشور و ڕۆژهەڵاتی دەریاکانی چین. گەشەسەندنی هێزی نەرمی چین بەهۆی ڕۆڵی لە دەستپێکی گفتوگۆی ئاشتی، واشنتۆن نیگەران دەکات، چونکە زلهێزەکان بە وریاییەوە بەردەوامن لە چاولێکردن لە یەکتری و خۆیان لە ململانێی ڕاستەوخۆ بەدوور دەگرن. کۆدەنگی لەنێوان حکومەتە دیموکرات و هاوشێوەکانیدا لەسەر ڕێسا و پێوەرەکانی بازرگانی و تەکنەلۆژیا دەبێتە هۆی سنووردارکردنی ئاواتەکانی چین و پاشەکشەپێکردنی سیاسەتە پیشەسازییەکانی، ئەمەش دەبێتە هۆی چاکسازی لە ڕێکخراوی بازرگانی جیهانیدا. لەگەڵ ڕووسیای پاش (پوتین) و هەماهەنگی زیاتری چین، گروپی بیستییەکە (جی ٢٠) دەسکەوتی زیاتر بەدەستدەهێنێت و دەست دەکات بە چارەسەرکردنی کێشەکانی دیکەی جیهان لە گۆڕانی کەشوهەواوە هەتا ستاندارده ئەخلاقییەکانی زیرەکی دەستکرد.

### جیهانێکی نوێ، سیناریۆکەی هەرچییەک بێت A new world, whatever the scenario

ئەو سیناریۆیانەی کە لە پێشوودا ئاماژەمان پێکرد ئەوە نیشان دەدات کە ڕێگا هەمەجۆرە جیۆپۆلەتیکییەکان دەکرێت بگۆڕێن بەپێی ئاراستەی ستراتیجی ململانێکان لەسەر ئۆکرایینا لە داهاتوودا. بەڵام، لە چەندین ڕووەوە لە ئێستادا داشە شەترەنجە جیۆپۆلەتیکییەکان لە

شوێنی جیاوازدان لەسەر بۆردەکە بە بەراورد بە پێش هەڵگیرسانی جەنگ و دوژمنکارییەکان.
بۆ نموونە، ئەوروپا هەرگیز وەک پێش هەڵگیرسانی جەنگ نابێت. ڕۆڵی زۆر گەورەتری هەیە لە دروستکردنی قەیرانەکاندا وەک لەوەی پێشبینی دەکرا، ئەڵمانیا دوای ٧٥ ساڵ لە ئاشتی ڕێژەیی دووردەکەوێتەوە و یەکێتی ئەوروپا یەکدەگرێت بۆ ئەوەی قۆناغ بە قۆناغ لە پشتبەستن بە وزەی ڕووسیا دووربکەوێتەوە. بەشێوەیەکی فراوانتر، جەنگەکە پاڵنەرێکی نوێی بۆ هەماهەنگیکردنی نزیکتر لەنێوان وڵاتە دیموکراتییەکاندا فەراهەمکردووە. تەنانەت، ئەگەر ئاگربەست و دانووستانی ئاشتیش هەبێت، بەڵام پاشەکشەکردن و دابەزینی ڕووسیا بەخێرایی ڕوولەزیادبوونە. لە ئەمریکا پلانی ئیدارەی (بایدن) بۆ پشتگیریکردنی وڵاتە ئاسیاوییەکان بۆ گەمارۆدانی چین لە ئێستادا هەڵپەسێردراوە. ئەمریکا بۆ ئەم خولەی ئیدارەی (بایدن) سەرنجی زیاتر دەخاتە سەر ئەوروپا و سەرچاوە و هێزی زیاتر دەڕژێنێتە ئەوروپاوە. لێرەدا زیاتر پرسیارێکی کراوە هەیە کاتێک باس لە چین دەکرێت: نزیکی (شی جینپینگ) لە (پوتین)ەوە، لە جەنگی ڕووسیدا دەرفەت بە (شی جینپینگ) دەبەخشێت کە ببێتە نێوەندگیری ئاشتی، بەڵام ئایا ئەم هەلە دەقۆزرێتەوە؟
ئەم بەشە، گۆڕانکارییە بەردەوام و ئاراکانی جیهان هەڵدەسەنگێنێت، کە بەڵگەن لەسەر ئەوەی تا ئێستا و چۆن سیناریۆکانمان دەتوانن بەشێوەیەکی گەورە کاریگەری لەسەر جوڵەی شوێنەکانی ئەم داشی شەترەنجانە بکەن.

سەرچاوە: ئەتڵەنتیك کونسوڵ

www.atlanticcouncil.org

Link: How will the Russia-Ukraine war reshape the world? Here are four possible futures. - Atlantic Council

# شەڕ لە ئۆكراینا و بەرگری یەكێتی ئەوروپا

نوسینی: سۆفیا بێش

وەرگێڕانی: مەڵبەندی دیراساتی گشتی

یەکێتی ئەوروپا لە هەوڵدایە بۆ بەهێزکردنی توانا بەرگرییەکانی پاش لەشکرکێشییەکانی سوپای ڕووسیا بۆ سەر ئۆکراینا، بەڵام بەڵێنی ڕێکاری سیاسی نوێی پەرەپێدراوی بەرگری بەبێ بوونی پاڵپشتی دارایی و سەرنج و بایەخپێدانی زیاتر ڕەنگە پاڵهێزەکەی لەدەستبدات.
سیاسەتی بەرگری یەکێتی ئەوروپا لە سەرەتای دامەزراندنییەوە لە کۆتایی نەوەدەکانەوە ئەدایەکی لاوازی هەبووە. توانای دەستێوەردانی سەربازیی یەکێتی ئەوروپا لاوازە و وەک ئەکتەرێکی بەرگریش تاڕاددەیەکی زۆر پەیوەندی بە زۆربەی ململانێکانی دراوسێی ئەوروپاوە نییە. چاودێران ڕۆڵی پەراوێزیی یەکێتی ئەوروپایان لە ئاسایشی ئەوروپادا ڕوونکردۆتەوە بە ئاماژەدان بە نەبوونی ڕوانینێکی هاوبەشی هەڕەشە بۆ سەر ئەوروپا، کەمی سەرچاوەی دارایی، کورتهێنان لە پێشنیاری سیاسەتی داهێنەرانەدا، حکومەتە یەک لە دوای یەکەکانی ئەمریکا ئامادەن گەمارۆی تموح و ئاواتەکانی یەکێتی ئەوروپا بدەن و وڵاتانی ئەندام نایەنەوێ دەسەڵاتی بەرگریی ببەنە ئاستێکی سەروونەتەوەییەوە. لەبری ئەمە، ناتۆ بە پێکهاتە بڕیارییە سەروو حکومەتییەکەی و گەرەنتییەکانی ئاسایشی ئەمریکا و سیستەمی بەرگری ٣٦٠ پلەوە، بڕبڕەی پشتی ڕێکخراوەیی بووە بۆ بەرگری ئەوروپی.
کەواتە شتێکی نامۆ نییە کە لە ساڵی ٢٠١٤ دا کاتێک بۆ یەکەمجار ڕووسیا هێرشی کردە سەر ئۆکراین و خاکی نیمچەدورگەی کرایمیا بەشێوەیەکی نایاسایی حکومەتەکانی ئەوروپا کۆبوونەوە و ئاواتەکانی یەکگرتوویی ئەوروپا لە یەکێتی ئەوروپادا لەو کاتەدا پووکایەوە. لە ساڵی ٢٠٢٢ دا ناتۆ بۆ جارێکی دیکە بوو بە مەڵبەندێکی سەرەکی ئەوروپا بۆ بەرپەرچدانەوەی لەشکرکێشییەکانی ڕووسیا، بەڵام لەسەر ئاستی یەکێتی ئەوروپا لە ساڵی ٢٠١٤ وە شتەکان گۆڕانکارییان بەسەردا هاتووە. لە ساڵانی دواتردا، لێکترازانی سەرۆکایەتی دۆناڵد ترامپ و دەنگدانی بریتانیا بۆ برێگزیت هەوڵەکانی بەرگری یەکێتی ئەوروپایان دووبارە هەڵگیرساندەوە. پایتەختەکانی یەکێتی ئەوروپا و برۆکسل پابەندبوون بە سەلماندنی هەر شتێک کە پەیوەندیدار بێت بە بەردەوامی یەکێتییەکەوە، لەنێویاندا بابەتەکانی بەرگری. دەستیانکرد بە بنیاتنانی ژێرخانی بەرگری بیرۆکراتی کە دەسەڵاتەکانی ڕێکخستنی و بودجەیی یەکێتی ئەوروپا بۆ سیاسەتی پیشەسازی بەرگری دەسەبەر دەکات.
لە ساڵی ٢٠٢٢دا، لە ڕۆژەکانی سەرەتای جەنگەکەوە، ئەم بیرۆکراسییە نوێیە پێشنیاری سیاسەتی بەرهەمهێناوە سەبارەت بە چۆنیەتی بەکارهێنانی ئامرازە پیشەسازییە بەرگرییەکانی یەکێتی ئەوروپا لە چوارچێوەی شەڕدا. زۆرترین بەڵێنەکان ئەوانەبوون کە سەرنجیان لەسەر ڕێکخستنی هەوڵەکانی دووبارە پڕچەککردنی ئەوروپا و دروستکردنی بنکەیەکی پیشەسازی بەرگری بەهێزتر بۆ ئەوروپا بووە. ئەمەش دەکرێت تەواو بەسوودتر بێت لەو هەوڵە بەرگری و بەرپەرچدانەوانەی ناتۆ دەیدات. لە ئێستادا، ئەوان پێویستیان بە پارە و پشتیوانی سیاسی هەیە بۆ ئەوەی کاریگەربن، کە بەبێ ئەوە تەنانەت گونجاوترین دەستپێشخەرییەکانیش لەژێر تواناکانیاندا گیردەخوات و بە هەڵواسراویی دەمێنێتەوە.

## هەنگاوە گەورەکانی یەکێتی ئەوروپا و هەنگاوە بچوکەکانی بەرگری ئەوروپی

دەستپێشخەرییە نوێیەکانی کۆمسیۆنی ئەوروپا بۆ کڕینی پێداویستییەکان بە هەند وەردەگیرێت. هۆکارەکە سادەیە: حکومەتەکانی ئەوروپا ڕایانگەیاندووە کە بودجەی بەرگریان لە ساڵی ٢٠٢٢ دا بەشێوەیەکی بەرچاو زیادیکردووە. تا ئێستا گەمەی گرتن و ڕاوەدوونان دەکەن: پێشبینییەکان نیشانی دەدەن کە ئەمە تا ساڵی ٢٠٢٣ دەخایەنێت تا دواجار قەیرانە داراییەکان ئاسایی دەبێتەوە. بەڵام بۆ یەکەمجار لەدوای دەیان ساڵ، بەرگری ئەوروپا چیتر نەیتوانیوە ئەم کورتهێنانە بەو بڕە پڕبکاتەوە. بەڵام ئێستا ئەوروپییەکان پارەی زیاتر بۆ پڕکردنەوەی بۆشاییەکانیان لە بەرگریدا خەرج دەکەن، کە هەندێکیان درێژخایەنن و هەندێکیان بەهۆی ناردنی چەکەوەیەوە بۆ ئۆکراین، شتێکی ئاساییە کە هەماهەنگی لەگەڵ کڕیارانی چەکەکانیاندا بکەن.

ئەمە دەرفەتێکە بۆ بە مۆدێرنکردنی سوپای ئەوروپا و دڵنیابوون لە یەکتر بۆ کارکردنی چەکەکانیان و دروستکردنی بنکەیەکی پیشەسازی بەرگری ئەوروپی بەهێزتر. بەڵام زۆرجار کڕینی ئامرازی بەرگری هاوبەش کارەکە قورس و خاو دەکاتەوە. حکومەتەکانی ئەوروپا لەجیاتی ئەوە مەیلیان بۆ ئەوە هەیە کە بودجەکانی خۆیان بۆ کۆمپانیا بەرگرییە ناوخۆییەکانیان بگوازنەوە یان لەڕێی وڵاتانی سێیەمەوە دابینی بکەن. دابینکردن و کڕینی کەرەستە بەرگرییەکانی یەکێتی ئەوروپا لە کاتی جەنگەوە تا ئێستا بەشێوەکی تەنسیقی بەڕێوەنەچووە: تەنها لە ١٨٪ ی سەرجەم وەبەرهێنانی بەرگری لەلایەن وڵاتانی ئەندامەوە بە هاوکاری لەگەڵ وڵاتانی دیکەی یەکێتی ئەوروپا ئەنجامدراوە.

ئەم کۆمسیۆنە دەیەوێت پاڵنەرە داراییەکان بەکاربهێنرێت بۆ هاندانی هەماهەنگی و باشترکردنی ئەداکان بۆ ئەوەی دواکەوتن و تێچووی زیادە کەمبکەنەوە. بۆ ئەم مەبەستەش پێشنیاری سندوقێکی کورتخایەن کراوە (یاسای بەهێزکردنی پیشەسازی بەرگری ئەوروپا لەڕێگەی کڕیارانی هاوبەشەوە، یان EDIRPA). هەرچەندە، EDIRPA تەنها دەستی بە ٥٠٠ ملیۆن یۆرۆی کۆی بودجە دەگات لە کۆتایی ئەمساڵەوە تا ساڵی ٢٠٢٤ بۆ هاندان بۆ ئەو کارانەی کە باس لە پێداویستییە بەپەلە و گرنگەکانی توانای بەرگری دەکەن (کە لەلایەن کۆمەڵەیەکەوە جێبەجێ دەکرێت کە لانیکەم سێ وڵاتی ئەندامی یەکێتی ئەوروپا لەخۆدەگرێت). ئەم بڕە پارەیە بەس نییە بۆ ئەوەی کاریگەرییەکی ئەوتۆ بکات. نموونەی زیاتر هەیە: لە مانگی نیساندا بڕی ٢ ملیار یۆرۆ دابینکرا بۆ ماوەی ٥ ساڵ بەڵام زۆربەی پارەکانی لەو بودجەیەوە وەردەگرێت کە پێشتر بۆ سندوقی بەرگری ئەوروپا تەرخانکرابوو. ئەم سندوقە پاکێجێکی ٧.٩ ملیار یۆرۆیە بۆ پشتگیریکردنی توێژینەوە و پەرەپێدانی توانستە بەرگرییەکان بۆ یەکێتی ئەوروپا کە لە ماوەی ٧ ساڵی داهاتوودا خەرجدەکرێت، لە کاتێکدا خۆی لە دوایین خولی دانووستانەکانی بودجەی یەکێتی ئەوروپادا زیانێکی زۆری بەرکەوت: کۆمسیۆنەکە سەرەتا پێشنیاری خەرجکردنی ١٥ ملیار یۆرۆی لە ماوەی ٧ ساڵدا کرد، بەڵام وڵاتانی ئەندام بودجەی سندوقەکەیان بۆ زیاتر لە نیوە بڕی.

لەگەڵ ئەم دەستپێشخەرییانەدا یەکێتی ئەوروپا کە لەسەرەتادا وەک پڕۆژەیەکی ئاشتی

دروستبوو وە بەشێوەیەکی تەکنیکی، ڕاستەوخۆ کڕین و دابینکردن و گەیاندنی کەرەستەی بەرگری ڕێگەپێدراو نەبوو بەڵام ئێستا ئەو وێنە ناوخۆییانەی شکاندووە و ڕێبازێکی نوێ و داهێنەرانە بۆ سیاسەتی بەرگری پەیڕەو دەکات. یەکێتی ئەوروپا سەرنجی خستۆتە سەر بەکارهێنانی پاڵنەرە داراییەکان بۆ هاندانی ڕەفتارەکانی وڵاتانی ئەندام تاکو گۆڕانکاریی لە سیاسەتەکانیاندا نیشان بدەن. بۆ نموونە ڕێنماییەکانی کۆمسیۆنی ئەوروپادا لە ساڵی ٢٠٠٩ سەبارەت بە دابینکردنی سیستمی بەرگری، ڕێگەی بە گرتنەبەری ڕێوشوێنی پێشێلکاریی بەرامبەر ئەو وڵاتانەدا کە ئەولەویەتییان بە کۆمپانیاکانی بەرگری نیشتیمانی تایبەت بە خۆیان بەخشیوە. بەڵام ڕێبازی «دار، sticks»ی ڕێکخراوەیی هەرگیز سەرکەوتوو نەبووە لە گۆڕینی ڕەفتاری ئەو حکومەتانەی کە پابەندبوون بە بڕیاردانی سەروەری خۆیانەوە لەسەر بابەتە بەرگرییەکان. لەم ساڵانەی ڕابردوودا، کۆمسیۆن وازی لە بەرژەوەندی «گێزەر، carrots»ی دارایی هێناوە بە بەبێ سەرچاوەی پێویست و سەرنجی سیاسی، بەڵام ئەوەی تێبینی دەکرێت هەنگاوی گەورە بۆ پێشەوە لە ناو یەکێتییەکەدا هەیە کە لە چوارچێوەی شەڕ لە ئەوروپادا بچوک دەردەکەون.

## هەوڵێکی بێ سەرکردە

کێشەکە لە بنەڕەتدا نەبوونی دەرفەت یان نەبوونی بیرۆکە نییە، بەڵکو نەبوونی سەرکردایەتییە، لەمڕۆدا هیچ کەسێک «خاوەنی» سیاسەتی بەرگری یەکێتی ئەوروپا نییە. ڕێککەوتنی نێوان فەڕەنسا و شانشینی یەکگرتوو لە مێژە پێویستبووە بۆ زامنکردنی پێشکەوتن لە سیاسەتی بەرگری ئەوروپادا. لە پاش چوونە دەرەوەی شانشینی یەکگرتوو لە یەکێتی ئەوروپا زۆرێک لە وڵاتان ڕوویان لە فەڕەنسا و ئەڵمانیایە، بەڵام فەڕەنسا و ئەڵمانیا لەسەر ئاداتی چۆنیەنی دارشتنەوەی دووبارە چەکدارکردنەوەی ئەوروپا ناکۆکن. فەڕەنسا، ئەڵمانیا تۆمەتبار دەکات بەوەی بە هیچ جۆرێک خواستی ئەوەی نییە کە بنکەیەکی پیشەسازی بەرگری ئەوروپی دروست بکرێت و پاریس بڕیارەکەی بەرلین پەسەند ناکات بۆ خەرجکردنی ئەو یارمەتییە زیادەیەی بەرگری کە لەژێر ئاڵای «خاڵی وەرچەرخان، Zeitenwende»ی خۆیدا بەڵێنیداوە بۆ کڕینی ئامێرە دروستکراوەکانی ئەمریکا.
لەلایەکی دیکەوە، بەرلین گومان لە پاریس دەکات بەهۆی پاڵنان بە «کڕینی ئەوروپی»یەوە کە مەبەست لێی کڕینی بەرهەمە ئەوروپییەکانە، چونکە بەرلین دەیەوێت کۆمپانیاکانی خۆی سودمەند بن لە سەرچاوە داراییە نوێیەکان. لە هەمان کاتدا، ئەڵمانییەکان جەخت لەوە دەکەنەوە کە پێویستە جبەخانەکان بەخێرایی پڕبکرێنەوە، هەروەها پرۆژەی تواناکانی ئەوروپا ناتوانێت خێرا بێت بە ڕاددەی خێرایی دابینکەرانی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا. قەڵغانی ئەوروپی ئاسمانی ئەو دەستپێشخەرییەیە کە بەرلین دەستیپێکرد. ئامانج لەم دەستپێشخەرییە ئەوەیە کە ئەڵمانیا دەیەوێت ئەوروپییەکان بە هاوبەشی سیستمی بەرگری ئاسمانیان هەبێت. هەروەها، فەڕەنسا گومانی لەوە هەبووە کە ڕاوێژی پێ نەکراوە و ناڕەزایەتی دەربڕیوە سەبارەت بە پلانەکەی ئەڵمانیا بۆ دروستکردنی قەڵغانە ئاسمانییەکە

لەگەڵ ئەڵمانیا و ئیسرائیل و ئەمریکا لەبری ڕۆیشتن لەگەڵ بژاردەیەکی ئەوروپیدا. بابەتە گرنگەکە ئەوەیە کە تەنانەت ئەگەر پاریس و بەرلینیش ڕێکبکەون لەسەر بەرگری ئەوروپا، بەشەکانی تری ئەوروپا مەیلی پەیڕەوکردنیان نابێت، لە سەرەتای دروستبوونی شەڕی ئۆکرایناوە هەردوو وڵات متمانەیان لەناو ئەوروپادا لەدەستداوە. هەروەها، دوودڵییەکانی ڕاوێژکاری ئەڵمانیا (ئۆلاف شۆڵز) لەسەر بابەتی وازهێنانیان لە بۆڕی غازی (نۆردستیم٢) نارەزایی لێکەوتەوە. (ئیمانوێل ماکرۆن) سەرۆکی فەرەنسا هەوڵیدا کە خۆی وەک نێوەندگیر لەگەڵ (ڤیلادمیر پوتین) سەرۆکی ڕووسیا جێگیر بکات، ئەمەش بووە هۆی ناوبانگپێدانێک بۆ خۆی وەک ئاشتیخوازێک. لە هەمان کاتدا، هەردوو وڵاتانی فەرەنسا و ئەڵمانیا ڕەخنەی زۆریان لێگیراوە لەسەر ئەوەی کە چەکی پێویستیان بۆ ئۆکراینا نەناردووە.
لەبری دووانە فەرەنسی-ئەڵمانیایەکە، زۆرجار وڵاتانی هێڵی پێشەوەی باکور و ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا لە بەرەی پێشەوەی بەرپەرچدانەوەی جەنگەکە بوون. بەڵام پێناچێت ئەوان ببنە قەڵغانی بەرگریکردنی ئەوروپا و تەرکیز بکەنە سەر هەرێمەکانی بەرگریی ناتۆ و هەوڵی بەرپەرچدانەوە بدەن، چونکە گومانیان لە ڕۆڵی بەرگریکارانەی یەکێتی ئەوروپا هەبووە. هەروەها ئەو وڵاتانە گومانیان لە دەستپێشخەرییەکانی یەکێتی ئەوروپا هەبووە بەوەی تەنها سوودی بۆ کۆمپانیا بەرگرییە گەورەکانی فەرەنسا و ئەڵمانیا و ئیتاڵیا هەبووە نەک بۆ کۆمپانیا بەرگرییە بچوک و مامناوەندەکانی خۆیان. هەروەها، نیگەرانن لەوەی ئەمریکا و ئیدارەی بایدن تەنها وەکو ئامرازێک لێیان دەڕوانێت، چونکە تەنها بە مەرجێک پێشوازی لە هەوڵەکانی بەرگری یەکێتی ئەوروپا دەکەن کە «تەواوکەری ناتۆبن و لەگەڵ ناتۆدا کاربکەن». هەروەها، زۆربەی بەرپرسانی ئەمریکا بە ئاشکرا گومانیان هەیە لەوەی کە ئەوان وەک پارێزەری یەکێتی ئەوروپا لێیان دەڕوانرێت.
هیچ سەرکردایەتییەک لە برۆکسلەوە نایەت، تەنانەت (ئۆرسولا ڤۆن دێت لاین) سەرۆکی کۆمسیۆنی ئەوروپا ڕۆڵێکی چارەنووسسازی گێڕاوە لە چۆنیەتی بەرپەرچدانەوەی یەکێتی ئەوروپا بۆ شەڕ لە ڕووی سزاکان و ڕێوشوێنەکانی سیاسەتی وزەوە. بەڵام هیچ بایەخێکی ڕاستەقینەی بۆ سیاسەتی بەرگریی نیشان نەداوە. لە کاتێکدا، کە (ژان کلۆود یونکەر) کە سەرۆکی پێشووی کۆمسیۆنەکە بوو بەهێزکردنی بەرگری ئەوروپای کردبووە کاری لەپێشینەیی ئیداریی کۆمسیۆنەکە و زەمینەی نوێی بەردەستخست بە دەستپێشخەرییەکانی بۆ دابینکردنی بودجە بۆ توێژینەوە و پەرەپێدانی بەرگری و گرنگیدان بە باشترکردنی جوڵەی سەربازی لە ئەوروپادا، وتارەکەی لە مانگی ٩ ی ٢٠٢٢ دا وتارێکی جەنگی بوو هەروەها لە زۆر ڕووەوە ئاماژەی بە هاوکاری جەنگی یەکێتی ئەوروپا نەکردبوو.

## کەمتر ڕوئیای درێژخایەن و زیاتر پارەی کورتخایەن

بە ڕوانین لە داهاتوو ئاسانە وێنای ئەو دەستپێشخەرییە بەرگریکارانەیەی یەکێتی ئەوروپا بکرێت و ئەو زەبرە کەمەی کە هێشتا ماویانە لەدەستبچێت. لە ئێستاوە، دەستپێکردنی ڕاگەیاندنی زیادکردنی بودجەی نیشتیمانی کەمتر شیاوی سەرنجڕاکێشانە –لەنێوان

هەڵاوسان و ڕێوشوێنە درێژخایەنەکاندا- هەروەها «یارمەتییە تایبەتەکە»ی ئەڵمانیا بۆ هێزە چەکدارەکان (Bundeswehr) کەمتر سەرنجراکێش دەبێت. هەروەها، شانشینی یەکگرتوو پلانی زیادکردنی بودجەی دواخستووە. ئەگەر هەیە کە قەیرانی وزەی ئەوروپا لە ماوەی مانگەکانی زستاندا زۆربەی پایتەختە دارایی و سیاسییەکان بگرێتەوە. ئەو یارمەتییە داراییەی کە پێویستە بۆ دووبارە بنیاتنانەوە و ئاوەدانکردنەوەی ژێرخانی ئۆکراینا وادەکات کە خەرجییە بەرگرییەکان وەک ئەولەویەتی خەرجییەکان نەمێنێتەوە بەتایبەتی لە چوارچێوەی پاشەکشەی ئابووریدا. سەرباری ئەوەش، لەگەڵ بەرەوپێشچوونی شەڕەکەدا، یەکێتی ئەوروپا نزیکدەبێتەوە لە هەڵوەشانەوە، وڵاتانی باشوری ئەوروپا، ڕووسیا وەک هەڕەشەیەک بۆ ئاسایشی نەتەوەیی وڵاتەکانیان نابینن بەو ڕاددەیەی کە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا دەیبینن. خراپی ئەدای سەربازی ڕووسیا لەلایەن هەندێک لە وڵاتانی ئەوروپاوە وەک نیشانەیەکی ئەرێنی بۆ ئارامبوونەوە دەخوێندرێتەوە. لەم نێوانەدا، ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییە ترسەکانی ئەوروپای کەمکردەوە لە پاشەکشە و کەمتر بەژداریکردنی سەربازی ئەمریکا لە جەنگی ئۆکراینادا، لانیکەم لە کورتماوەدا.

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، هێشتا دەکرێت سیناریۆیەکی بەدیل لە خەیاڵدا بێت. بەو شێوەیەی کە فەڕەنسا و ئەڵمانیا لەم چەقبەستووییەی ئێستایان دەربچن و بەسەر ئیرەیی و خۆپەرستی پیشەسازی بەرگرییاندا زاڵبن. ئەو پرۆژە سەرەکییانەی کە لە توانای ئەوروپادایە وەک فڕۆکەی جەنگی سیستمی ئاسمانی شەڕی داهاتوویی و سیستمی سەرەکی جەنگی زەمینی، کە ساڵانێکە بە هۆکاری دواکەوتن و ناکۆکی لەسەر سەرکردایەتی بواری پێشەسازی و هاوبەشیکردنی کار و تەکنەلۆجیاوە گیرۆدەبوون بەدەست ڕێکنەکەوتنەکانی نێوانیانەوە و لەم دواییەدا کەمێک بەرەوپێشچوونیان بەخۆیانەوە بینیوە. پاریس و بەرلین دەتوانن دووبارە متمانەپێکردنیان بە یەکتری بەدەستبهێننەوە بەوەی کە هەردووکیان بە جددی بەردەوامی بدەن بە یارمەتییەکانیان بۆ ئۆکراینا و خۆبەخشانە سەرکردایەتی دووبارە بنیاتنانەوەی ئۆکراینا بگرنەدەست. بەرژەوەندییە پیشەسازییە بەرگرییە ناوخۆییەکان بووەتە هۆی ئەوەی کە ئەمریکا بەردەوامبێت لە ئەولەویەتدان بە فرۆشتنی چەک بە ئەوروپا. لە کاتێکدا، بە دوور دەزانرێت کە ئەمریکا دەستبەرداری ئەو قازانجە بێت کە قاعیدەکانی پیشەسازیی ئەمریکا لە فرۆشتنی چەک بە ئەوروپا پەیدای دەکەن، بەڵام سەرەڕای ئەوەش واشنتۆن دەتوانێت پێداگری لەسەر هەنگاوەکانی بکات بەرەو وەبەرهێنانی زیاتر لە پەرەپێدانی ئەو توانایانەی کە لەلایەن یەکێتی ئەوروپاوە پشتگیری لێکراوە، بۆ نموونە لەڕێگەی هاندانی هەماهەنگی پێواژۆکانی بەرگریی نێوان ئەوروپا و ناتۆ.

بەرگری ئەوروپا پێویستی بە «ڕۆئیا»ی دیکە نییە، پاڵنەرەکانی (جەنکەر) سەرۆک وەزیرانی لۆکسمبۆرگ بۆ «سوپای یەکێتی ئەوروپا» و «ستراتیجی خۆبەڕێوەبەریی»یەکەی (ماکرۆن)، هەردووکیان بووە هۆی مشتومڕی درێژخایەن لەسەر بابەتە هزری و ئایدۆلۆجییەکان، کە لە کۆتاییدا، لێکەوتەی خراپی لە لێکەوتەی باش زیاتربوو. لەبری ئەوە، وڵاتانی ئەندام دەبێت سەرچاوە بۆ یەکێتی ئەوروپا دابین بکەن تاکو بتوانێت بەهای خۆی بسەلمێنێت.

بڕیاری گرنگ لە داهاتوودا دەدرێت. کۆمسیۆنەکە دەیەوێت بەدواداچوون بۆ دەستپێشخەرییە

کورتخایەنەکەی EDIRPA بکات، لەگەڵ دەستپێشخەرییە درێژخایەنەکەی پرۆگرامی بەرگری وەبەرهێنانی ئەوروپی (EDIP)، ئەم پرۆگرامە لەڕێگەی پارەی زیاترەوە جێبەجێ دەکرێت بە مەبەستی پشتگیریکردن لە ڕێوشوێنە هاوبەشەکان (لەوانەش لێخۆشبوون لە بەهای باجی زیادکراو). بەرگری وەبەرهێنانی ئەوروپی (EDIP) لە ساڵی ٢٠٢٣ دا دانووستانی لەبارەوە دەکرێت بۆ ئەوەی لە ساڵی ٢٠٢٤ دا دەستپێبکات، مەترسییەکە لە بنەڕەتدا ئەوەیە کە ئەم دەستپێشخەرییانە دیسانەوە پارەیان بە مەبەستی کاریگەربوون بۆ خەرج ناکرێتەوە. کۆمسیۆنی ئەوروپا و پەرلەمانی ئەوروپا هەردوولایان دەیانەوێت «پێداچوونەوەیەکی خوازیارانە» بە بودجەی ٧ ساڵەی ئەوروپا لە ساڵەکانی ٢٠٢١ بۆ ٢٠٢٧ لە ساڵی ٢٠٢٣ دا بکەن، بەڵام گەرەنتیکردنی هەر بەرزبوونەوەیەک لە بودجەکانیان دوورە لە ڕوودانەوە. لە ساڵی ٢٠١٩ دا هەڵۆکانی دارایی بەرلین و وڵاتانی ئەندامی پارێزراوی دیکە ڕازیبوون بە قەرزکردن لە چوارچێوەی قەرزی (پاندەمیک) واتە حاڵەتی لەناکاو و مەترسی لە ڕاددەبەدەر. بەڵام ئەوان ئامادەنین لۆژیکێکی هاوشێوە بگرنەبەر بۆ وەڵامدانەوەی قەیرانەکانی ئەمڕۆ. بەدوور لەو سەختییە سیاسییانەی کە پەیوەندییان بە زیادکردن یان تەنانەت تەرخانکردنەوەی سەرچاوەکانی بودجەوە هەیە، پێویستی بە وڵاتانی ئەندامە کە شەڕ بۆ دەستپێشخەرییە بەرگریکارییەکانی یەکێتی ئەوروپا بکەن بە مەبەستی دروستکردنی گۆڕانکاریی. لە دواییین دانووستانەکانی بودجەدا هیچ کام لە حکومەتەکانی ناو یەکێتی ئەوروپا خاوەندارێتی دۆسیەی بەرگری ئەوروپایان نەکرد: ئەو یارمەتییە داراییانەی کە یەکێتی ئەوروپا لە سەرەتاوە بۆ بەرگریکردن تەرخانی کردبوون بەشێوەیەکی بەرچاو کەمکرانەوە.

سەرنجەکان و بەشداری دەوڵەتە ئەندامەکان نەک تەنها لەسەر پرسیارەکانی بودجە پێویستە، بەڵکو کاتێکیش کە باس لە داڕشتنی دەستپێشخەرییە بەرگریکارییەکانی یەکێتی ئەوروپا دەکرێت، بۆ نموونە کۆمسیۆنەکە بەلایانەوە باشە کە تەنها بە هاندان تواناکانی زۆرینەی یەکێتی ئەوروپا دابین بکرێت، بەڵام هەموو حکومەتەکە لەگەڵ ئەم هەڵوێستەدا نین.EDIRPS کە لە سەرەتاوە لەلایەن کۆمسیۆنەوە وەک دەستپێشخەرییەک بۆ دەستەبەرکردن لەڕێگای «کڕینی ئەوروپییەکان»ەوە بیری لێکراوەتەوە و لەلایەن وڵاتانی ئەندامەوە هەموارکرایەوە بۆ ئەوەی زیاتر کراوەبێت بۆ دابینکەرانی وڵاتی سێیەم، چونکە پیشەسازی ئەوروپی نەیتوانیوە لەگەڵ خواستەکانی ئێستای ئەوروپادا بگونجێت. لە بەرامبەردا حکومەتەکانی یەکێتی ئەوروپا ڕوو لە ئەمریکا دەکەن، -لە کاتێکدا خۆی کێشەی دابینکردنی هەیە- هەروەها، هەتا دێت دابینکەرانی دیکەی وەک کۆریای باشور زیاد دەکەن، بۆ ئەوەی بە خێرایی جبەخانەکانیان پڕبکەنەوە.

هەروەها ئاڵنگاری گەورە هەیە سەبارەت بە هاوسەنگکردنی پێویستییە زەرورەکان بۆ بەهێزکردنی توانا ئاساییەکانی ئەوروپا لەگەڵ پێویستی درێژخایەن بۆ توێژینەوە و پەرەپێدان و داهێنان. ناساندنی ئامرازەکانی چاودێری دیموکراسی بۆ دەستپێشخەرییە بەرگرییەکانی یەکێتی ئەوروپا دەتوانێت یارمەتیدەر بێت لە زیادکردنی شەرعیەت و تەمەنیان. بۆ ئەوەی وڵاتانی یەکێتی ئەوروپا ئەولەویەت بدەن بە ڕەچاوکردنی یەکێتی ئەوروپا و بازاڕی بەرگریکردن زیاتر دەرگیر بێت بە بەرژەوەندییە پیشەسازییە خۆجێییەکان، ڕەنگە کاتی دووبارە گەڕانەوە

بێت بۆ هەیکەلیەتی ڕێکخراوەیی، سەرەڕای بایەخی لایەنی دارایی.
بێگومان، دەستپێشخەرییە پیشەسازییە بەرگرییەکانی یەکێتییەکە یەک پارچەن لە مەتەڵی سەرهەڵدانی تەلاری ئاسایش و بەرگری ئەوروپا. بەرگری ناتۆ و هەوڵەکانی ڕێگریکردن هەردەم بەم شێوەیە پێویست دەمێنێتەوە. بەڵام لەکۆتاییدا یەکێتی ئەوروپا دەبێت زیاتر لە سیاسەتی بەرگری پیشەسازی خۆی بڕوانێت بەرەو شێوەپێدان و داڕشتنی ڕۆڵەکەی وەک دابینکەرێکی ئاسایش لەناو ئەوروپا لە باشور و ڕۆژهەڵاتدا. لە ناوەندی شەڕێکدا لە ئۆکراینا، واشنتۆن لە ئێستادا خۆی پابەندکردووە بەو هەڕەشە توندانەوەی کە ڕووسیا دروستی دەکات و هاوپەیمانێتییەکەی ئامانجێکی نوێی دۆزیوەتەوە، بەڵام ناتۆیەکی تەندروست بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی سودی پێشبینیکراوی یەکێتی ئەوروپا وەک کاراکتەرێکی بەرگریکار لانادات. ئەمریکا هێشتا بەدوای ئەوەدا دەگەڕێت تا لە کۆتاییدا سەرچاوەکان دوور لە ئەوروپا دابینبکاتەوە.
لەگەڵ ئەوەشدا، لە چوارچێوەی شەڕی بەردەوامی ئۆکراینادا، پێشنیازی ئەوروپا سەبارەت بە بەرگری ئەوەیە کە بودجە و ئامرازە ڕێکخراوەکانیان بەکاربهێنن بۆ یارمەتیدانیان لە دروستکردنی قاعیدەیەکی پیشەسازی بەرگری ئەوروپیدا کە بتوانێت توانای پێویست بەکاربهێنێت لە مۆدێرنەکردنی جبەخانەکانی ئەوروپادا. ئەمەش وادەکات کە ئەوروپا کەمتر پشت بە دابینکەرانی وڵاتانی سێیەم ببەستێت بۆ زامنکردنی ئاسایش و فراوانکردنی توانای ئەوروپا بۆ سەقامگیرکردنی ناوچەکانی خۆی.
یەکێتی ئەوروپا شانازی بەو توانایانەی خۆیەوە دەکات کە لەڕێگای قەیرانەکانەوە گەشە دەکەن. ئەوروپییەکان زۆربەی جار دەڵێن کە قەیرانی دارایی و قەیرانی کۆچ و پەتای کۆرۆنا هەموویان بوونەتە هۆی گۆڕانکاری لە پێکهاتە دامەزراوەییەکانی یەکێتییەکە و چوارچێوە یاساییەکان و بودجە و ڕێکارە یاساییەکان، کە بوونەتە هۆی بەرەوپێشچوونی یەکێتی ئەوروپا، بەڵام ئەم گەڵاڵەیە جێگای مشتومڕە، هەرچەندە، لە واقیعدا، پێشکەوتن هەندێکجار سەرلێشێوێنەرە.
بەرگری یەکێتی ئەوروپا بۆ دەیان ساڵە لە دۆخێکی چەقبەستووی پێشبینیکراودایە کە بەدوای ڕۆڵی خۆیدا دەگەڕێت لە ئاسایشی ئەوروپادا. گەڕانەوەی جەنگی گەورە بۆ کیشوەرەکە پێویستە ڕوونکردنەوەی لەسەر بدرێت و پرۆسەی بیرۆکراسی خێراتر بکات. هەروەها، بەشێوەیەکی بەردەوام یارمەتی دارایی بۆ دەستپێشخەرە بەرگریکارییەکانی یەکێتی ئەوروپا زیاد بکات، بەڵام، هیچ گەرەنتییەک نییە. تا ئێستا پاڵنەرە نەتەوەییەکان زاڵن و سەرنجە سیاسییەکانیش لە شوێنی خۆیاندا نین. ئەگەر هیچ گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی ڕوونەدات ئەوا پڕۆپۆزەڵەکانی بیرۆکراسی بەرگریی نوێی یەکێتی ئەوروپا وەکو خۆی دەمێنێتەوە.

سەرچاوە: carnegieendowment

Link: EU Defense and the War in Ukraine - Carnegie Endowment for International Peace

# ڕانانی ستراتیجی

# بەرەو بنیاتنانی ستراتیجییەک بۆ ئاسایشی نیشتیمانی (توێژینەوەیەک لە بەدیهێنانی مەترسیەکانی داهاتوو)

د. عماد مؤيد جاسم المرسومي

وەرگێڕانی: مەڵبەندی دیراساتی گشتی

# پێشەکی

سەرەڕای گرنگی زۆری چەمکی (ئاسایش) بەهۆی زۆری بەکارهێنانیەوە، بەڵام وەک چەمکێکی نوێ و لە چوارچێوەی زانستی سیاسییدا مایەوە، ئەمەش لە سەرەتادا وایکرد کە تارادەیەک ناڕوون بێت و چەندین کێشە بە دوای خۆیدا بهێنێت، بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی دەستەواژەی (ئاسایش) بە باشترین دەستەواژەکان نازانرێت بۆ دەربڕینی ئاسایشی نەتەوەیی دەوڵەتی هاوچەرخ، بەڵام چەمکەکە وردە وردە فۆرمەلە بوو تا ئەو ڕاددەیەی کە ڕێگە بە دامەزراندنی بوارێکی زانستی دەدات لەناو زانستی سیاسیدا کە بەستراوەتەوە بە زانستی ستراتیجی. ڕێساکانی دامەزراندنی بیرۆکەکانی زانستی ستراتیجی، سەرەتا لە دانانی گریمانەکان و پێناسەکردنە میتۆدۆلۆجییەکانەوە دەستپێدەکات، لێکۆڵینەوەی گونجاو و هەڵبژاردنی ئامرازەکانی پشتڕاستکردنەوەی زانستی و ڕێساکانی سەلماندن و نکۆڵیکردن بووە هۆی ئەگەری گەیشتن بە بیرۆکە گشتییەکان و لە دواییدا گەیشتن بە یاسایەک کە دیاردەی (ئاسایشی نەتەوەیی) بەڕێوە دەبات.

بەکارهێنانی دەستەواژەی (security - ئاسایش) دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی جەنگی جیهانی دووەم، کاتێک ڕەوتێک لە ئەدەبیاتی سیاسی دەرکەوت کە سەیری چۆنیەتی گەیشتن بە ئاسایش و دوورکەوتنەوە لە شەڕی دەکرد و یەکێک لە دەرەنجامەکانی سەرهەڵدانی (تیۆرییەکانی ڕێگریکردن و هاوسەنگی) و پاشان دامەزراندنی ( ئەنجومەنی ئاسایشی نیشتیمانی ئەمریکا) بوو لە ساڵی (١٩٤٧)، لەو بەروارەوە دەستەواژەی (ئاسایش) لە ئاستە جیاوازەکانیدا بڵاوبووەتەوە بەپێی سروشتی ناوخۆیی و هەرێمی و نێودەوڵەتی و لەو کاتەوە زۆرێک لە دامەزراوە بڕیاردەرەکان لە زۆرێک لە وڵاتانی جیهان گرنگییەکی ناوازەیان بە (ئاسایش) داوە تا ئەو ڕاددەیەی گرتنەبەری ستراتیجی هەمەلایەن بۆ ئاسایش بووەتە سیاسەتی باڵای دەوڵەت.

دەوڵەتان لە ئێستادا گرنگییەکی تایبەت بە پرسی ئاسایش دەدەن، بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە هەڕەشەکان بەشێوەی جۆراوجۆر و لە سەرچاوەی جیاوازەوە کاریگەرییان هەم لەسەر ئاسایشی تاک و هەم لەسەر ئاسایشی کۆمەڵگە هەیە. هەروەها، هەڕەشەکان بوونەتە هۆی زیانگەیاندن بە ئاسایشی دەوڵەت بەو پێیەی پێشهاتە هاوچەرخەکان لەسەر ئاستی سیستەمی کۆمەڵایەتی و سیاسی چیتر لە چەمکی (ئاسایش) ناڕوانن تەنها لەسەر بنەمای ئاسایشی سیستەمی سیاسی یان ئاسایشی حکومەت، بەجۆرێک لەسەر ئەو تیۆرییە بنیادنراوە کە ئاسایشی تاک بنەمای گەیشتنە بە ئاسایشی گروپ و بەو پێیەش ئاسایشی تاک لە سەرووی هەموو گرنگییەکانەوەیە و لە لیستی ئەولەویەتەکاندایە بەهۆی ئەو پێشکەوتنانەی لە تیۆری دیموکراسیدا بەدەستهاتووە کە لەسەر بنەمای ئەو بیرۆکەیە دامەزراوە کە تاک سەرچاوەی شەرعیەت و جێگەی گرنگیپێدانە، ئەمەش لە کۆتاییدا بووە هۆی فراوانبوونی چەمکی (ئاسایش) بۆ ئەوەی لە سیما سەربازییەکەی دوور بکەوێتەوە و چەندین ڕەهەند و ئاستی کۆمەڵایەتی وەربگرێت.

ئەم لێکۆڵینەوە کورتە هەوڵدەدات ئەو گریمانەیە بسەلمێنێت کە (پەیبردن بە هەڕەشە شاراوەکان و هەڕەشەکانی داهاتوو کاریگەری لەسەر سەرکەوتنی ستراتیجی ئاسایشی

نەتەوەیی لە ئایندەدا هەیە)، بۆ گەیشتن بەم ئامانجە، توێژینەوەکە باس لە چەند تەوەرەیەکی پەیوەست بە گریمانەکە دەکات.

## یەکەم: چەمکی ئاسایش ( مانا و ڕەهەندەکان)

سەرەڕای لێکۆڵینەوەکانی ئەم دواییە لەسەر بابەتی (ئاسایش)، چەمکەکانی (ئاسایش) لە فکر و مێشکی هزرمەندان و سەرکردە سیاسییەکانی زۆرێک لە وڵاتاندا ڕوونبووەتەوە و تایبەتمەندی وەرگرتووە. چەندین نووسین لەم بوارەدا سەریانهەڵداوە و هەندێک چەمک لەو چوارچێوەیەدا بڵاوبوونەتەوە، ڕەنگە دیارترینیان بریتیبێت لە (ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا)، (ئاسایشی ئەوروپا)، (ئاسایشی ئیسرائیل)، (ئاسایشی نەتەوەیی ڕووسیا) و زۆرێکی دیکە. چەمکی ئاسایشی نەتەوەیی لە مەودایەکی زۆردا پەرەیسەندووە و بۆ یەکەمجار لە مانگی تەمموزی ساڵی (١٩٤٧)دا سەریهەڵدا، وەک پێشتر باسمان کرد، لە ڕێگەی پەسەندکردنی یاسای (ئاسایشی نیشتیمانی) لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، بەم پێیە ئەو ئەنجومەنە بەم ناوەوە دامەزرا و پێش ئەم بەروارە، دوو چەمکی سەربەخۆی زاراوەی (ئاسایش) هەبوو: یەکەمیان پەیوەست بوو بە ئاسایشی ناوخۆی دەوڵەتەوە. دووەمیان پەیوەست بوو بە ئاسایشی دەرەوەی دەوڵەتەوە. ئەزموونەکانی جەنگی جیهانی دووەم بۆ ڕوخاندنی ئەم تێڕوانینە کلاسیکییە هاتوون و بۆ ئەوەی پشتڕاستی بکەنەوە کە ئاسایش یەک چەمکی هەیە، ئەویش چەمکێکی هەمەلایەنەیە و فراوان و فرەڕەهەندە. هەروەها، دان بەوەدا نرا کە ئاسایش ڕەهەندی ناسەربازی و نا هەواڵگری هەیە و ڕەهەندەکانی تر گرنگی و کاریگەریان کەمتر نییە لە (ڕەهەندی سەربازی) بۆ سەقامگیری نیشتیمان و کۆمەڵگە. ئاسایش ڕەهەندی ئابووری هەیە بۆ ئاسایشی دەوڵەت، هەروەها (ئاسایشی خۆراک)، (ئاسایشی پاشەکەوتکردنی وزە)، (ئاسایشی تەندروستی)، (ئاسایشی کلتوری)، (ئاسایشی ئاوی)، (ئاسایشی ژینگە)، (ئاسایشی زانیاری) و چەندانی تریش هەیە. لەم ماوەیەی دواییدا چەمکەکە فراوانتر بوو، تەنانەت لێهاتوویی دەوڵەت لە بواری ئەدای میدیادا (واتە توانای خستنەڕووی فەلسەفەی سیاسی خۆی بەشێوەیەکی قەناعەتپێکەر لە ئاستی ناوخۆیی و دەرەکیدا) وەک بەشێکی جەوهەری لە ئاسایشی دەوڵەت دادەنرێت.

لەسەر ئەم بنەمایە، بۆمان دەردەکەوێت کە چەمکی ئاسایشی نیشتیمانی - کە هەندێکجار پێی دەوترێت ئاسایشی نەتەوەیی - لە کۆتایی جەنگی جیهانی دووەمەوە و تا ئێستا بووەتە جێی سەرنجی چڕ و سەرنجی ئەکادیمی و زانستی و بە پێویستی دەزانرێت، لە ئەنجامدا بۆچوونی فرە و هەمەجۆر هەیە سەبارەت بە ناوەڕۆکەکەی، بەڵام دەکرێت ئەو بۆچوونانەی کە ناوەڕۆکی ( ئاسایش)یان خستۆتە ژێر پرسیارەوە لە چوارچێوەی دوو دیدگادا کە یەک لە دوای یەک دەرکەوتوون، ڕیز بکرێت، ئەوانیش:

**دیدگای کلاسیکی:** ئەو دیدەیە کە دەڵێت مەبەست لە (ئاسایش ) پاراستنی بەرژەوەندییە نەتەوەیی و نیشتیمانییەکانی دەوڵەتە لە هەڕەشە دەرەکییەکان، بە بەکارهێنانی هێزی

سەربازی وەک ئامرازی کۆتایی بۆ بنبڕکردنی سەرچاوەکانی هەڕەشە و بەردەوامی بەدیهێنانی بەرژەوەندییەکان و پاراستنی ئەو بەرژەوەندییانە، بۆیە ئاسایشی دەوڵەت بە ئاسایشی سەربازی دادەنرا.

**دیدگای هاوچەرخ:** دەرئەنجامی ئەو گۆڕانکاریەیە کە لە دیدگای کلاسیکی چەمکی ئاسایشی نەتەوەییدا ڕوویداوە، کە لە ئەنجامی ئەو گۆڕانکارییانەوە هاتووە کە بەسەر تایبەتمەندییەکانی سیستەمی نێودەوڵەتی و گواستنەوەی چەمکی ستراتیجی (بازاڕ)دا هاتووە لە مانای سەربازی تەسکی خۆیەوە بۆ مانایەکی فراوانتر و گشتگیرتر، کە لە بەرامبەردا بووەتە هۆی فراوانبوونی مانای ئاسایشی (نەتەوەیی) و وەرگرتنی مانا و ڕەهەندی زیاتر کە بە پلەی یەکەم نوێنەرایەتی لە گواستنەوەی بەرژەوەندی (ئاسایش) دەکەن لە دەوڵەت یان حکومەتەوە بۆ تاک و کۆمەڵگە.

بۆیە دەستەواژەی (ئاسایشی نیشتیمانی) پەرەیسەندووە تاکو لەلایەکەوە ڕەنگدانەوەی گەشەسەندنی پەیوەندییەکانی نێوان دەوڵەتان و لەلایەکی دیکەوە پەیوەندییەکانی نێوان دەوڵەت و هاووڵاتییان بێت. هەروەها، بۆ ئەوەی ڕەنگدانەوەی ئەو پێشکەوتنە تەکنەلۆجیانە بێت کە جیهان شاهیدی بۆ دەدات، بەجۆرێک چەمکی نوێی ئاسایشی نیشتیمانی بەرفراوان بووەتە پێویستییەک کە لەلایەن هەر وڵاتێکەوە وەردەگیرێت کە هەوڵدەدات هاوسەنگی ڕابگرێت لەگەڵ پێشهاتەکان و گۆڕانکارییەکانی ژینگەی نێودەوڵەتیدا. بۆ ڕێککەوتن لەسەر چەمکی (ئاسایش)، پێویستە لە چوارچێوەی قوتابخانەکانی بیرکردنەوەی هاوچەرخدا بەو مانایە ئاشنا بین: «ئاسایش بریتییە لە حاڵەتی هەستکردن بە سەلامەتی (security) کە لە ئەنجامی ئازادبوون لە ترسەوە سەرچاوە دەگرێت». فەرهەنگی وێبستەر ئاماژەیەکی مەعنەوی بە ئاسایش دەدات و دەڵێت «ئاسایش ئەو حاڵەتی سەلامەتیەیە کە لە کۆمەڵێ توانای پێویستەوە بەدەستدێت بۆ پاراستنی شتێک و گرەنتی دابینکردنی ئەو پاراستنە لە ئاسایشەوە سەرچاوە دەگرێت، بۆیە هەبوونی ئاسایش سەرچاوەیەکە بۆ نەبوونی ترس لە هەڕەشە یان هەستکردن بە ئازادی». لە ڕوانگەی ئینسایکلۆپیدیای بەریتانیەوە (ئاسایش) بە واتای «پاراستنی میللەت لە مەترسی چەوساندنەوە بەدەست زلهێزێکی بیانییەوە»، ڕەنگە ئەم پێناسەیە سەرنجی لەسەر ئامانجی کۆتایی (ئاسایش) بێت، کە پاراستنی چارەنووسی میللەتە. لە ڕوانگەی هێنری کیسینجەر، وەزیری پێشووی دەرەوەی ئەمریکاوە، (ئاسایش) بە واتای «هەر کردارێک کە لە ڕێگەیەوە کۆمەڵگە هەوڵی پاراستنی مافی مانەوەی خۆی بدات»، جێگای سەرنجە کە ئەم پێناسەیە سەرنجی لەسەر (سیاسەت و ئامرازە پێویستەکانە بۆ بەدەستهێنانی ئاسایش). لە ڕوانگەی ڕۆبەرت مەکنامارا، وەزیری پێشووی بەرگری ئەمریکا و یەکێک لە بیرمەندە دیارەکانی ستراتیجییەوە، کە لە کتێبی (هەستی ئاسایش - sense of security)دا بیرۆکەکەی خۆی ڕوونکردۆتەوە، تێیدا پێناسەی (ئاسایش)ی کردووە و دەڵێت: «ئاسایش بە واتای گۆڕانکاری و گەشەپێدانی ئابووری یان کۆمەڵایەتی یان سیاسی دێت چ لە ئێستادا یان لە داهاتوودا». (ماکنامارا) بە یەکێک لە دیارترین بیرمەندەکان دادەنرێت کە لەسەر ( ئاسایش) نووسیویەتی، ئاماژە بەوە دەکرێت کە پێناسەکەی گشتگیرە و وەک گەشەسەندنێکی کۆمەڵایەتی سەیردەکرێت کە چەندین ڕەهەند و ئاست لەخۆدەگرێت.

هەروەها، ئامانجی (ئاسایش) بنیادنانی گەشەپێدانی ڕاستەقینەیە کە ڕێگە بە پاراستنی سەرچاوە و وزە مرۆیی و ماددییەکان دەدات.
(ئاسایش) وەک زاراوەیەکی زمانەوانی لە قورئانی پیرۆزدا باسکراوە: «فَلْيَعْبُدُوا رَبَّ هَذَا الْبَيْتِ الَّذِي أَطْعَمَهُم مِنْ جُوعٍ وآمَنَهُمْ مِنْ خَوْفٍ»، ئەو ئاماژەیەی کە لەم ئایەتە پیرۆزەدا ڕەنگدەداتەوە ئەوەیە کە (ئاسایش) پێچەوانەی ترسە و ترسیش بە مانا مۆدێرنەکە دەرئەنجامی ڕوودانی هەڕەشەیەکی هەمەلایەنەیە، جا ئابووری یان کۆمەڵایەتی یان سیاسی بێت، یاخود ناوەکی یان دەرەکی بێت. بە واتایەکی تر، ترس لە بوونی هەڕەشەیەکەوە دروست دەبێت کە دەگۆڕێت بۆ مەترسی و ئەمەش خاڵێکی جەوهەرییە، وامان لێدەکات قەناعەتێکی فیکری دامەزرێنین کە نوێنەرایەتی ئەو ڕاستییە بکات کە لێکۆڵینەوە و شیکردنەوەی (ئاسایش) تەنها لەو ڕێگەیەوە ئەنجام دەدرێت کە گۆشەی دەستنیشانکردن و پێناسەکردنی هەڕەشە و مەترسییەکە بەپێی بەرژەوەندی تاک و کۆمەڵگە بزانرێت چییە. لە چوارچێوەی ئەم ڕاستییەدا، چەمکی هەمەلایەنی (ستراتیجی ئاسایشی نیشتیمانی) وەک بەرنامەیەکی کردەیی نیشتیمانی و حکومی کە لەلایەن دامەزراوە بڕیاردەرەکانەوە لە دەوڵەتی هاوچەرخدا پەسەندکراوە بریتییە لە: گەیشتن بەو توانایەی کە دەوڵەت دەتوانێت بەهۆیەوە ئازادکردنی مسۆگەر بکاتە سەرچاوەی هێزی ناوخۆیی و دەرەکی و ئابووری و سەربازی و کۆمەڵایەتی لە بوارە جیاجیاکاندا لە بەرامبەر ئەو سەرچاوانەی کە هەڕەشەی لێدەکەن لە ناوخۆ و دەرەوە لە ئاشتی و شەڕدا لەگەڵ درێژەدان بە هەوڵدانی دڵسۆزانەی هێزەکانی ئێستا و داهاتوو بۆ پلاندانان بۆ ئامانجە دیاریکراوەکان. لەناو ئەم دیدە ستراتیجییە هاوچەرخەدا بۆ ئاسایشی نەتەوەیی، بۆمان دەردەکەوێت کە ڕەهەند و ئاستگەلێک هەن کە چەمکی ئاسایش ئاماژەی پێکردووە، چونکە تێگەیشتنێکی هەمەلایەنە لێی بە واتای دروستکردنی ڕەوش و هەلومەرجی گونجاوە بۆ دەستپێکردنی ستراتیجی گەشەپێدانی هەمەلایەنەی پلان بۆ داڕێژراوی ئامانجداری دەستەبەرکراوی دەوڵەت لە ناوەوە و دەرەوە، بەشێوەیەک کە هەڕەشەکان بۆ دواوە پاڵدەنێت بە ڕەهەندی جیاوازەوە، تا ئەو ڕاددەیەی کە گرەنتی ژیانێکی سەقامگیری گەلەکەی بکات کە زۆرترین وزەیان بۆ دابین بکات بۆ پێشکەوتن و بەرەوپێشچوون، ئەمەش مانای ئەوەیە کە فرەلایەنی (ئاسایش) بەو مانایەیە کە چەندین ڕەهەندی هەیە کە بەندە بە بەدیهێنانی ستراتیجی:
١.**ڕەهەندی سیاسی:** نوێنەرایەتی پاراستنی قەوارەی سیاسی دەوڵەت دەکات، لەوانەش دەستەبەرکردنی پێکهاتەی سیستەمی سیاسی شەرعی و پاراستنی هۆشیاری ڕەزامەندی سیاسی، دڵنیابوون لەوەی حکومەت بەپێی میکانیزمی نوێنەرایەتی جەماوەری پێکدەهێنرێت.
٢.**ڕەهەندی ئابووری:** ئامانجی دابینکردنی ژینگەی گونجاوە بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی خەڵک و دابینکردنی ئامرازەکانی پێشکەوتن و خۆشگوزەرانی بۆیان. ئەم ڕەهەندە بریتییە لە پاراستنی سەرچاوە بەردەستەکان لەهەمانکاتدا پەرەپێدانیان بەشێوەیەکی عەقڵانی ئابووری.
٣.**ڕەهەندی کۆمەڵایەتی:** ئامانجی دابینکردنی ئاسایشە بۆ هاووڵاتیان تا ئەو ڕادەیەی کە پەرە بە هەستی سەربەخۆیی و دڵسۆزی زیاتر بدات.

**٤.ڕەهەندی ئەخلاقی یان ئایدیۆلۆژی:** فیکر و بیروباوەڕ مسۆگەر دەکات و داب و نەریت و بەهاکان دەپارێزێت.
**٥.ڕەهەندی ژینگەیی:** بیمە و بودجە بۆ پاراستن لە مەترسییەکانی ژینگە دابین دەکات، بەتایبەتی فڕێدانی پاشماوە و هۆکارەکانی پیسبوون، بە مەبەستی پاراستنی ئاسایش.
ڕەنگە ئەو ڕاستییەی کە ناوەڕۆکی مۆدێرنی (ئاسایش) کە ڕەهەندەکانی پێشووی لەخۆگرتووە، ئەوە پشتڕاست بکاتەوە کە ئاسایش بۆتە ئاسایشێکی کۆمەڵایەتی کە پەیوەندی بە هەموو لایەنەکانی کۆمەڵگەوە هەیە، بەتایبەتی یەکێک لە ئاستەکانی (ئاسایش) کە چوار ئاستە، نوێنەرایەتی چینە پلەبەندییەکان دەکات کە پەیوەندی بە ئاسایشی تاکەوە هەیە، تاک وەک ئامانجی یەکەمی ستراتیجییەکە، سەبارەت بە باقی ئاستەکان، ئاسایشی ناوخۆ و ئاسایشی ناوچەیی و ئاسایشی نێودەوڵەتی لەخۆدەگرن، بەڵام بەو پێیەی تاک بەشێکە لە کۆمەڵگە، مەرج نییە ستراتیجی ئاسایشی نەتەوەیی ئاراستەی بکات، بەڵکو ئاراستەی کۆمەڵگە دەکات بۆ کۆی تاکەکان.
گومانی تێدا نییە کە توانای گەیشتن بە (ئاسایش) لە چەمکە هەمەلایەنەکەیدا پەیوەندی بە هەستکردن بە هەڕەشەکانەوە هەیە لە سەرەتادا، بەو پێیەی دۆخی هەستکردن بە سەلامەتی تێکدەدات، کە جەوهەری بنیادنانی (ستراتیجی ئاسایشی نەتەوەییە)، کە توانای خۆگونجاندنی لەگەڵ ڕووبەڕووبوونەوەی مەترسییەکان پێدەبەخشێت، ئەمەش پرسی پەرەپێدانی توانای پێشبینیکردنی هەڕەشەی شاراوە و هەبوو دەکاتە پێویستییەکی بەپەلە پێش دەستپێکردنی پرۆسەی بنیادنانی (ستراتیجی ئاسایشی نیشتیمانی) چونکە ئەمە ڕێگە بە پێشبینیکردنی گۆڕانکارییە ئەگەرییەکان دەدات، کە گەشە بە توانای بڕیاردەران دەدات بۆ دەستنیشانکردنی سەرچاوە و توانا پێویستەکان بۆ ڕێگریکردن لە سەرهەڵدانی ئەم هەڕەشانە یان ڕووبەڕووبوونەوەیان پێش ئەوەی بگەنە پلەیەکی جددی.

## دووەم: گرنگی توێژینەوەی ئایندەیی لە بنیادنانی (ستر اتیجی ئاسایشی نەتەوەیی)دا

ئامانجی (ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی) کە یەکەم ئۆرگانە بۆ ئامادەکردن و هەڵسەنگاندنی (ستراتیجی ئاسایشی نیشتیمانی)، ئامادەکردنی توێژینەوە و لێکۆڵینەوەیە بە سروشتێکی شیکاری و پێشڕەوانە کە ئامۆژگاری و ڕاوێژ پێشکەش بە بڕیاربەدەستان بکات لەسەر کۆمەڵێک بابەتی پەیوەست بە ئاسایشی نەتەوەیی، لە بواری سیاسی یان ئابووری یان ئەمنیدا. دامەزراوەیەکی سەرەکییە لە شیکردنەوەی ئەو کێشە و پرسانەی کە کاریگەری نەرێنی لەسەر تاک و کۆمەڵگە هەیە، هاوکات پێشنیاری چارەسەری پێویستیان بۆ دەکات، لەسەر بنەمای سیاسەتی گشتی کارامە. شایەنی باسە نابێت ڕۆڵی ئەم دامەزراوەیە لەبیر بکرێت کە لە لێکۆڵینەوەکانیدا پێشبینی ئەو دەرفەتانە دەکات کە لە داهاتوو ڕوودەدەن بۆ ئەوەی دەوڵەت و بڕیاربەدەستان ئامادە بکات بۆ گەڕاندنەوەی کات، بۆیە ئەم دامەزراوەیە لە کارەکانیدا ئەمانەی کۆکردۆتەوە:

١.شیکردنەوەی ئەو هەڕەشە و مەترسیانەی کە کاریگەریان لەسەر جەوهەری ئاسایشی نیشتیمانی هەیە لە هەموو ڕەهەندە جیاوازەکانەوە.
٢.پێشنیاری سیاسەتی گشتی بەدیل کە گرەنتی ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو مەترسی و هەڕەشانە بکات کە بەشێوەیەکی کارا توانای جێبەجێکردنیان هەیە.
٣.دەستنیشانکردنی دەرفەتە پێشبینیکراوەکان لە داهاتوودا، کە هەبوونیان پێگەی وڵات لەسەر ئاستی جیهان بەهێز دەکات.
لێکۆڵینەوە لە داهاتوو بە واتای «دیدێکی پێشبینیکراو بۆ ئەو ڕێگایانەی کە لە داهاتوودا بەشدارن لە ئاستە جیاوازەکانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و سەربازی و ئابووریدا»، بڕیارەکە لەلایەن دامەزراوە سیاسییەکانەوە دەدرێت، ئەم توێژینەوانە ئەوەی پێشکەشی دەکەن لە بنکەی زانیارییەکانەوە سەبارەت بەو ڕەوتە ئەگەرییانەیە کە لەوانەیە لە پلانەکاندا ڕوو بدەن بۆ داهاتوو، ئەمەش ڕێگە بە هەڵبژاردن دەدات لەنێوان کۆمەڵێک بژاردەدا جگە لە دووبارە ڕەنگڕێژکردنەوەی ستراتیجییەکان ئەگەر پێویست بوو. ئامانجی هەموو ئەمانە بڕیاردانی گونجاوە کە لەگەڵ ڕەوشی داهاتوودا بگونجێت، هەر بۆیە تێبینی دەکەین کە زۆربەی حکومەتەکانی جیهانی پێشکەوتوو گرەو لەسەر ئەم جۆرە توێژینەوانە دەکەن لە دارشتنی بڕیارەکانیان لەڕێگەی بەکارهێنانی دامەزراوەکانی پەیوەست بە توێژینەوە ئایندەییەکان یان لەڕێگەی دامەزراندنی یەکەکانی لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی سەر بە حکومەت.
بۆ نموونە (یەکەی هەشتەم بەرەو بنیادنانی ستراتیجێک بۆ ئاسایشی نیشتیمانی و ئایندەی ستراتیجی)، (Strategic Future Unit - یەکەی ستراتیجی داهاتوو) لە نووسینگەی سەرۆک وەزیرانی بەریتانیا، یان (Forward Studies unit - یەکەی لێکۆڵینەوەکانی ئایندە) لە کۆمسیۆنی باڵای یەکێتی ئەوروپا، یان (پەیمانگای توێژینەوەکانی داهاتوو) کە لە سوید و ئامۆژگاری و ڕاوێژکاریی پێشکەش بە حکومەت دەکات لە (ستۆکهۆڵم) هەروەها (سەنتەری لێکۆڵینەوە لە داهاتوو) لە دانیمارک و فینلاند و ئیتاڵیا، هەروەها لە ئەمریکا زیاتر لە دامەزراوەیەک هەیە سەرقاڵی لێکۆڵینەوەی ئایندەییە بە مەبەستی پشتگیریکردن لە دروستکردنی سیاسەت و ستراتیجی گشتی، ڕەنگە بەناوبانگترینی ئەم دامەزراوانە دامەزراوەی (huston lake - هوستۆن لەیک) و (Le Senate) بێت، بەبێ ئەوەی لەبیرمان بچێت کە دەزگای هەواڵگری (CIA) جارجارە توێژینەوە لەسەر داهاتووی ئاراستە ئەگەرییەکانی جیهان ئەنجام دەدات، جگە لەوەش زۆربەی وەزارەتەکانی ئەمریکا توێژینەوەی ئایندەیی لەم بوارەدا ئەنجام دەدەن، وەک لێکۆڵینەوە لە داهاتووی وزە، داهاتووی بڵاوبوونەوەی چەک لە جیهاندا، داهاتووی کەمبوونەوەی گەشەی دانیشتووان و کاریگەرییەکانی لەسەر ئابووری نیشتیمانی و چەندانی تر.
گومانی تێدا نییە کە پرۆسەی دووربینی ستراتیجی، بەو مانایەی (لێکۆڵینەوە لە ئەگەرە زۆرەکانی ئەو ڕێگا چاوەڕوانکراوانەی کە کۆمەڵگە دەتوانێت لە کاتی پرۆسەی گۆڕانکاری بەردەوامدا کە پێیدا تێدەپەڕێت بیگرێتەبەر)، سوودی زۆری دەبێت بۆ دەوڵەت بەگشتی و بۆ بڕیاردەر بەتایبەتی، چونکە ئەو مەترسی و دەرفەتانە دەستنیشان دەکات کە لە پرۆسەکەدا بەشدار دەبن لەگەڵ دیاریکردنی گۆڕانکارییە بەردەوامەکان، بۆ ئەوەی بتوانرێت دەرفەتەکان

بەکاربهێنرێت و مەترسییەکان بە هەمان شێوە دووربخرێنەوە، هەروەها لە بنەڕەتدا بە جەوهەری توێژینەوە ئایندەییەکان دادەنرێت و لە وڵاتانی پێشکەوتوودا ئامادەکردن و ئەنجامدانی توێژینەوەکانی ئایندەیی بۆتە پرۆسەیەکی پێویست بۆ بڕیاردانی ستراتیجی، بەو پێیەی بڕیارەکە تەنها ئاراستەی ئێستا نییە، بەڵکو ڕۆڵێکی گەورەی هەیە لە دیاریکردنی کێشە بەردەوامەکانی وڵاتانی تازەپێگەیشتوو کە زۆرێک لە بڕیارە چارەنووسسازەکان دەدەن بەبێ بیرکردنەوە و حسابکردن یان پێشبینیکردنی ئەو دەرئەنجامانەی کە لە دواییدا دێنە ئاراوە، وەک بڕیاری سیاسی یان ئابووری، چونکە گرنگی بە ئەنجامە دەستبەجێ و ڕاستەوخۆکانی بڕیارەکە دەدەن بەبێ ڕەچاوکردنی ئەنجامە درێژخایەنەکان، بەتایبەتی ئەنجامە ناڕاستەوخۆکان.
(تیۆری بڕیاری عەقڵانی وەک لە دامەزراوەکانی بڕیاردان لە وڵاتانی پێشکەوتوودا بەکاردەهێنرێت، دوو هۆکار دەخاتە ڕوو بۆ گرنگی پشتبەستن بە دووربینی ستراتیجی لە کاتی بڕیارداندا):
١.دووربینی ستراتیجی ڕێگە بە پێشبینیکردنی ئەو ڕێگا ئەگەرییانە دەدات کە کۆمەڵگە دەتوانێت پێی بگات لە قۆناغی گۆڕانکاری بەردەوامدا کە پێیدا تێدەپەڕێت، بە مەرجێک کۆمەڵگە لە حاڵەتی گۆڕانکاری و گۆڕانی بەردەوامدایە و جێگیر نییە. کەواتە، ئەم تێڕوانینە ئەوە دیاری دەکات کە چ تەحەدایەک و دەرفەتێک لە داهاتوودا بەشدار دەبێت.
٢.بڕیاردان لەژێر ڕۆشنایی زانینی ڕێژەیی بارودۆخی دەوروبەری ئەم بڕیارە لەگەڵ زانینی ئەو ئەنجامانەی کە لە دواییدا دروست دەبن بە پشتبەستن بە پرۆسەی دووربینی ستراتیجی دەستنیشانی ئەوە دەکات کە دەرفەت و ئاڵنگارییەکان لە داهاتوودا چییە و ئایا سیفەتی عەقڵانییەتی پێ دەدرێت چونکە لەسەر بنەمای پێشبینی بۆ داهاتوو دراوە، جگە لەوەش بڕیارێکی لەو شێوەیە لە ڕێگەی بەراوردکردن لەنێوان کۆمەڵێک بژاردەدا دەدرێت لەگەڵ بەراوردکردنی ئەنجامە ئەرێنی و نەرێنی و پێشبینکراو و دڵنیاکەرەوەکان بۆ هەر بژاردەیەک.
بەپێی ئەم بنەمایە دانان و دروستکردنی (ستراتیجی ئاسایشی نەتەوەیی) پشت بە توێژینەوەی ئایندەیی دەبەستێ، کە لە ئەنجامدا سیفەتی عەقڵانی و ڕاستەقینەیی بەدەستدەهێنێت.

## سێیەم: گرنگی ئایندەبینی لە بەدیهێنانی مەترسییەکانی سەر ستر اتیجی ئاسایشی نیشتیمانی

ستراتیجی ئاسایشی نیشتیمانی کە لەلایەن باڵاترین دەسەڵاتی جێبەجێکاری دەوڵەتەوە پلانی بۆ دادەڕێژرێت و بنیاد دەنرێت، پەرۆشی گەیشتنە بە زۆرترین ئاستی پێشبینیکراو لە (ئاسایش) بە مانا ڕێژەییەکەی، ئەمەش پێویستی بە ڕەچاوکردنی کۆمەڵێک پایە و پرەنسیپ هەیە بۆ گەیشتن پێی، بەگشتی ستراتیجی ئاسایشی نیشتیمانی وەک «بەرنامەیەکی کرداریی بۆ دەوڵەت هەوڵ دەدات ئاسایشی کۆمەڵگە مسۆگەر بکات» لە ڕەهەندە جیاوازەکانەوە - بە ڕووبەڕوو بوونەوەی هەموو ئەو هەڕەشە و مەترسییانەی کە ڕەنگە لە قۆناغی ئێستا و لە ماوەی ساڵانی داهاتوودا بەسەر تاک و کۆمەڵگەدا بێت، لە هەمان کاتدا کار بۆ گەشەکردنی

ئەم ئاسایشە کۆمەڵایەتییە دەکات لە ڕێگەی میکانیزمەکانی گەشەپێدان و مۆدێرنسازییەوە، ئەم ستراتیجە لەسەر بنەمای زانیاریی پێشوەختەیە سەبارەت بە هەڕەشە تایبەتەکان بۆ هەریەکەیان، ئەو هەڕەشانەش وەک:

١.هەڕەشەی سەرچاوەکان: مەبەست لەو مەترسیانەیە کە لە ئەنجامی کەمبوونەوە یان بچووکبوونەوەی قەبارەی ئەو سەرچاوانە دروست دەبن کە نوێنەرایەتی توخمە بەهێزەکانی ستراتیجەکە دەکەن، وەک ئەگەری دابەزینی بەهای ئابووری نەوت بەهۆی گەشەسەندنی سەرچاوەی وزەی جێگرەوە لە ساڵانی داهاتوودا، ئەمەش دەوڵەت بێبەش دەکات لە فاکتەری هێز لە گەیشتن بە کەڵەکەبوونی دارایی و کاریگەری لەسەر توانای خەرجکردن و تازەکردنەوە هەیە، کە ناچاری دەکات بەدوای سەرچاوەی دارایی دیکەدا بگەڕێت بۆ ئابووری نیشتیمانی. لە داهاتوودا بارودۆخی گشتی سەرچاوە بەهێزەکانی ستراتیجییەکە بۆ جێگیرکردنی جۆری هەڕەشە شاراوەکان پێویستە، بە مەبەستی کارکردن لەسەر پلاندانان بۆ پەرەپێدانی سەرچاوە نوێیەکان، کە بەشدارن لە بنیادنانی ستراتیجییەکەدا.

٢.هەڕەشەکانی ژینگە: مەبەستمان لەو مەترسیانەیە کە لە ئەنجامی ئەو پێشهاتانەوە ڕوودەدەن کە لە چوارچێوەی ژینگەی ناوخۆیی و دەرەکی دەوڵەتدان، هەروەها هەڕەشەکانی ژینگە هەمەچەشنن و لە چوارچێوەی ئاستی جیاوازدان. ڕەنگە ستراتیجی کارکردن بێت لەسەر پەرەپێدانی کەرتی کشتوکاڵ بە سوودوەرگرتن لە سەرچاوە ئاوییە بەردەستەکان، بەڵام مەترسییەکانی داهاتوو بۆ ئەم ئامانجە ڕەنگە لە زیادبوونی چاوەڕواننەکراوی دانیشتواندا خۆی ببینێتەوە کە ئەو بڕە ئاوەی بۆ پەرەپێدانی کەرتی کشتوکاڵ دانراوە لە سەرەتادا ناچار بن بۆ دانیشتووان بەکاریبهێنن، ئەمەش بەو مانایەیە ئەو مەترسیانەی کە ژینگەی ستراتیجی ناوخۆیی و دەرەکی دروستی دەکەن، لە داهاتوودا کاریگەرییان لەسەر توانای گەیشتن بە ئامانجەکان هەیە.


پێشبینی هەڕەشەی داهاتوویی بریتییە لە زانینی ئەوەی کە ئەم هەڕەشانە چۆنە و ئاستەکانی چین و چۆن ئەم هەڕەشانە ڕەهەندی جیاواز لەخۆدەگرن، وەک ئەو هەڕەشانەی کە کاریگەرییان لەسەر ڕەهەندی سیاسی و ڕەهەندی ئابووری هەیە. تێڕوانین بۆ هەڕەشە یەکێک لەو پێوەرە گرنگانەیە کە لەسەر بنەمای کاریگەریی هەندێک چالاکی لایەنێک لەسەر بەرژەوەندی ستراتیجی لایەنی بەرامبەر دەپێورێت، ئەم هەڕەشانە دەتوانرێت لەلایەن لایەنێکەوە دەربکرێت کە نوێنەرایەتی کۆمەڵێک خەڵک یان وڵاتێک دەکات، بەشێوەیەک کە کاریگەری نەرێنی لەسەر بەرژەوەندی گشتی کۆمەڵگە دەبێت، جا چ لە ئێستادا بێت یان لە داهاتوودا. هەڕەشە بەگشتی دەکرێ بەم شێوەیە پێناسە بکرێت «هەموو ڕەفتارێک کە هۆشداری دەدات لە مەترسی بۆ سەر بەرژەوەندی لایەنەکانی وەک تاک و کۆمەڵگە و سیستەمی سیاسی. مەرج نییە ئەم هەڕەشەیە لەلایەن لایەنێک یان چەند لایەنێکەوە ئەنجام بدرێت، بەڵکو ئەم هەڕەشەیە دەتوانێت بە هێواشی لە ئەنجامی دۆخی گۆڕانکاری بەردەوام لە سیستەمی کۆمەڵایەتیدا لە هەموو ڕەهەندەکانیدا دروست ببێت». هەڕەشەکان، بە واتایەکی تر، «ڕووداوی چاوەڕوانکراو یان ئەگەری نەخوازراون، چونکە زیان بە تاک و دەوڵەت بەگشتی دەگەیەنن. ئەم ڕەفتارە شتێکی نەویستراو لە داهاتوویەکی نزیک یان دووردا

لەخۆدەگرێت». هەڕەشە لە ڕووی پێکهاتنەوە دەتوانرێت بەسەر دوو جۆردا دابەش بکرێت:
١.هەڕەشەی ئامانجدار: بریتییە لەو هەڕەشەیەی کە لایەنێک هەوڵدەدات باقی لایەنەکان ئاگادار بکاتەوە لە دەسەڵاتی خۆی بۆ ئەوەی هەندێک بەرژەوەندی بەدەستبهێنێت، کە دەتوانرێت ناوی بنێین هەڕەشەی ڕەفتاری هۆشیارانە، بەو پێیەی پەیوەستە بە ڕەفتارە ئامانجدارەکانەوە.
٢.هەڕەشەی بێ ئامانج (بێ مەبەست): بریتییە لەو ڕەفتارەی لایەنێک لە ڕووی پراکتیکەوە دەیگرێتەبەر بەجۆرێک کە لەلایەن لایەنەکانی ترەوە وەک مەترسییەکی داهاتوو بۆ سەر بەرژەوەندییەکانیان دەبینرێت بەبێ ئەوەی لایەنی یەکەم بەپێی پێویست ئاگاداری ئەوە بێت کە ڕەفتارەکەی مەترسیدارە بۆ ئەوانی تر، یاخود مەترسییەکی ڕەفتاریی نائاگایانەیە وەک مەیلی تاکەکان بۆ وەرگرتنی بەها و خووە کۆمەڵایەتییەکان بەبێ ئەوەی ئاگاداری ئەو ڕاستییە بن کە ڕەفتارەکانیان بووەتە هەڕەشە بۆ سەر کۆمەڵگە و ڕەنگە ئەم جۆرە لە ئاستی ناوخۆیی و پێشهاتە دەرەکییەکان، زۆربەی وڵاتانی جیهان چ پێشکەوتوو یان گەشەسەندوو، ڕووبەڕووی کۆمەڵێک ئاڵنگاری و هەڕەشە بکاتەوە، کە هەندێکیان لە ئێستادا بوونیان هەیە و مەترسیدارترینیان لە داهاتوودایە، بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە تەحەدیاتەکانی ئێستا، ئەگەر بە باشی چارەسەر نەکرێن، ئەوا بە تێپەڕبوونی کات پەرەدەسێنێت تاکو دەگۆڕێت بۆ هەڕەشەیەک کە تاک و دەوڵەتیش بگرێتەوە.
ئاڵنگارییەکان بەگشتی لەسەر ئاستە جیاوازەکان (سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، ڕۆشنبیری، جگە لە تەحەدای ئەمنی و سەربازی) دابەشکراون و لە ساتەوەختی سەرهەڵدانیاندا بەتەواوی دەرناکەون، بەڵام هێماکانیان وردە وردە دەست دەکەن بە دەرکەوتن، زۆرجار لە سەرەتاوە تەحەداکە وەک هەڕەشە لە ئاستێکی لاوازدا سەیر دەکرێت، بەڵام کاتێک دەگاتە قۆناغی پێگەیشتن بەشێوەیەکی گەورەتر دەگۆڕێت بۆ مەترسییەکی بەرز و پشتگوێخستنی پرۆسەکە لە سەرەتادا دەبێتە هۆی ئەوەی کە تێچووی ئابووری و ڕەنگە سیاسیشی لێبکەوێتەوە، لە داهاتووشدا لە مامەڵەکردن لەگەڵیدا هەمان تێچووی دەوێتەوە.
دیدگای هاوچەرخی هەڕەشە لە دیدگای کلاسیکی جیادەبێتەوە کە تیشک دەخاتە سەر ڕەهەندی سەربازیی ئەو هەڕەشەیەی کە لە چوارچێوەی پێشێلکردنی سنورە دانپێدانراوەکانی دەوڵەتدا قەتیسکراوە، بە جۆرێک دیدگای هاوچەرخ دەگاتە ئەو ئاستەی کە تیشک بخاتە سەر ئەوەی کە بە (هەڕەشەی نەرم - soft threats) ناسراوە، کە مەترسی جۆراوجۆر لەخۆدەگرێت، کە کاریگەری لەسەر کۆمەڵگە هەیە، بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە چەمکی ئاسایش خۆی گۆڕاوە و بووەتە ئەمنیەتی کۆمەڵایەتی خەمخۆری تاک نەک تەنها بۆ دەوڵەت یان دەسەڵات. لەسەر ئەم بنەمایە هەڕەشە لە چوارچێوەی ئەم مانایەدا هەمەچەشن بووە و چەند لایەنێک لەخۆدەگرێت کە دەتوانرێت بەپێی ئەمانەی خوارەوە دابەش بکرێت، کە بە فۆڕمەکانی هەڕەشە ناسراوە:

**١.هەڕەشەی ستراتیجی:** مەبەست لە هەموو کردارێکە - بە ئاگا و بێ ئاگایانە - جگە لەو پێشهاتانەی کە ڕوودەدەن و کاریگەرییان لەسەر تێکدانی دۆخی سەرتاسەریی هەیە (سەروەری

و سەربەخۆیی هەڵبژاردنە سیاسییەکان بۆ ئەو لایەنەی کە هەڕەشەکەی لەسەرە).
**٢.هەڕەشەی سیاسی:** ئەم فۆرمە بەوە لەوانی تر جیادەبێتەوە کە لە چوارچێوەی پرۆسەی ئاشتیانەدا ڕوودەدات، جا چ نێودەوڵەتی بێت یان ناوخۆیی. لە زۆر حاڵەتدا ئەستەمە بە ڕوونی دەرکەوێت. زۆرجار لەنێوان دوو لایەن یان زیاتر ڕوودەدات، کە پەیوەندی یان هاوسەنگی هێز لەنێوانیاندا نایەکسانە. زۆر میکانیزم بۆ دەربڕینی هەڕەشە سیاسییەکان بەکاردێت، وەک (سازشکردن، سەپاندنی فشار، یان بەربەست خستنە سەر هەندێک کردار بۆ ئەوەی لایەنی بەرامبەر ناچاربکرێت ملکەچی خواستی بەرامبەرەکەی بێت).
**٣.هەڕەشە ئابووریەکان:** ئەم جۆرە هەڕەشەیە دەتوانرێت بە توانای زیانگەیاندن بە توانای ئابووری دەوڵەت بپێورێت، جا چ لەسەر ئاستی پەیوەندییە دەرەکییەکان بێت، یان لەسەر ئاستی ناوخۆ، وەک ڕوودانی ئەو پێشهاتانەی کە هاوسەنگی ئابووریی نێوان هێزە کۆمەڵایەتییەکان دەگۆڕن کە دەبێتە هۆی باڵادەستی چینێک لەسەر حیسابی چینێکی تر یان گۆڕینی پێکهاتەی ئەدای ئابووری و ئەو مەترسیانەی کە ڕەنگدانەوەی لەسەر ئاستی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی هەیە لە ماوەیەکی نزیک یان دووردا.
**٤.هەڕەشەی سەربازی:** لیستی هەڕەشە سەربازییەکان کۆمەڵێک فۆرم لەخۆدەگرێت، وەک ئەگەری لەناوبردنی توانای سەربازی دەوڵەت و کۆمەڵگە، کۆنترۆڵکردنی سیستەمی سیاسی بە هێزی سەربازی، جگە لە بەرکەوتنی دەوڵەت بۆ مەترسی دەرەکی لەشکرکێشی، بەبێ ئەوەی لەبیری بکەین کە لاوازبوونی ئەدای سەربازی دامەزراوەی سیاسی لە پاراستنی تاک و گروپدا یەکێکە لە هەڕەشە هەرە مەترسیدارەکان لە داهاتوویەکی نزیکدا.
**٥.هەڕەشەی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری:** مەبەستمان ئەوەیە لە داهاتوودا سیستەمی کۆمەڵایەتی و فیکری دووچاری مەترسی دەبێتەوە و پچڕان و پەرتبوون لەخۆدەگرێت، کە ئەمە ڕەنگدانەوەی نەرێنی لەسەر تاک دەبێت و لەناو ئەم فەوزایەدا ون دەبێت.
هەڕەشە لەم چوارچێوەیەدا قۆناغی یەکەمی مەترسییە، بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە هەڕەشە نوێنەرایەتی ڕەفتارێکی سەرەتایی دەکات کە مەترسی چاوەڕوانکراو لە داهاتوویەکی نزیکدا لەخۆدەگرێت. کاتێک ئەم هەڕەشەیە دەگاتە قۆناغی پێگەیشتن، دەگۆڕێت بۆ مەترسییەکی ڕاستەقینە و کاریگەرییە نەرێنییەکانی لەسەر تاک و کۆمەڵگە ڕەنگدەداتەوە، پاشان هەمان مەترسی دەگۆڕێت بۆ هەڕەشەیەکی تری سەرەتایی کە لە داهاتوویەکی نزیکدا دەبێتە هۆی مەترسی توندتر لە پێشوو، بۆ نموونە ئەگەری بەربڵاوی گەندەڵی کارگێڕی لە جومگەکانی کاری دەوڵەتدا بەشێوەیەکی بەرفراوان کە نوێنەرایەتی هەڕەشەیەکی ئابووری بەرز دەکات، کاتێک ئەم هەڕەشەیە دەگاتە قۆناغێکی پێگەیشتن، دەگۆڕێت بۆ مەترسییەکی ڕاستەقینە کە لە ئەدای ئابووریدا ڕەنگدەداتەوە، بەتایبەتی گەشەپێدان. بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە سامانی گشتی بەهۆی دەستبەسەرداگرتنی لەلایەن لایەنە جیاوازەکانەوە توانای خزمەتکردنی تاک و کۆمەڵگەی نەماوە، بەجۆرێک کە گەشەسەندنی ناسەقامگیر دەبێتە هۆی گەڵاڵەبوونی هەڕەشەیەکی دیکە لە ئایندەیەکی نزیکدا، کە بریتییە لە بڵاوبوونەوەی توندوتیژی کۆمەڵایەتی و تاوان بەهۆی ئەوەی یەکێک لە پاڵنەرە پێویستەکانی گەشەپێدانی کۆمەڵگە نەیتوانیوە داواکارییەکانی کۆمەڵگە دابین بکات، بەم شێوەیە هەم هەڕەشە و هەم


مەترسی دەبنە هۆکاری هەمیشەیی کارلێککردن کە تەواوکەری یەکتری دەبن، وەک لەم خشتەیەی خوارەوەدا دیارە:




ڕەنگە دەوڵەتی عێراق شاهیدی ئەوە بووبێت، لە ماوەی دوای ٢٠٠٣/٤/٩ ڕووبەڕووی کۆمەڵێک مەترسی و هەڕەشە بووەوە بە هەموو ئەو فۆرمانەی باسمان کرد، کردەوە تیرۆریستییەکان بریتیبوون لە هەڕەشەی ستراتیجی کە هەڕەشەیان لە قەوارەی سیاسی و پرۆسەی سیاسی دەکرد، ئەمە جگە لە دیاردەکانی کوشتن کە کۆمەڵگەی بەرەوڕووی مەترسییەکانی ئاوارەبوونی ناچاری و دووبارەبنیادنانەوەی نەخشەی دابەشکردنی کۆمەڵگە لەسەر بنکە نوێیەکان کە لە هەمان کاتدا بووە هۆی ناهاوسەنگی لە ئەدای ئابووری لەنێوان ناوچە جیاوازەکاندا و ئەم مەترسیانە هەڕەشەیان لە داهاتوو دەکرد بەوەی کە پەیکەری کۆمەڵگەیی زیاتر دووچاری پچڕان و دابڕانی ناوخۆیی دەبێت لە ئەگەری بەردەوامبوونی ئەم مەترسیانەدا.

کاتێک باس لە هەڕەشە دەکەین، پێویستە ئاماژە بەو ئامرازانە بکەین کە پێویستە بەکاربهێنرێن بۆ ئەوەی مەترسییەکەی سنووردار بکرێت. بەو پێیەی هەڕەشەکە پەیوەندی بە داهاتووەوە هەیە بەگشتی، ئەوا بیرکردنەوەی پێشوەختەی ستراتیجی ئاسایشی نیشتیمانی باشترین ئامرازە بۆ کۆنترۆڵکردنی ئەم هەڕەشەیە بە شیکردنەوە و زانینی ئەنجامەکانی لە خولی داهاتوودا پێش ئەوەی هەڕەشەکە بگاتە پێگەیشتن.

بیرکردنەوەی پێشوەختە لە ڕووی مانادا بەو واتایە دێت کە سیستەمی ستراتیجی هەوڵدەدات پێشبینی پێشوەختەی مەترسییە چاوەڕوانکراوەکان بکات کە لە هەندێک ڕەفتاردا خۆیان دەبیننەوە، جگە لە شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی ئەم مەترسیانە و دواتر چارەسەرکردنیان لە ڕێگەی پەرەپێدانی سیاسەتی تایبەتەوە کە توانای نەهێشتنی ئەم مەترسییەیان هەیە پێش ئەوەی بگۆڕێت بۆ مەترسییەکی ڕاستەقینە، واتە سنوردارکردنی لە چوارچێوەی قۆناغی یەکەمی خۆیدا بەبێ ئەوەی بگاتە قۆناغی پێگەیشتن بۆ ئەوەی نەگۆڕێت بۆ هەڕەشەیەکی ڕاستەقینە. دیاریکردنی پرۆسەی شیکاری هەڕەشە فۆرم و ئاستی خۆی هەیە، واتە ئایا دەچێتە مەودای هەڕەشەی بەرز، مامناوەند، یان لاواز؟ لە چوارچێوەی ئەم ڕێگایەدا بۆمان دەردەکەوێت کە پرۆسەی شیکاری پێشبینیکردنی ئەو مەترسیانە لەخۆدەگرێت کە ڕەنگە کاریگەریان لەسەر ئاسایش هەبێت بە مانا هەمەلایەنەکەی نەک مانا بەرتەسکەکەی، چونکە ئاسایش چیتر لەسەر بنەمای ئاسایشی دەوڵەت نییە، بەڵکو ئاسایشی کۆمەڵگە و تاک دەگرێتەوە، بۆیە هەر ڕەفتارێک کە دژایەتی ئەم ڕەهەندانە بکات و بە ئاڕاستەیەکی پێچەوانەیان ببات، نوێنەرایەتی هەڕەشەیەکی شاراوە و مەترسییەکی چاوەڕوانکراوی داهاتوو دەکات و ئەو میکانیزمەی کە تەکنیکی بیرکردنەوەی پێشوەختەی ئەمنی بەکاردەهێنێت دەتوانرێت لە ڕێگەی ئەم دایاگرامەی خوارەوە ڕوونبکرێتەوە:




سەرکەوتنی بیرکردنەوەی پێشوەختەی ستراتیجی ئاسایشی نەتەوەیی پێویستی بە دەستنیشانکردن و شیکردنەوەی سروشتی دیاردە بەربڵاوەکانە لەسەر ئاستی کۆمەڵگە و دەوڵەت (لە ڕووی سیاسی و ئابووری و سەربازی و کۆمەڵایەتییەوە) لەگەڵ خەیاڵکردنی ئەو ڕێگایانەی کە دەتوانیت بیگریتە بەر، چونکە زۆرێک لە هەڕەشەکانی داهاتوو زۆرجار


نیشانەی شاراوەن و جددیەتی خۆیان ئاشکرا ناکەن تا دوای ئەوەی هەڕەشەکە دەگاتە ئاستێک کە ناتوانرێت مامەڵە بکرێت لەگەڵی بەو تێچووە سادانەی کە پێشتر هەیبووە، بەڵکو مامەڵەکردن لەگەڵیدا دوای ئەوە دەبێتە هەڕەشەیەکی ڕاستەقینە، تێچووی سیاسی و ڕەنگە ئابووریی لە ڕاددەبەدەر لەخۆبگرێت، زۆرێک لەو هەڕەشانەی کە لە سەرەتای دامەزراندنیدا کاریگەرییان لەسەر ئاسایشی دەوڵەتی نوێی عێراق هەبوو، لە سەرەتاوە بە جددی مامەڵەیان لەگەڵدا نەکرا، ئەمەش وایکرد وردە وردە پەرەبسێنێت تا گەیشتە قۆناغی مەترسی ڕاستەقینە کە مامەڵەکردن لەگەڵیدا تێچووی زۆری دەوێت کە ڕەنگە زۆربەیان لە شێوەی تەنازولاتی سیاسیدا بن. گرنگی بیرکردنەوەی ستراتیجی چالاکانە ڕوونە و لە پێشکەوتن لە مەترسییەکە زیاتر لە هەنگاوێک خۆی نیشان دەدات و ڕێگەی پێدەدات لە سەرەتاوە مامەڵەی لەگەڵدا بکات بە تێچوونێک کە سیاسی یاخود ئابووری بێت.

ستراتیجی ئاسایشی نیشتیمانی، لە هەوڵەکانیدا بۆ گەیشتن بە پلەی گشتگیریی لە پەسەندکردنی بنەمای بنیادنانی نەتەوەدا، بڕیارە پشت بە بیرکردنەوەی پێشوەختە ببەستێت بۆ بەدیهێنانی سەرچاوە چاوەڕوانکراوەکانی هەڕەشە کە ڕەنگە قورسایی لەسەر پشتڕاستکردنەوەی ستراتیجییەکە دابنێت لە ئەگەری ئەوەی پرسی چاوەڕوانی نادرێت بەو شتەی کە ئیحتیمالی بێت. لەسەر ئەم بنەمایە پێویستە ستراتیجی ئاسایشی نیشتیمانی لە کاتی دەستپێکردنی بنیادنانیدا بە ئامانجەوە لێکۆڵینەوە لە زۆر دیاردە و پێشهات لەبەرچاو بگرێت بە پێشبینیکردنی ڕێگاکانی ئەگەری بۆی لەلایەک و تەرخانکردنی سەرچاوەی پێویست و گرتنەبەری میکانیزمەکان بۆ مامەڵەکردن لەگەڵیاندا بەشێوەیەکی ئەرێنی لەلایەکی دیکەوە، بەبێ ئەوەی ئەمە کاریگەری لەسەر گەیشتن بەو ئامانجانە هەبێت کە لە کارنامەی ستراتیجیدا هاتووە.

بەشێوەیەکی گشتی، ستراتیجی لە پێناسەکردنی ئەو ئامانجانەی کە هەوڵی جێبەجێکردنی دەدات لە داهاتوودا، دەبێت ڕووبەڕووی چەندین ئاستەنگ ببێتەوە کە جێبەجێکردنی ئەو ئامانجانە قورس دەکات، ئەمەش کاریگەری لەسەر پرۆسەی پێشبینیکردنی پێشوەختەی هەڕەشەکان دەکات کە بە پێچەوانەی ئاراستەی ئامانجەکانە، بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە شیکاریی ژینگەی ناوخۆیی و دەرەکی و دەستنیشانکردنی سەرچاوەکانی هەڕەشە دەتوانێت ڕێگری لە جێبەجێکردنی ئامانجەکانی ستراتیجییەکە بکات، کە تا ڕاددەیەکی زۆر بەشدارە لە چالاککردنی توانای ستراتیجی ئاسایشی نیشتیمانی بۆ ڕووبەڕووبوونەوە بەبێ سەرلەنوێ سەیرکردنەوەی ئامانجەکان یان گۆڕینی ئامرازەکانی جێبەجێکردن بۆ ئەوەی لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییە هەلومەرجییانەی کە بەهۆی بوونی هەڕەشەکە سەریانهەڵداوە بناسرێتەوە.

## چوارەم: بنیادنانی ستراتیجێکی گشتگیر بۆ ئاسایشی نیشتیمانی

وەک پێشتر ئاماژەمان پێدا، گەیشتن بە سەرکەوتنی ستراتیجی ئاسایشی نیشتیمانی پەیوەستە بە پەرەپێدانی تێڕوانینەکان بۆ ژینگەی داهاتوو بە مەبەستی دەستنیشانکردنی ڕادەی گونجان لەنێوان ئامانجە دیاریکراوەکان و ئەو سەرچاوانەی کە بۆ گەیشتنیان تەرخانکراون لە ژینگەیەکدا کە پابەندە بە مەرجەکانی کات و گۆڕانی بارودۆخێکی دەستنیشانکراو بۆ ئەو بارودۆخانەی کە دەوریان داوە و لەوانەیە ڕێگری لە بەدیهێنانی بکەن، کە ڕەنگە ببێتە هۆی ئەوەی ئامانجەکە بە تەواوی بەدینەهێنرێت و مەبەستمان لەوەش ڕوودانی بۆشایی شکستی ستراتیجییە لە گەیشتن بە ئامانجە خوازراوەکە، کە لە بەرامبەردا دەبێتە هۆی ئەوەی ژینگەی دەوروبەری ئامانجی ستراتیجی پابەند بکرێت بۆ گۆڕینی ئامانجەکە بە ئامانجێکی تر یان گۆڕینی ئامرازە بەکارهێنراوەکان، وەک لەم وێنەیەی خوارەوەدا دیارە:




بۆ ئەوەی (کەلێنی شکستی ستراتیجی) لە گەیشتن بەو ئامانجانەدا دروست نەبێت کە لەسەر ستراتیجی گشتگیری ئاسایشی نەتەوەیی کێشراون، پێویستە بە وردی ڕەچاوی لێکۆڵینەوە لە ژینگەی دامەزراو بکات لە کاتی پرۆسەی بنیادنانەوە و ئامادەکردنی ئامانجەکان، بەجۆرێک کە ئەم ئامانجەی کۆتایی گونجاو بێت لەگەڵ سەرچاوەکانی پشتیوانی، کە چاوەڕوان دەکرێت لە داهاتوودا بەردەست بن و وەک پێشتر ئاماژەی پێکرابوو ستراتیجییەکە پێویستە پێشبینی هەردوو هەڕەشەی سەرچاوەکان و هەڕەشەکانی ژینگە بکات بۆ ئەوەی ئامانجەکان هاوئاهەنگ بن لەگەڵ هەردوو سەرچاوە بەردەستەکان و ژینگەی تایبەت بە ئامانجەکە.

لەسەر ئەم بنەمایە بڕیارە ستراتیجیەتی ئاسایشی نەتەوەیی و شیکردنەوەی چەند دیاردەیەک کە بەسەر بوارە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکاندا دابەشکراون، بە مەبەستی پێشبینیکردنی سروشتی ئەو مەترسییە ئارا و شاراوانەی کە کاریگەرییان لەسەر کاری بەرنامەی داهاتووی حکومەت هەیە و ئەگەری ڕوودانی هەیە بۆ دیاریکردنی ئەو بوارانەی کە ستراتیجی ئاسایشی نیشتیمانی دەتوانێت بەدواداچوون و لێکۆڵینەوەیان لەسەر بکات جگە لە دابینکردنی چارەسەری پێویست بۆی بەم شێوەیە:

**بواری سیاسی/ لێکۆڵینەوە لە چەند لایەنێک لەخۆدەگرێت، لەوانە:**

١.سیستمی حوکمڕانی، لەوانەش دیراسەکردنی دامـەزراوە دەستورییەکان و حزب و بزوتنەوە سیاسییەکان و سروشتی سیستمی هەڵبژاردن و کاریگەرییەکانی لەسەر پرۆسەی سەقامگیری سیاسی، جگە لە لێکۆڵینەوە لە واقیعی مۆدێرن سازی و گەشەسەندنی سیاسی لە کۆمەڵگەدا.

٢.هێزە سیاسییە چالاکەکان، لەوانەش دامودەزگاکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و کاریگەرییەکانیان لەسەر دیاریکردنی سروشتی گەشەسەندنی سیاسی لە وڵاتدا، دیراسەکردنی بزاوتی حزبی و دروستکردنی هاوپەیمانی و بەرنامەی سیاسی جۆراوجۆر و کاریگەرییان لەسەر دیاریکردنی شێوازەکانی کارلێکی ناوخۆیی.

٣.پەیوەندییەکانی دەرەوەی وڵات، چ لەسەر ئاستی ناوچەیی یان نێودەوڵەتی، هەروەها پەیوەندی لەگەڵ ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و دەزگا ناحکومییە نێودەوڵەتییەکان (NGO)، لەگەڵ جەختکردنەوە لەسەر ئەو ڕێگایانەی کە ئەم پەیوەندییانە پێیدا تێدەپەڕن و ئەگەرەکانی تێکچوون یان گەشەکردنیان بۆ باشتر، ئەمەش پێویستی بە گرنگیدان بە گۆڕاو و هۆکارەکان هەیە کە ڕەنگە کاریگەری نەرێنییان لەسەر پەیوەندییەکان هەبێت.

٤.کێشە سیاسییە جۆراوجۆرەکان وەک کێشەی بەشداریکردن، کێشەی شەرعیەتی سیاسی، کێشەی شوناس، لەوانەش کێشەکانی یەکگرتنی کۆمەڵایەتی-سیاسی.

**بواری ئابووری/ لێکۆڵینەوە لە چەند لایەنێک لەخۆدەگرێت، لەو انە:**

١.سروشتی سیستمی ئابووری وڵات، لەوانە سەرچاوەی ئابووری و سامان و شێوازەکانی ئیستغلالکردنیان بۆ گەیشتن بە پرۆسەی گەشەسەندنی بەردەوام.

٢.هێزی دانیشتووان و کاریگەری گۆڕانی بەردەوام لە پێکهاتەی تەمەندا لەسەر هێزی کار و تایبەتمەندییەکانی.

٣.ئەو کێشانەی کە سیستەمی ئابووری بەدەستیەوە دەناڵێنێت وەک بێکاری، چینی هەژارەکان، گۆڕانی پێکهاتەیی لە سیستەمی ئابووریدا، کاریگەریی تەکنەلۆجیا لەسەر واقیعی کار، کێشەی تەرخانکردن و دابەشکردنی داهاتەکان.

٤.لێکۆڵینەوە لە ڕۆڵی دەوڵەت لە چالاککردنی سیستەمی ئابووری لە ڕێگەی سیاسەتی دەستێوەردانی عەقڵانی بۆ پاراستنی هاووڵاتیان لە هەڵاوسانی بازاڕ و گۆڕانکارییە ئابوورییە نێودەوڵەتییەکان.

٥.گۆڕانکارییە ئابوورییە نێودەوڵەتییەکان لەگەڵ پرسە چارەنوسسازەکان و خواست لەسەر وزە و سەرچاوەکان.
٦.کاریگەرییەکان لەسەر نرخەکان، دابەشکردنی کاری نێودەوڵەتی، ڕەوتی بازرگانی نێودەوڵەتی، بازاڕی دارایی نێودەوڵەتی، جگە لە پرسەکانی وەبەرهێنانی بیانی لە هەردوو بەشی: ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ، پەیوەندی دەوڵەت لەگەڵ دامەزراوە دراوی و داراییە نێودەوڵەتییەکان و کاریگەرییەکانی لەسەر واقیعی ئابووری ناوخۆیی.
٧.سیستەمی ژینگەیی، لەوانەش لێکۆڵینەوە لە کاریگەری گۆڕانی ئابووری لەسەر دۆخی فرەچەشنی ژینگەیی و چۆنیەتی چارەسەرکردنی کێشە ژینگەییەکان کە کاریگەری نەرێنی لەسەر تاک لەلایەک و گەشەسەندنی کۆمەڵگە لەلایەکی ترەوە هەیە، لەگەڵ لێکۆڵینەوەیەک لە ڕێگا نموونەییەکان بۆ ئیستغلالکردنی ژینگە.

**بواری کۆمەڵایەتی/ لێکۆڵینەوە لە چەند لایەنێک لەخۆدەگرێت، لەو انە:**
١.کێشەی توندوتیژی کۆمەڵایەتی وەک (تاوانی ڕێکخراو و ناڕێکخراو، توندوتیژی سیاسی و مەیلی یاخیگەری) و کاریگەری ئەمەش لەسەر پرۆسەی سەقامگیری سیاسی.
٢.ڕاددەی کارلێکی کۆمەڵگە لەگەڵ گۆڕانکارییە سیاسییەکان، لەوانەش لێکۆڵینەوە لە بیروباوەڕ و بیرۆکە سیاسییەکان، ڕۆڵی هاووڵاتیان لە بەشداریی سیاسیدا، هەروەها ئەو هۆکارانەی کە باوەڕی هاووڵاتی بە توانای سیستەمی حوکمڕان زیاد یان کەم دەکەنەوە.
٣.کاریگەریی سیستەمی کۆمەڵایەتی لەسەر گەڵاڵەبوونی ڕێکخستنی سیاسی، واتە لێکۆڵینەوە لە ڕۆڵی هێزی کۆمەڵایەتی نەریتی وەک خێڵ و میراتی ئایینی لە دیاریکردنی ئاڕاستەی هەڵبژاردنەکاندا.
٤.کێشە کۆمەڵایەتییە ناسراوەکان وەک کێشەی خێزان و ڕێکخستنی کۆمەڵگە و کاریگەرییان لەسەر پەروەردە و پرۆسەی پەروەردە.
٥.سیستەمی پەروەردەیی لە وڵات و گونجانی لەگەڵ پێداویستییەکانی داهاتووی کۆمەڵگە و گونجاندنی بۆ دابینکردنی بەرهەمی کوالیتی قبوڵکراو کە بەشدارییەکی بەرچاوی هەیە لە پاڵپشتیکردنی پرۆسەی گەشەپێدان و مۆدێرنسازی.

**بواری ئەمنی-سەربازی/ ئەم بوارە گرنگیدان بە چەند لایەنێک لەخۆدەگرێت، لەو انە:**
١.سروشتی هێزە چەکدارەکان لە وڵات و کەرەستە سەربازییەکانیان لە ئێستا و لە داهاتوودا و گونجانیان لەگەڵ مەرجەکانی پاراستنی ئاسایشی ناوخۆ و دەرەوە.
٢.تا چەند پێشکەوتن لە هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ و توانا ئۆپەراسیۆنەکانیان لە بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر و تاوانی ڕێکخراو و تاوانی هاوبەشدا بەدەستهاتووە.
٣.بزوتنەوەی چەکداری، لەوانەش لێکۆڵینەوە لە تایبەتمەندی و بیرکردنەوەیان، جگە لە سروشتی ڕێکخستنی ناوخۆیی خۆیان، بە گرنگیدان بە ئامانجە ڕاگەیەندراو و شاراوەکان کە پاڵنەریان بۆ دروست دەکەن.
٤.ڕاددەی ئاشنابوون بە بەکارهێنانی تەکنەلۆجیای ئەمنی مۆدێرن و بەکارهێنانی دروستیان

لە گەیشتن بە ئاسایشی نیشتیمانی.
پێویستە هەموو ئەم لایەنانە لە کاتی بنیادنانی ستراتیجییەکی هەمەلایەنە بۆ ئاسایشی نیشتیمانیدا لەبەرچاوبگیرێن، بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە ئەم ستراتیجە پەیوەندی بە گەیشتن بە پێشکەوتن و گەشەسەندن لە هەموو بوارەکانی کۆمەڵگەدا دەبێت بەبێ ئەوەی سنوردار بێت بە بوارێکی دیاریکراو، ئەمەش گریمانەی گشتگیری و فراوانی تێڕوانینەکانی دەکات تا ئاستی لێکۆڵینەوە لە دیاردە جۆراوجۆرەکان بە مەبەستی ئاگاداربوون لە گۆڕانکارییە بەردەوام و چاوەڕوانکراوەکان لە ژینگەی داهاتوودا و ڕادەی کاریگەرییەکانیان لەسەر سیستەمی ئامانجە نیشتیمانییەکان لەسەریەک لەلایەک و سەرچاوە بەردەستەکان بۆ پشتگیریکردنی ستراتیجییەکە لەلایەکی تر.

## ئەنجام

لەم لێکۆڵینەوەیەدا، بە کورتی دەستمان خستە سەر سەلماندنی ئەو گریمانەیەی کە «بنیادنانی ستراتیجییەکی گشتگیر بۆ ئاسایشی نیشتیمانی پێویستی بە پێشبینییەکی چالاکانە هەیە بۆ سروشتی ئەو مەترسیانەی کە لە داهاتوودا هەن و کاریگەریان لەسەر توانای ستراتیجییەکە هەیە بۆ گەیشتن بە ئامانجە دیاریکراوەکانی». چۆنێتی مامەڵەکردن لەگەڵ گۆڕانکارییەکان، توانای خۆگونجاندن و جوڵە بە ستراتیجییەکە دەبەخشێت بەبێ ئەوەی پێویست بکات قوربانی بەو ئامانجە سیاسیانە بدات کە دانراون بەهۆی کاریگەری واقیعی ژینگەیی کە ستراتیجییەکەی لەناودایە. لەسەر ئەم بنەمایە، لێکۆڵینەوە لە داهاتوو بووەتە هەنگاوێکی حەتمی پێش ئەوەی دەست بە پرۆسەی ئامادەکردن و داڕشتنی ستراتیجی نیشتیمانی بکرێت، لەوانەش پێناسەکردنی ئامانج و ئامرازەکانی بەردەست بۆ بەکارهێنان، بۆ قبوڵکردنی ئەوەی کە هەیە، بۆ گۆڕینی ئامانج، یان گۆڕینی ئامرازەکان، ئەمەش بەو مانایەیە کە ستراتیجییەکە ملکەچی واقیعی گۆڕانی زۆرەملێیە، کە زۆرجار کاریگەریی نەرێنی لەسەر ئامانجی کۆتایی ئاسایش ڕەنگدەداتەوە، کە بریتییە لە گەیشتن بە گەشەپێدان و مۆدێرنسازی لە چوارچێوەی توانا بەردەستەکاندا.

# جێپێی ڕوسیا لە ئەفریقا

نووسینی: شارلۆت هیرسبرنەر و نیکلاس مەسوهر
وەرگێڕانی: مەڵبەندی دیراساتی گشتی

ئامادەیی مۆسکۆ لە کیشوەری ئەفریقا لە ساڵانی پێش داگیرکاری ئۆکراینا ڕوو لە هەڵکشان بوو. لە ئێستادا، ئەم هەژموون و وجودە پەیوەندی ڕاستەوخۆی هەیە بە جەنگ و سەرئەنجامی تەنگژەی سیاسی و ئابوورییەوە.

داگیرکاری ڕووسیا بۆ ئۆکراین لە ساڵی ٢٠٢٢ دا شەپۆلی شۆکی جیهانی دروستکرد. ئەفریقا هاوشان لەگەڵ ناوچەکانی دیکەدا کاریگەری تێدا دەرکەوت، وەک زیادبوونی بەربەرەکانی لەسەربالادەستی و هێز، هەوڵدان بۆ دروستکردنی کاریگەری لەسەر ڕای گشتی ئەفریقی، کورتهێنانی ئاڵوگۆڕ لە ئەنجامی شەڕدا.

کاردانەوەی حکومەتەکانی ئەفریقا یەکگرتوو نەبووە بەهۆی بوونی پەیوەندی و پابەندبوونی بەهێز بە ڕووسیا و ویلایەتە یەکگرتووەکان و هاوپەیمان و هاوبەشەکانیانەوە لە پێش داگیرکارییەکان، هەروەها جیاوازی بەرژەوەندییە ناوخۆییەکان. تەنها کەمینەیەکیان بەرەی ئۆکراینایان هەڵبژاردووە و سەرکۆنەی پێشێلکارییەکانی ڕووسیایان کردووە، بەڵام حوکمەتەکانی دیکە زیاتر بێلایەنی و نێوەندگیرییان هەڵبژاردووە و ژمارەیەکی زۆریان لە دەنگدانی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ تۆمەتبارکردنی ڕووسیا کشاونەتەوە. ئەم ئەنجامە نیگەرانی لە پایتەختەکانی ڕۆژئاواییەکان و لەلای کۆمێنتارەکان دروستکرد، داوا لە دەوڵەتە ئەفریقییەکان کرا کە زیاتر بەرپرسیاری هەڵبگرن و پاڵپشتی کیف بکەن. لە ئاوێزەی ئەفریقییەوە بەهۆی ئەوەی بژاردە سیاسییەکان کەمتر ڕوونی پێوە دیارە و ئەو فشارانەی دەکرێت بۆ چوونە بەرەی بەرژەوەندییەکانی ئۆکراینا و ڕوونتر بۆ چوونە بەرەی بەرژەوەندی ویلایەتە یەکگرتووەکان و هاوپەیمانەکانی، هەموویان هۆکاری کێشەن.

لە زۆر لایەنەوە، ئەفریقاش بووە بە گۆڕەپانی سیاسی کە تێیدا داگیرکارییەکانی ڕووسیا تاوتوێ دەکرێت لەڕێگەی فشارخستنەسەریان بۆ سەرکۆنەکردنی و ئابلوقەخستنەسەری و سەپاندنی سزا بەسەر ڕژێمی ڕووسیادا. ئەفریقا وەک هێمایەکە بۆ هەوڵەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی کە تا چەندێک سەرکەوتووە لە دەرەوەی دەستوری خۆیان. لێکۆڵینەوە لە ئەفریقا جێگەی سەرنجە، هەروەها لەو کاتەوەی ڕووسیا ویستویەتی جێپێی خۆی جێگیربکات بەتایبەتی دوای کۆتاییهاتنی یەکەمین لوتکەی ڕووسی-ئەفریقی لە (سۆچی) لە ساڵی ٢٠١٩. لە لوتکەی داهاتوو لەم ساڵدا ٢٠٢٣، ئەوە دەردەکەوێت کە ڕووسیا تا چ ئاستێک توانیویەتی خۆی وەک جێگرەوەی ئەمریکا و ئەوروپا جێبکاتەوە. لە دوای ئەم ڕووداوەوە داهاتووی ڕووسیا بە کراوەیی دەمێنێتەوە. لەوانەیە لە بوار و کاریگەری دیاریکراودا بمێنێتەوە بەهۆی ئەو ئابلوقە و سزایانەی لە جەنگەوە سەریهەڵداوە و هۆکاری فشارن و بەشێوەیەکی نەرێنی کاریگەرییان لەسەر متمانەی ڕووسیا هەیە وەک هاوبەشێکی دەرەکی بۆ وڵاتە ئەفریقییەکان.

هەرچەندە ئەوە چاوەڕوانکراوە کە مۆسکۆ هەوڵی کۆنترۆڵکردنی زیاتری پرۆسە پەرلەمانییەکانی ئەفریقا دەدات وەک چۆن لە ڕابردوودا ئەنجامیداوە، هێزە چەکدارییەکانی ناسراو بە ڤاگنەرگروپ وەک سمبولێکی بوونی ڕووسیا ڕەفتاردەکەن، لەلایەکی دیکەشەوە بەتەواوەتی بۆ بەرژەوەندییەکانی خۆیان کاردەکەن. لەگەڵ زیادبوونی ڕووبەڕووبونەوەکانی ڕووسیا لەگەڵ وڵاتانی ناتۆدا، کریملن بە ئەگەری زۆرەوە ئەفریقا وەک دووەم مەترسی بەربەرەکانێ دەبینێت. سەرەڕای ئەو بوار و مەودایانەی بوونیان هەیە، بە ئەگەری زۆرەوە

ڕووسیا و هەژموونەکەی لە ئەفریقا بە جۆراوجۆری دەمێنێتەوە و دوور دەبێت لە فەرمیبوون. بریکارییەکانی ڕووسیا بە شیمانەی زۆر دەتوانن هێزی خۆیان بخەنەڕوو و هەڵبقۆزنەوە، وەک خۆبەستنەوە بەو بیروباوەڕانەی کە دژی یەکێتی سۆڤیەت بوونیان هەبوو، لەکاتێکدا بەستراوەنەتەوە بە پێدانی بڕێکی کەم لە ڕێگای پرۆژەی فراوانی ئابوورییەوە.

## وجودی ڕووسیا پێش ٢٠٢٢

داگیرکارییەکانی ڕووسیا لە دژایەتیکردنی ناتۆ پێشڕەوی بە خۆیەوە بینیوە و ئەگەری هەیە دژایەتیکردنەکانی بباتە خاکی ئەفریقاوە. بەر لە شوباتی ٢٠٢٢، زیادبوونی هەژموونی ڕووسیا لە ئەفریقادا بەشێوەیەکی بەرچاو وەک زیانێکی گەورە دەبینرا. شوێنپێی مۆسکۆ وەک هەڵقۆزتنەوە دەردەکەوت و میانڕەوانە بوو، بەڵام ژمارەیەک هەڕەشەشی لەخۆدەگرت. بریکارەکانی لە خاکی ئەفریقادا دەیانەوێت بە ڕووکەش بمێننەوە، دوور لە باڵادەستییەکانی ڕووسیا و نزیک لە حکومەت دەربکەون.
لە چەقی ئەم تۆڕەدا (یڤگێنی پریگۆژن) دەوەستێت، بەڵێندەری دەستبەرکردنی سەرەکی پێشووی سەربازی ڕووسی، کە پەیوەندی بازرگانی و سیاسی لەگەڵ باڵادەستە ئەفریقییەکان و هاوبەشەکانیان دروستکردووە. حکومەتی ڕووسیا تائێستا پاڵپشتی خۆی بۆ چالاکییەکانی ئەم تۆڕە دووپاتکردۆتەوە. ئەو سوودە ئابوورییە سەربازییەی ئەم هێزە بەدەستیدەهێنێت جێگەی سەرنجی نێودەوڵەتییە. وجودی ڕووسیا زیاتر هەڵپەرستی و بەرژەوەندی جیاوازە، بەپێچەوانەی پلانە گەورەکەی کریملن، باڵاترین پێکهێنەری دیار لە تۆڕەکەی (پریگۆژین)دا لە ئێستادا بریتییە لە بەرگە تەماحخوازییەکەی (ڤاگنەر).
لە کاتی جوڵە ناوخۆییەکانی ڕووسیا لە ئۆکراینا لە ساڵی ٢٠١٤ گروپی ڤاگنەر دامەزرا، ئەم گروپە لە تۆڕەکەی پریگۆژین وەک گروپێکی پەرلەمانی، هەروەها وەک گروپێکی نیمچە نکۆڵیلێکراوی دەرخەری هێز و هەژموونی ڕووسیا دەردەکەوت، هێڵێکیش دەیبەستەوە بەوەی گروپێکی نادیار و تەمومژاوییە. لە کاتێکدا گروپی ڤاگنەر بە بەردەوامی جێپێی لە لیبیا و کۆماری ئەفریقای ناوەڕاست هێشتبۆوە، ئەمە هۆکاربوو بۆ ئەوەی بەتەواوی بەو جۆرە لە ئەفریقادا دەربکەوێت کە ئاماژەمان پێدا. لە ڕابردوودا ڤاگنەر وەک هێزێکی چەکدار پاڵپشتی هێزە ناوخۆییەکانی هاوپەیمانی ڕووسیایان دەکرد. بەرچاوترین کەیسی دامەزراندنی ڤاگنەر بریتییە لە، هەوڵدان بۆ جێگیرکردنی (فۆستین ئارکەینج تواذێرا) لە کۆماری ئەفریقای ناوەڕاست. ئەم هێزە چەکدارانە چالاکییەکانیان نزیک لە چالاکییەکانی (شارەزای تەکنەلۆجیای سیاسی) ین، ئەمە دەستەواژەیە بۆ ڕاوێژکاری سیاسی چالاک کە شارەزاییان لە هاوکاریکردنی ئۆتۆکراتەکان هەیە بۆ ڕێگەگرتن بە بەرگری ناوخۆیی و ناوچەیی. لەکاتێکدا ڕەگەزە پەرلەمانییەکان چاوی میدیاکانیان بۆ خۆیان ڕاکێشاوە، چالاکییەکانی کۆماری ئەفریقای ناوەڕاستی پریگۆژین دەتوانرێت وەک هەوڵێکی نیمچە نهێنی سەیربکرێت کە لە هەوڵی ئەوەدایە لایەنە سەربازی و ناسەربازییەکانی تێدا کۆبکاتەوە. میدیاکانی پێنتاگۆن ئەوەیان بڵاوکردۆتەوە کە پێنتاگۆن کۆماری ئەفریقای ناوەڕاست وەک جێگەی دەسەڵاتی

ڕووسیا دەبینێت لە کیشوەری ئەفریقادا.
چاودێرانی مەدەنی و شیکەرەوەکان زۆربەی کات تیشکیان دەخستە سەر ئەم بابەتە شیکارییە ئاسایشییە، کە ئەوەیان دەردەخست ڕووسیا ئامادەیی هەیە، بەڵام بەشێوەیەکی کەمی ڕێژەیی دەردەکەوت. لە ساڵی ٢٠٢٢ فەرەنسا بڕیاریدا هێزەکانی لە –مالی- بکشێنێتەوە دوای ئەوەی شۆڕشێکی سەربازی بانگێشتی هێزە سەربازییە ڕووسییەکانی کرد و ئەگەری ئەوەی دروستکرد کە حاڵەتەکە بگۆڕێت بۆ جۆرێک کە زیاتر لە جەنگی سارد بچێت لە ناوچەکەدا.
لەو کاتەوەی دژایەتیکردنەکانی لەگەڵ ڕۆژئاوادا پێدەچێت بابەتی مانەوە بێت بۆ ڕژێمەکەی (پوتین)، لەوانەیە مۆسکۆ ڕێگای ڕاستەوخۆتر بگرێتە بەر بۆ کۆنترۆڵکردنی دەستکەوتەکانی ڕووسیا لە ئەفریقا بۆ زیانگەیاندن بە بەرژەوەندییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان و وڵاتانی ناتۆ. پاڵنەر بۆ قازانجە مادییەکان لە کۆتاییدا بە کۆنترۆڵکردنی ستراتیجی و ڕێککەوتنێکی ڕوونتر جێیدەگیرێتەوە کە لەگەڵ بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی ڕووسیادایە. لەگەڵ ئەوەی کادیری جەنگاوەری شارەزا خراونەتە سەر کار لە ئۆکرایندا بۆ بەهێزکردنی نواندنە سەربازییە ناجێگیرەکان هەروەها بۆ بەهێزکردنی پێگەی پریگۆژین وەک هێزێکی لۆکاڵیی ناوەندی کە ئەمە خۆی لە خۆیدا ئەو پرسیارە دەخاتەڕوو کە چۆن شوێنپێی ڕووسیا کاریگەری بەهێز لە ئەفریقادا دروست دەکات و دەردەکەوێت.

## چڕبوونەوەی ڕکابەرێتی

سەرەڕای هیواکانی ڕووسیا بۆ گۆڕانکاری لە شێوازی کارکردنی ڕژێمەکەی، ئەو جەنگەی لەگەڵ ئۆکراینا هەڵگیرساندووە ڕکابەرایەتییەکەی لەگەڵ وڵاتانی ناتۆ و سەرتاسەری جیهان زیادیکردووە و ئاستی مەترسییەکانیشی زیاترکردووە. واشنتۆن و هاوبەشەکانی داوای زیادکردنی ئابڵوقە و سزاکانی سەر ڕووسیا دەکەن و دەیانەوێت لە ڕووی دیبلۆماسی و ئابووریشەوە ڕووسیا لە جیهان دابڕێنن. لە ڕیزی ئەم هەوڵانەش، وڵاتانی ڕۆژئاوای هاوپەیمان هەوڵی جددیانداوە بۆ سەرکۆنەکردنی کارە توندوتیژییەکانی ڕووسیا لە سەرتاسەری جیهاندا. ئەم هەوڵانە لێکەوتەی جیاوازی هەبوو لە وڵاتە ئەفریقییەکاندا لەبەرئەوەی زۆرینەیان پەیوەندی لەپێشینەیان لەگەڵ ڕووسیادا دروستکردووە.
لە کاتێکدا قەبارەی ئاڵوگۆڕی ئابووری ڕووسیا لەلایەن وڵاتانی چین و یەکێتی ئەورووپا و ویلایەتە یەکگرتووەکانەوە بچووککراوەتەوە، بەڵام ڕووسیا بە یەکێک لە هەناردەکەرە گەورەکانی کەلوپەلی سەربازی دادەندرێت لە کیشوەری ئەفریقادا. هەرچەندە بۆ زۆرینەی وڵاتانی ئەفریقی و -بە ڕێژەیەکی یەکسان گرنگە بۆ- ڕژێمەکان، دەستی چەکی ڕووسی و پارچەی یەدەگی ڕووسی لە مەترسییە سەرەکییەکانن. بەڵام حکومەتە هاوبەشە ڕووسی- ئەفریقییەکان و پەیوەندی ئاڵوگۆڕ لە نێوانیاندا هۆکارە بۆ بێدەنگبوونی حکومەتە ئەفریقییەکان لەوەی لایەنێک هەڵبژێرن.
زۆرینەیان خۆیان بەدوور دەگرن لە ئەگەری ئەوەی دووبارە پەلکێشبکرێنەوە بۆ ڕۆژانی

جەنگی سارد، کە تێیدا بە زۆرەملێی ناچاردەکران بۆ هەڵبژاردنی ناوچەی دابڕێنراو و ئۆردوگاکان.
داواکارییەکانی وڵاتانی ڕۆژئاوایی، خۆی لە چەند ڕەهەندێکی چاکەخوازیدا دەبینێتەوە، بە لایەنگریکردنی ئۆکراینا وەک وڵاتێکی بەرگریکار، بە لەبەرچاونەگرتنی ئەوەی کە حکومەتە ئەفریقییەکان دوای بەرژەوەندی نەتەوەیی دەکەون کە ئەگەری هەیە لەگەڵ داواکارییەکانی وڵاتانی ڕۆژئاوادا ڕێکبکەوێت یاخود نا. بە دیاریکراویش، بەرەوپێشچوونی سێبەری شوێنپێکانی وڵاتی چین لە کیشوەرەکەداکە بەشێوەیەکی ئاشکرا و پشتگیریکردنی ویلایەتە یەکگرتووەکان و ناتۆ دەبێتە ناچاری. لەکاتێکدا وەڵامدانەوەکانی چین بۆ داگیرکارییەکان زۆر بە وریاییەوە بوو وە ناڕوونیشە، تا ئێستا بڕیاری پچڕاندنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ڕووسیا نەداوە. پەکین ترسی لە بێهێزبوونی هاوسێ و هاوبەشەکانی هەیە، کە لە بەرامبەردا سەرچاوەکانی ستراتیجی و سەرنجەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان بەهێزدەکات. لە ئەنجامدا، چین بەرژەوەندی لە سەقامگیرکردنی ئەو بیرۆکەیەدا هەیە کە ڕووسیا لە جیهان دادەبڕێندرێت. دوودڵی و هەڵنەبژاردنی لایەنێک لەلایەن وڵاتە ئەفریقییەکانەوە بەڵگەیەکی گرنگی جیابوونەوەیە.

## ڕەهەندی زانیاری


لە زۆرینەی کەیسەکاندا، بۆ حکومەتە ئەفریقییەکان لایەنگریکردنی ناتۆ یەکسانە بە لایەنگریکردنی داگیرکارەکانی پێشوویان. ئۆپەراسیۆنەکانی زانیاریی ڕووسیا بە مەبەست ئەم پەیوەندییە مێژووییەی بە ئامانج گرتووە و لەهەمانکاتدا بەڵگەنامەی باوەڕپێکراوی دژە داگیرکاریی یەکێتی سۆڤییەتی پێوە بەندکردووە.
لە ماوەی جەنگی سارددا، مۆسکۆ توانی جێگەی خۆی وەک پاڵەوانێکی جیهانی دژی داگیرکارێتی بکاتەوە، کە لە بوار و چوارچێوەی بیری ئەفریقیدا ئەمە بە دژی پێگەی خۆرئاوایی لە قەڵەم دەدرا. مۆسکۆ دەتوانێت بانگەشەی ئەوە بکات کە لە بەرەی ڕاستیدا بووە لە مێژوودا. لە ئێستادا ئەفریقا نیگەرانە لەوەی دیارترین بزوتنەوەی ڕزگاریخواز توانی حکومەت لە بەرژەوەندی خۆی هەڵبگێڕێتەوە، ئەوەش -کۆنگرەی نەتەوەیی ئەفریقا- باشوری ئەفریقایە. لە ژینگە هاوچەرخەکەدا، ئەمە مانای ئەوەیە کە کارەکتەرەکانی ڕووسیا پێشەنگن لە بوونی پەیوەندی گشتی بە بەراورد بە ڕکابەرە ئەمریکی و ئەوروپییەکانیان. بۆ نموونە، لە مالی، کۆمپانیای ڤاگنەر لانیکەم بە نیوەناچڵیش بێت سەرکەوتوو بوو لە نیشاندانی خۆی وەک جێگرەوەیەکی درێژخایەنی یاخیبوو بۆ حکومەت و بەشێکی دانیشتوانە ناوچەییەکە.
ئەم دەستکەوتە بەتەنها لەسەر نوێنەرایەتی پەرلەمانی ڤاگنەر دژ بە تیرۆریزم بەند نەبوو، بەڵکو وادەردەکەوێت کە زیاتر بەهۆی دژایەتیکردنی داگیرکاری پێشووی فەرەنسا بوو. ئەم پێزانینەی ڕووسیا زیاتر پشتی بە کەمپینەکانی کۆکردنەوەی زانیاری بەستبوو، وەک لەوەی زانیارییەکەیان پێبگات. کارەکتەرەکانی ڕووسیا میدیای باو و ئۆنلاینیان بەکارهێنا بۆ پیشاندانی ڕووسیا وەک میراتگری شەرعی بۆ یەکێتی سۆڤێت و هەوڵەکانیان بۆ لایەنگرە ئەفریقییەکان. بۆ نموونە، ڕووسیا توانیویەتی ئەفریقییەکان فریوبدات بەوەی کە ڕووسیا

میراتگری شەرعی یەکێتی سۆڤیەتە، کە ئەمە پێگەیەک نییە کە ئۆکراینا توانیبێتی لەلای ئەفریقییەکان بەدەستیبهێنێت، سەرەڕای ئەوەی ئۆکراینا پێکهێنەری سەرەکی یەکێتی سۆڤێت بوو.
ڕووسیا داگیرکارییەکەی دەخاتە چوارچێوەی جەنگێکی بەرگری لە دژی ئەو هێزانەی کە ئەفریقایان داگیرکردووە و خوازیارن پشتبەستوویی ئەفریقا بە ڕۆژئاوا بەردەوام بێت. نموونەی مالی دەریدەخات کە کەمپینی زانیاری ڕووسیا دەتوانێت چەندێک سەرکەوتوو بێت لە هەردوو ئاستی ڕژێمایەتی و لەنێو ئاپۆڕای جەماوەر. لە دوای ڕاگەیاندنی کشانەوەی فەرەنسیەکان، سەرکردە سەربازییەکانی مالی چەندین جار جەختیان لێکردەوە و سوپاسی (پوتین)یان کرد بۆ ئەو ڕێزەی ڕووسیا لە پاشایەتی وڵاتەکەی گرتووە -بە پێچەوانەی فەرەنسا و وڵاتانی ڕۆژئاوا- هاوشێوەی ئەمەش، کاتێک خاوەندارییەتەکانی ڕووسیا لەکاروەستان، خۆپیشاندانی گشتی بۆ پاڵپشتیکردن و دەستەبەرکەری ئاسایشی نوێ ئەنجامدرا کە وا پێشبینیدەکرێت لەلایەن چاودێرانەوە ئاڕاستەکرابێ.
ئەمە دژ بەو ڕاپۆرتی تاوانی جەنگانە دەوەستێت کە لەسەر هێزە چەکدارەکانی ڤاگنەر تۆمارکراون لە کۆماری ئەفریقای ناوەڕاست. بەر لەساڵی ٢٠٢١ ڕاپۆرتدەرەکانی ئەنجومەنی مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان، ئاماژەیان بە چەندین پێشێلکاری کردووە لەلایەن «ڕێنیشاندەرە ڕووسییەکانەوە» کە لەنێو هێزەکانی کۆماری ئەفریقای ناوەڕاست خۆیان حەشارداوە. لەگەڵ ئەمەشدا، لە کاتی کشانەوەی هێزەکانی فەرەنسا لە مالی، ڕەوشی ئاسایشی باکوری وڵاتەکە زیاتر شێواوە وەک لەوەی بەرەو باشبوون بچێت.
ناوبانگی دروستبووی ڤاگنەر وەک ڕەگەزێکی هێزی دژە تیرۆر ناحەقییە. هەروەها، لە کانونی دووەمی ٢٠٢٣ کشانەوەی هێزەکانی فەرەنسا لە بورکینا فاسۆ، کە لەلایەن هێزە سەربازییەکانی ڕژێمەکە و سیاسییەکانی ڕووسیاوە پاڵپشتی زانیاری داواکرابوو، لەلایەن هێزە چەکدارەکانەوە پاشکۆ دەکران.

## هاوکاری بازرگانی و ئابووری

لانیکەم لە دوای یەکەمین لوتکەی ڕووسیا و ئەفریقا لە ساڵی ٢٠١٩ وە، مۆسکۆ بەشێوەیەکی بەرچاو هەوڵیداوە پەیوەندییە ئابووری و دیپلۆماسییەکانی لەگەڵ حکومەتەکانی ئەفریقا پەرەپێبدات بۆ بەرزترین ئاستی سیاسی. هاوشێوەی پەیوەندییە سیاسییەکان، پەیوەندییە بازرگانییەکانی نێوان ڕووسیا و وڵاتانی ئەفریقا وێنایەکی ڕێکوپێک و هاوشێوە ناخەنە ڕوو. لە سەرەتای ساڵی ٢٠١٠ وە قەبارەی بازرگانی نێوان ڕووسیا و کیشوەری ئەفریقا بەردەوام لە گەشەکردندا بووە. ئەم پێشهاتە دەکرێ وەک دەرئەنجامی ئەو سزایانە لێکبدرێتەوە کە بەسەر ڕووسیادا سەپێندرا لە دوای لکاندنی کریمیا لە ساڵی ٢٠١٤ دا، ئەمەش وایکرد ڕووسیا بەدوای هاوبەشی ئابووریی جێگرەوەدا بگەڕێت.
قەبارەی بازرگانی ڕووسیا و ئەفریقا لە ساڵی ٢٠١٨ دا گەیشتە لوتکە لە چاو ساڵانی پێشوو کە بڕەکەی ٥,٢٠ ملیار دۆلار بوو. وەک ئاماژەیەک بۆ لە پێشینەییەکانی ڕووسیا، (ڤلادمیر

پوتین) سەرۆکی ڕووسیا بە فەرمی داوای کرد تا ساڵی ٢٠٢٥ ئاڵوگۆڕی بازرگانی دووهێندە زیاد بکرێت و ئامانجیشی ئەوەیە بگاتە ٤٠ ملیار دۆلار. بەهۆی شەڕی بەردەوامی ئۆکراینا و لێکەوتەکانی، ئەم پلانە کە ڕەنگە لە سەرەتاوە لە ڕاددەبەدەر مەبەستێکی گەورەی لەپشتەوە بووبێت، ئێستا پێدەچێت دابەزیبێت بۆ بیرکردنەوەی ئاواتخوازانە. پەیوەندی ئابووری ڕووسیا لەگەڵ کیشوەری ئەفریقا زۆرترین جار لە سێ کەرتدا بەرچاو دەکەوێت ئەوانیش: هەناردەکردنی چەک، چالاکییەکانی کانسازی و گەڕان بەدوای وزەدا.
بەڵام لە دەرەوەی ئەمانە، ڕووسیا بە بەراورد لەگەڵ هاوبەشە بازرگانییەکانی دیکەی ئەفریقا وەک وڵاتێکی ئابووری سوکتر دەمێنێتەوە. بە بەراورد لەگەڵ قەبارەی بازرگانی وڵاتانی دیکە، وەک یەکێتی ئەوروپا (٢٧٥ ملیار دۆلار)، چین (٢٠٠ ملیار دۆلار)، ئەمریکا (٦٢ ملیار دۆلار)، یان هیندستان (٥٤ ملیار دۆلار)، دەردەکەوێت قەبارەی بازرگانی ڕووسیا لە ساڵی ٢٠١٨ دا تاڕاددەیەک سنوردارە. (بڕوانە گرافیک ١).




هەروەها، ئەم ئامارانە لە ڕووی جوگرافییەوە زۆر لاوازن، بەو پێیەی زۆرینەی واتە (٧٤٪) ی پەیوەندییە بازرگانییەکانی ڕووسیا لەگەڵ ئەفریقا لە وڵاتانی باکووری ئەفریقادا چڕبوونەتەوە. بەو پێیەی ڕووسیا تەنها (٢٪ بۆ ٣٪)ی بازرگانی نێودەوڵەتی کاڵا و پێداویستییەکانی ئەفریقا پێکدەهێنێت، بۆیە کاریگەری سزاکان لەسەر ئاسۆی بازرگانی دەرەکی ئەفریقا بێ بایەخن.
سەرەڕای ئەوەش، لەشکرکێشییەکەی بۆ سەر ئۆکراینا و ئەو سزایانەی کە لە ئەنجامدا بەسەر ڕووسیادا سەپێنراون، بەردەوامن لە کاریگەریی جددی لەسەر چەند بوارێکی بەشداریکردنی ڕووسیا لە ئەفریقا. لە یەکەم نموونەدا، کەرتی سەربازی باڵادەست کاریگەری لەسەر بووە بەهۆی لەشکرکێشیەکانی ڕووسیا بۆ سەر ئۆکراینا، نەک تەنها بەهۆی سزاکانەوە، بەڵکو بەهۆی پێداویستییەکانی بەرەکانی جەنگی ڕووسیاشەوە.
ئەم تێکچوونانە دەتوانێت کاریگەری درێژخایەنی هەبێت، دەشێت کاریگەرییان لەسەر ڕۆڵی وەک هەناردەکارێکی چەکی باوەڕپێکراو بۆ ئەفریقا هەبێت. لە مانگی ئابی ٢٠٢٢ دا، سەرۆکی دەزگای هەناردەکردنی چەکی دەوڵەتی ڕووسیا ئەوەی پشتڕاستکردەوە و ڕایگەیاند کە

"داهاتی هەناردەکردنی چەکی ڕووسیا لە ساڵی ٢٠٢٢ دا بە بەراورد بە ساڵی ڕابردوو بە ڕێژەی ٪٢٦ دابەزیوە. لە دەرەوەی بابەتی چەک، کۆمپانیا ڕووسییەکان چەندین پرۆژە لە وڵاتانی ئەفریقا لە بوارەکانی کانەکانی وەک (ئەڵماس، ئەلەمنیۆم، بۆکسایت، زێڕ، پلاتینیۆم و هتد) بەڕێوەدەبەن و بەشدارن لە پرۆژەکانی ژێرخانی هایدرۆکاربۆن و وزەی ئەتۆمی".

بەڵام ئەم پرۆژانە بە هەمان شێوە ڕەنگە بەهۆی فشارەکانەوە بۆ سەر ڕووسیا لە ڕێگەی سزاکان و زیادبوونی پێداویستییە پیشەسازییەکانی خۆیەوە ئاڵۆزتربن. یەکێک لەو نموونانە وێستگەی ئەتۆمی ئەلدەبایە کە لەلایەن کۆمپانیای وزەی ئەتۆمی دەوڵەتی ڕووسیا ڕۆساتۆم لە میسر واژۆکراوە بۆ دروستکردن و دابینکردنی خەرجی. چەندین هاوبەشی پرۆژە، وەک هاوبەشەکانی کۆریای باشور کە لە ئاستی جیهانیدا بەهادارن، پێشتر نیگەرانی خۆیان سەبارەت بە هاوبەشییەکەیان لەگەڵ ڕووسیا و ئەو سزایانەی بەسەر ڕووسیادا سەپێنراون دەربڕیوە.

شەڕەکە بەدرێژایی ڕێڕەوێکی جیاواز وەک هاوردەکردنی کەلوپەلی خۆراکی نیگەرانی لە ئەفریقا لێکەوتۆتەوە. ڕووسیا و ئۆکراینا هەناردەکاری بەرچاوی کاڵا و پێداویستی خۆراکی و پەینی کیمیاین، بە کۆی گشتی، نزیکەی ٪٣٠ ی گەنم کە لە ئاستی جیهانیدا بازرگانی پێوە دەکرێت، لەلایەن هەریەک لە وڵاتانی ڕووسیا و ئۆکراینا هەناردە دەکرێت، هەروەها بە هەمان شێوەش ٪٢٠ ی گەنمەشامی و ٪٧٠ ی تۆوی گوڵەبەڕۆژە لە لایەن هەریەک لەم وڵاتانەوە هەناردە دەکرێن. هێزەکانی داگیرکەری ڕووسیا وێرانکارییەکی زۆریان لە ڕۆژهەڵات و باشوری ئۆکراینا بەجێهێشتووە، بەتایبەتی ئەو ناوچانەی کە زۆرینەی کەرتی کشتوکاڵی وڵاتەکەیان تێیدا جێگیر بووە.

لە دەرەوەی پچڕانە کورتخایەنەکان، ڕەنگە هەندێک ناوچەی کشتوکاڵی هێواش هێواش لە وێرانکارییەکانی شەڕ و کاریگەرییە درێژخایەنەکانی دوای شەڕ چاکببنەوە، هەر وەک تەقەمەنییەکی نەتەقیو، هەردوو هۆکارەکە بەهۆی سروشتی تۆپخانەی قورسی شەڕەکانەوە کە ڕووسیا پێی باشترە، خراپتر دەبن.

لە ئەنجامدا، شەڕەکە بۆشایی یەدەگی خۆراکی لە بازاڕی جیهانی خۆراکدا بە جێهێشتووە، لەگەڵ زۆرێک لە وڵاتانی کەمدەرامەت کە بەتایبەتی کاریگەری دابەزینی هەناردەکردنی فیزیکی و بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ کاریگەری بەرزبوونەوەی نرخەکانیان لەسەرە. بۆیە ڕێکخراوی خۆراک و کشتوکاڵی نەتەوە یەکگرتووەکان پێشبینی دەکات نرخی خۆراکی جیهانی لە ساڵی ٢٠٢٣ دا بە ڕێژەی ٪٨ بۆ ٪٢٢ بەرزبێتەوە.

ئەمەش وادەکات زۆرێک لە وڵاتانی کەمدەرامەت دەبێت یان پارەی زیاتریان هەبێت بۆ ئەوەی بیدەن بە خۆراک یان خۆراکی کەمتریان دەبێت بۆ خواردن. لە مانگی تەمموزی ساڵی ٢٠٢٢ دا، ڕووسیا و ئۆکراینا بە هاوبەشی لەگەڵ نەتەوە یەکگرتووەکان و وڵاتی تورکیا، دەستپێشخەری دانەوێڵەی دەریای ڕەشیان واژۆکرد کە ئامانج لێی ڕێگەدان بوو بە دەستپێکردنەوەی هەناردەکردن لە وڵاتی ئۆکراینا.

سەرەڕای ئەوەش، بەهۆی ناسەقامگیری لە وڵاتانی ئەفریقا دابینکردنی پێداویستی خۆراکی و پاشماوە کیمیاییەکان هەروا ماوەتەوە. ئۆپەراسیۆنەکانی زانیاری ڕووسیا دەستیان بەسەر

نائاسایشی خۆراکدا گرتووە و ئۆکراینایان وەک « وەکیلی ناتۆ» تاوانبار کردووە بە هۆکاری هەڕەشەکردن لە ڕووسیا و مەترسی خستنە سەر ژیانی ئەفریقییەکان لە پرۆسەکەدا.
بە هەمان شێوە، ئامادەنەبوونی ئۆکراینا بۆ سازشکردن لەسەر یەکپارچەیی خاک و سەروەری سیاسی لە چوارچێوەی بێدەسەڵاتی و دەستێوەردانی ڕۆژئاوا دادەنرێت کە ژیانی ئەفریقییەکان دەخاتە مەترسییەوە.

## هێڵی کۆتایی

هێشتا زۆر زووە بڵێین کە چۆن داگیرکردنی ئۆکراینا کاریگەری لەسەر شوێنپێی ڕووسیا لە وڵاتانی ئەفریقا دەبێت کە پێشتر گەشەیسەندووە. بەگشتی چاودێران و شیکەرەوان ئاماژە بە دوو سیناریۆی کۆن دەکەن: کشانەوە یان زیادکردنی کۆنترۆڵی ستراتیجی لەلایەن کریملنەوە. ڕاپۆرتەکان سەبارەت بە جێگیرکردنی کادیرە نیمچە سەربازییەکانی ڕووسیا بۆ بەرەی شەڕی ئۆکراینا ڕەنگە ئاماژە بە یەکەمیان بکەن. ئەم هێڵی گفتوگۆیە لە دەوری نەبوونی هێزی مرۆیی بە ئەزموونی ڕووسیا و پێویستی کۆکردنەوەی سەرچاوەکان لە دوورەوە دەسوڕێتەوە، بۆ ئەوەی هەوڵە جەنگییەکانی بەردەوام بێت.
بەڵام دژە گفتوگۆکە ئاماژە بەوە دەکات کە بوونی ڕووسیا لە وڵاتانی ئەفریقا زۆر لەسەر هەرزانی بنیادنراوە و پارێزراوە؛ بەتایبەتی لە بەکارهێنانی بەکرێگیراوان و سروشتی هەڵبژێردراوی پەیوەندییەکە. جگە لەوەش، زیادبوونی کێبڕکێ لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژئاوادا ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە ڕەنگە مۆسکۆ زیاتر سەروەت و سامانی نادەوڵەتی و نیمچە دەوڵەتی وەربگرێت یان بە نیشتیمانی بکات بۆ کاریگەرییە ستراتیجییەکان. بەڵام ئەمە ڕەنگە بە ئاسانی پلانی بۆ دابنرێت نەک ئاسان جێبەجێ بکرێت، لەشکرکێشی ئۆکراینا دەریخستووە کە تەنها خاوەندارێتی هەڵگری ستراتیجی لە سەرانسەری بەرەیەکی فراواندا، وەکو دەزگاکانی زانیاری، هێزە نیمچە سەربازییە دانپێدانەنراوەکان و هاوپەیمانە سیاسییەکان لە خۆیاندا سوودی ستراتیجی دروست ناکەن.
بەتایبەتی، دەتوانین بڵێین کە لە هەندێک شوێندا ڕەنگە درەوشانەوەی ڤاگنەر وەک بەدیلێک بۆ هاوکارییە ئەمنییەکانی ڕۆژئاوا لەناوبچێت. جێگەی پرسیارە کە ئۆپەراسیۆنی زانیارییە کاریگەرەکانی ڕووسیا تا چەند دەتوانن ئۆپەراسیۆنە بێسوودەکان یان تەنانەت بەرهەمە زیانبەخشەکان قەرەبووبکەنەوە. ڕەنگە دەلتایەکی هاوشێوە لەنێوان ناوبانگی باوی ڕووسیادا گەشەبکات، چونکە بڕوانامەکانی دژە کۆڵۆنیالیزم لە سەرانسەری شەبەنگی میدیای نوێ و کۆندا دەدرەوشێنێتەوە لە بەرامبەر بە لەدەستدانی متمانەبەخۆبوون وەک هاوبەشێکی بازرگانی و دابینکەری چەک. لوتکەی ڕووسیا و ئەفریقا لە ساڵی ٢٠٢٣ دا لە زۆر ڕووەوە ئاماژەیەک دەبێت بۆ زانینی ئەوەی مۆسکۆ لە کوێی کیشوەرەکەدا وەستاوە، چ لە پەیوەندی لەگەڵ تێڕوانینی جیهانی بۆ لەشکرکێشییەکەی دژی ئۆکراینا و چ لە ڕووی توانای بەردەوامبوونی وەک ناوەندێکی دەسەڵاتی جێگرەوە کە هەست پێدەکرێت.
پێشوازی گەرمی (سێرگی لاڤرۆڤ) وەزیری دەرەوەی ڕووسیا لە باشوری ئەفریقا لە مانگی

یەکی ساڵی ٢٠٢٣ دا، کە دواتر مانۆڕی سەربازی هاوبەش بەڕێوەدەچێت، ئەوە نیشان دەدات کە دیبلۆماسییەتی ڕووسیا چەندە دەتوانێت سەرکەوتوو بێت. بەبێ گوێدانە ئەوەی کە ئەم گێڕانەوە سیاسییانە لە ئەفریقادا چۆن یاری دەکەن، لە ئێستادا ڕووسیا خاوەنی کۆمەڵێک سوودە بەسەر وڵاتانی ڕۆژئاوا و تەنانەت وڵاتی چینیشدا، سەرەڕای ئەوەی کە ڕووسیا بە تەنیا خاوەنی یەدەگێکی جەنگی بچوکترە بە بەراورد بە وڵاتانی دیکە. مۆسکۆ توانای ئەوەی هەیە ئامانجە دیارینەکراوەکان پەیڕەو بکات و تا ڕادەیەکی زۆر پرسیارە ڕێکخراوەکان و کاریگەرییە پلە دووەکان پشتگوێ بخات. لە ئەفریقا نوێنەرە ڕووسییەکان تەنها بەرەو ڕژێمەکان و تۆڕەکانی دەسەڵات ئاراستە دەکرێن، بەبێ گوێدانە گرنگی شەرعیەت یان ڕاپۆرتەکانی مافی مرۆڤ. پێدەچێت جێگیرکردنی گروپی ڤاگنەر بۆ وڵاتی مالی لە زۆر ڕووەوە باشترین سیناریۆ بووبێت تا ئەو شوێنەی کە پەیوەندی بەم خاڵە بەهێزانەوە هەیە: بڕیاردانی خێرا و هەلپەرستانە، زەمینەیەکی لەبار بۆ گێڕانەوەی دژە کۆڵۆنیالیزم و بۆشاییەکی ئەمنی کە پێویست بوو پڕبکرێتەوە.
ڕووداوەکانی بورکینا فاسۆ ڕەنگە ئاماژە بەوە بکەن کە هاوئاهەنگی لەگەڵ کودەتا سەربازییەکانی حکومەت کە نادڕەزایی دژە ڕۆژئاوا بەکاردەهێنن، ڕەنگە ئاراستەبڕێکی گشتی بەسوود بۆ نوێنەرە ڕووسیاییەکان بسەلمێنێت. تا چەند دەستێوەردان لەم بوارەدا دەبنە نموونەیەک بۆ چالاکییەکانی داهاتوو یان تەنانەت نیشاندەرە بۆ دەستبەسەرداگرتنی سەرتاسەری ڕووسیا و چالاکییەکانی لە ئەفریقا، هێشتا بەتەواوەتی ئاشکرانییە.

سەرچاوە: CSS Analyses in Security Policy
بەستەر: (EN.pdf (ethz.ch-CSSAnalyse٣١٨

# سزاکانی ڕووسیا: چ کاریگەرییەکیان لەسەر هەناردەکردنی نەوت و گازەکەی هەبووە؟

نوسینی: جاك هۆرتۆن و دانیاڵ پاڵەمبۆ
وەرگێڕانی: مەڵبەندی دیراساتی گشتی

لەو کاتەوەی ڕووسیا داگیرکارییەکەی بۆ سەر ئۆکراینا دەستپێکردووە، زۆرێک لە وڵاتەکان بەڵێنیان داوە کۆتایی بە هاوردەکردنی نەوت و غازی ڕووسیا بهێنن یان سنورداری بکەن بۆ کەمکردنەوەی داهاتەکانی مۆسکۆ و ڕێگریکردن لە هەوڵە جەنگییەکانی.

ئابووری ڕووسیا بەشێوەیەکی سەرەکی پشت بە قازانجی کەرتی وزە دەبەستێ و ئەوروپا هاوردەکارێکی سەرەکی وزەی ڕووسیایە، بۆیە گرتنە بەری ئەم ڕێوشوێنە کاریگەری لەسەر پێشڕەوییەکانی ڕووسیا لە بواری جەنگدا هەیە.

## چ سزایەک لە جێی خۆیدایە؟

وڵاتانی یەکێتی ئەوروپا کۆتاییان بە هاوردەکردنی نەوتی ڕووسیا هێناوە لە ڕێگەی دەریاوە لەگەڵ بەرهەمی نەوتی پاڵێوراو لە مانگی شوباتەوە. هەروەها ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاش دەڵێت کۆتایی مانگی ئازار هاوردەکردنی نەوتی ڕووسیا ڕادەگرێت. بریتانیاش بەڵێنیداوە قۆناغ بە قۆناغ کۆتایی بهێنێت بە هاوردەکردنی نەوتی ڕووسیا و بەرهەمە پاڵێوراوەکانی تا کۆتایی ئەمساڵ.

دیاریکردنی نرخی نەوت لەلایەن هاوپەیمانانی ڕۆژئاواوە پەسەندکرا بە ئامانجی ئەوەی ڕووسیا لە ٦٠ دۆلار (٤٨ پاوەن) زیاتری بۆ هەر بەرمیلێک نەوتی خاو دەستنەکەوێت.

هەروەها کەرتی غازی ڕووسیاش کراوەتە ئامانج. یەکێتی ئەوروپا لە مانگی ئازاردا ڕایگەیاند کە لەمساڵدا دوو لەسەر سێی هاوردەکردنی غازی ڕووسیا ڕادەگرێت. ساڵی ڕابردوو بریتانیا تەنها بڕێکی کەمی غازی ڕووسیای هاوردەکردووە، کە لە ئێستادا کۆتایی بە هەمووی هێناوە.

## کێ تا ئێستا نەوتی ڕووسیا دەکڕێت؟


چین و هندستان و تورکیا ساڵی ڕابردوو ڕێژەی کڕینی نەوتی ڕووسیایان بەرزکردەوە، ئێستا هەموویان پێکەوە ٧٠٪ ی سەرجەمی نەوتی خاوی ڕووسیا لەڕێگەی دەریاوە پێکدەهێنن.

ڕووسیا نەوتەکەی بە نرخێکی کەمتر لە نرخی نەوتی خاوی برێنتی جیهانی خستەڕوو.

لە ساڵی ٢٠٢١ دا، زیاتر لە نیوەی نەوتی خاوی ڕووسیا بۆ وڵاتانی ئەوروپا نێردراوە، بەڵام لەمساڵدا زۆرێک لەو وڵاتانە هەوڵی کەمکردنەوەی کڕینی نەوتی ڕووسیا دەدەن.

هاوردەکردنی نەوت لە بریتانیا بەشێوەیەکی زۆر کەمیکردووە، هەروەها لە وڵاتانی تریش بەشێوەیەکی بەرچاو کەمیکردووە.

بەڵام هەندێک لە وڵاتان بەشێوەیەکی زۆر پشتیان بە ڕووسیا بەستووە، لە داتاکانی مانگی ئەیلولی ٢٠٢٢ وڵاتانی سلۆڤاکیا و هەنگاریا لە پێشەنگی ئەو وڵاتانەدان.




وڵاتانی ئەوروپا بە دوای شوێنی دیکەدا دەگەڕێن کە بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییەکانیان.
لە ڕازیکردنی وڵاتە دەوڵەمەندەکانی تری نەوت وەک سعودیە و ئیمارات و ڤەنزوێلا بۆ زیادکردنی بەرهەمەکانیان سەرکەوتوونەبوون، لەبەرئەوەی یان بە بێلایەنی ماونەتەوە یاخود پشتگیری ڕووسیایان کردووە.
لە (٢٠٢٢)دا ئاژانسی نێودەوڵەتی وزە (IEA) بۆ وڵاتانی هاوردەکاری نەوت ڕازیبوون لەسەر فرۆشتنی ١٢٠ ملیۆن بەرمیل نەوتی خاو لە کۆگاکانیان، هەروەها ئەمریکاش بەشێک لە نەوتی یەدەگی ستراتیجی ئازادکرد.

## کۆتاییهێنان بە پشتبەستن بە غازی ڕووسیا کارێکی قورسە:

کەمکردنەوەی هاوردەکردنی غاز لە ڕووسیاوە بووە بە ئاڵنگارییەکی سەرەکی بۆ زۆرێک لە وڵاتای ئەوروپا. ئەم کیشوەرە زۆرێک لە غازەکانیان لە ڕێگەی ئەو بۆڕییانەوە دەست دەکەوێت کە زۆرینەیان بەناو ڕووسیادا تێپەڕدەبن.
هەروەها ئەو بۆڕییانەی کە لە ڕووسیاوە تێپەڕنابێت وەک ئەو بۆڕییە غازانەی لە ئازەربایجانەوە دەچێتە تورکیا توانای تەواویان نییە کە پێداویستییەکانی ئەوروپا پڕبکەنەوە.


گرنگترین بۆری گواستنەوەی غاز لە ئەوروپادا




BBC سەرچاوە: تۆڕی ئەوروپی بۆ بەکارهێنەرانی سیستەمی گواستنەوەی غاز

لە ساڵی ڕابردوودا، ڕووسیا ڕێژەی ٤٠٪ ی غازی سروشتی خۆیان هەناردەی وڵاتانی یەکێتی ئەوروپا دەکرد، لەنێویاندا ئەڵمانیا گەورەترین هاوردەکار بوو، دوای ئەویش ئیتاڵیا و هۆڵەندا. بریتانیا کڕیاری سەرەکی غازی ڕووسیا نەبووە، لە ساڵی ٢٠٢١ دا تەنها ڕێژەی ٤٪ ی غازیان لە ڕووسیاوە هاوردەکردووە، بەڵام لە ئێستادا هیچ هاوردەیەکی غازی لە ڕووسیاوە نەماوە.


## داتاکانی هەناردەکردنی غازی ڕووسیا:



## پشتبەستن بە غازی شل لە ڕێگەی دەریاوە:

وڵاتانی یەکێتی ئەوروپا زیاتر چاویان لەو کەشتییانەیە کە غازی سروشتی شل لە ڕێگەی تەنکەرەکانی ئەمریکا و قەتەرەوە هاوردە دەکەن.


گۆڕانکاری لە هاوردەکردنی غازی سروشتی شل لەلایەن وڵاتانی ئەوروپاوە زیاتر بایەخی پەیداکردووە، چونکە پڕکردنەوەی پێداویستییەکانی غاز لە ڕووسیاوە ساڵانی پێشوو دەستی بەسەر بازاڕەکانی ئەوروپادا گرتبوو.




لەگەڵ ئەوەشدا، ڕاوێژکاری وزە (کەیت دۆریان) وتی « بەشی پێویست تێرمیناڵی غازی سروشتی شل لە ئەوروپادا نییە و ئەمەش دەبێتە کێشە بەتایبەتی بۆ ئەڵمانیا».

چەندین تێرمیناڵی نوێ پلانی بۆ دانراوە لەکاتێکدا هەندێکیان لە قۆناغی بنیادناندان لە سەرانسەری ئەوروپادا و وڵاتان هەوڵدەدەن لەو بوارەدا توانای خۆیان بەرزبکەنەوە.

## وێستگەی غازی سروشتی شل لە ئەوروپا:



## سزا دارابیەکان کاریگەری هەبووە:

ڕێوشوێنی جۆراوجۆر لەلایەن گەلانی ڕۆژئاوا گیراوەتە بەر بۆ ئەوەی بازرگانی نێودەوڵەتی لەگەڵ ڕووسیا قورستر بکەن.
دەرهێنانی بانکە گەورەکانی ڕووسیا لە سیستەمی ئاڵوگۆری دارایی SWIFT پێدانی شایستە داراییەکانی نەوت و غازی بۆ ڕووسیا ئێجگار قورسکردووە. ئەو وڵاتانەی بەردەوامن لە بازرگانیکردن لەگەڵ ڕووسیا بەدوای ڕێگایەکدا دەگەڕێن بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە، هەردوو وڵاتی چین و هندستان تا دێت کڕینی نەوت و غازیان بە دراوی ناوخۆیان -ریمینبی و ڕوپییە- زیاد دەکەن.

سەرچاوە: BBC

Link: Russia sanctions: What impact have they had on its oil and gas exports? - BBC News

# بۆچی چین پەیوەندییەکانی لەگەڵ جیهانی عەرەبی پەرەپێدەدات؟

نوسینی: ڤالێری کۆلیکۆڤ

وەرگێڕانی: مەڵبەندی دیراساتی گشتی

بۆ ماوەیەکی درێژ پڕوپاگەندەکەرەکانی ڕۆژئاوا جەختیان لەسەر ئەوە دەکردەوە کە دیبلۆماسی چین تەنها لە ناوەڕاست و باشوری ئاسیادا سەرکەوتوو بووە. سەبارەت بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پەکین هیچ ئەزموونێکی لەگەڵ ناوچەکەدا نییە و هیچ ئاسۆیەک بۆ پەرەپێدانی پەیوەندییەکانی لەگەڵ جیهانی عەرەبیدا نییە، هەرچەندە سەردانەکەی سەرۆکی چین (شی جینپینگ) بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و کۆبوونەوەکانی لەگەڵ سەرکردایەتی وڵاتی سعودیەدا کە بێگومان سەرکردەیەکی کاریگەری ناوچەکەیە، مشتومڕەکانی توانست و دەسەڵاتی دەرەکی چینی بۆ یەکجاری و بۆ هەمیشە یەکلاییکردەوە.
گەیشتنی سەرۆک کۆماری چین بۆ ریاضی پایتەختی سعودیە بە مەبەستی بەژداریکردن لە یەکەم دیداری لوتکەی چین-عەرەب و ئەنجومەنی کۆڕپەندی هاوکاری چین-کەنداو لەسەر بانگهێشتی پادشای سعودیە (سەلمان بن عەبدالعزیز آلسعود) کە تێدەکۆشێت بۆ فراوانکردن و زیادکردنی هەژموونی خۆی لە وڵاتانی عەرەبی دەوڵەمەنددا نەک تەنها لە هەرێمە گرنگەکەی خۆیدا کە بۆ چەند دەیەیەک چەقی ناکۆکی و ململانێی چەکداری بوو بەتایبەتی لەسەر بابەتی «ئاڵتونی ڕەش».
هەندێک لە مێژوونووسە بەناوبانگەکان لەمێژە باسیان لەوە کردووە کە یەکێک لە هۆکارەکانی جەنگی جیهانی دووەم ململانێ بووە لەسەر خاوەندارێتیکردنی سەرچاوەکانی نەوتی خاو، تەنانەت هێرشە گەورەکەی ژاپۆنییەکان بە فڕۆکە بۆ سەر ئەمریکییەکان لە بنکەی ناڤاڵ لە پیرڵ هاربۆری لە بەرواری ١٩٤١/١٢/٧ بەستراوەتەوە بە فاکتەرەکانی نەوتەوە، چونکە ژاپۆنییەکان دەیانویست دەست بەسەر دورگە دەوڵەمەندەکان بە نەوت لە ئەندەنوسیادا بگرن. ویستی ژاپۆن بۆ دەستبەسەرداگرتنی دورگە دەوڵەمەندەکان بە نەوت لە ئەندەنوسیا، لەهەمانکاتدا ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆ بوو بەرامبەر هێزەکانی ئەمریکا و بریتانیا و وڵاتانی دیکەی ئەوروپا. ئەڵمانیای نازیش لە مەرامە گڵاوەکانیدا بۆ ڕۆژهەڵات هەوڵیدا بە هەر ڕێگەیەک بێت «کێشەی نەوت»ی خۆی چارەسەر بکات.
لەبەرئەوە، چاوەڕوانکراو بوو کە دوای جەنگی جیهانی دووەم ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەوڵیدا هەژموونی خۆی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا زیاد بکات لەسەر ئەو بنەمایەی کە بزوێنەری سەرەکی گەشەی ئابووری هەر وڵاتێک نەوتە، ئەمریکا خۆی خاوەنی ئەو سامانە بەنرخە نەبوو، هەروەها تاکو ناوەڕاستی ٢٠١٠ دەبوایە ٦٠٪ ی نەوت لە بازاڕەکانی دەرەوە بکڕێت بە مەبەستی پڕکردنەوەی پێویستی ناوخۆ.
شۆڕشی شەیڵ (shale) کە مەبەست لێی بەرهەمهێنانی نەوتە لە فۆڕمەیشنی تاوێرە بەردینە نیشتووەکانەوە لە کەرتی نەوت و گازی ویلایەتە یەکگرتووەکاندا مەبەستی جددی هەبوو بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، بەتایبەتی دوای ئەوەی ئەمریکا بوو بە یەکەم دابینکەری نەوت لە بازاڕەکانی جیهاندا، بەڵام دوای ئەوەی کەرتی وزەی ئەمریکا پاشەکشێی گەورەی بەخۆیەوە بینی لە کەنداوی فارسدا، سەرۆک (ترەمپ) دەستیکرد بە کەمکردنەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا و بەگشتی ئەمریکا دەستیکرد بە کەمکردنەوەی پشتیوانی سیاسی و ئابووری بۆ وڵاتەکانی ناوچەکە. لە ئەنجامدا، بەشێوەیەکی هێواش بۆ یەکەمجار لە سەردەمی (دۆناڵد ترەمپ)دا پاشان لەکاتی دەسەڵاتی (جۆ بایدن)دا پەیوەندییەکانی ویلایەتە

یەکگرتووەکان لەگەڵ وڵاتانی کەنداودا لاوازبوو.
دەسەڵاتدارانی چین زۆر بە لێزانانە سوودیان لەم بارودۆخە وەرگرت، ئەمەش بەتایبەتی بە ڕاپۆرتێکی گەورە لەلایەن چینەوە دۆکۆمێنت کرا بەناوی «هاوکارییەکانی چین و عەرەب لە سەردەمی نوێدا « کە لەلایەن وەزارەتی دەرەوەی چینەوە لە کۆتاییەکانی مانگی ١٢ دا بڵاوکرایەوە، کە بەتایبەت جەخت لەوە دەکاتەوە چین و وڵاتانی عەرەبی کەشێکی دیفاکتۆی ستراتیجی متمانەی هاوبەشیان دروستکردووە لەسەر بنەمای هاوهەڵوێستی بۆ ڕێزگرتن لە بنەماکانی سەروەری و دەستوەرنەدان لە کاروباری ناوخۆی یەکتر و ڕێگریکردن لە سیاسەتی دەسەڵاتخوازی و دوورکەوتنەوە لە هەژموونگەرایی.
جێگەی باسە کە، بۆ ماوەیەکی زۆر لە چین، چەمکی هەژموونگەرایی بەشێوەیەکی بەردەوام بەکارهێنراوە، بە پلەی یەکەم لە پەیوەندی لەگەڵ سیاسەتی ئەمریکادا. لەبەرئەوە جەختکردنەوەی تایبەتی پەکین لەسەر بەرەنگاربوونەوەی هەژموونی ئەمریکا بە هاوبەشی لەگەڵ دەوڵەتانی عەرەبیدا ڕەنگدانەوەی یەکێکە لە ئامانجە گەورەکانی چین بۆ بەهێزکردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ جیهانی عەرەبیدا، لە چوارچێوەی هێرشەکانی ئەم دواییەی ئەمریکا بۆ سەر وڵاتی چین و ڕەتکردنەوەی ئاشکرای دیکتاتۆریەتی ئەمریکا بەرامبەر وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەلایەن زۆرێک لە وڵاتانی عەرەبییەوە. ئەو پڕۆژە هاوبەشانەی کە لەلایەن پەکینەوە پێشنیارکراون بۆ جێبەجێکردن، نەک تەنها هاوکاری دارایی و بازرگانی دەگەیەنن، بەڵکو هاوکاری تەکنەلۆجی درێژخایەنیش دەگەیەنن. بۆ نموونە سعودیە بازاڕی خۆی بە ڕووی چەند کۆمپانیایەکی گەورەی چینی تەکنەلۆجیای بەرزدا دەکاتەوە، دیارترینیان کۆمپانیای هواویە کە لەم دواییانەدا جارێکی دیکە لە ئەمریکا سنووردار کرایەوە. کرانەوەیەکی بەوشێوەیە لە لایەن سعودیەوە بەڵگەیە بۆ ئاستێکی بەرزی متمانە لەنێوان پەکین و وڵاتانی کەنداوی فارس بەتایبەتی سعودیە.
لەژێر ئەم مەرجانەدا، سەردانەکەی (شی جینپینگ) سەرۆکی چین بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دواین پەیوەندییەکانی چین و عەرەب و ئەو پڕۆژە هاوبەشانەی کە لەلایەن پەکینەوە پێشنیارکراون بۆ جێبەجێکردن بە ڕوونی ئەوە دەردەخات کە چین ماوەیەکی زۆرە هاتۆتە ناوچەکە. هەروەها، گفتوگۆی هاوبەشی نێوان چین و سعودیە سەبارەت بە پرسە ئەمنییەکان جێگای سەرنجە، کە بۆ ماوەیەکی زۆر هەڵبژاردەی کارکردنی نێوان ریاض و واشنتۆن بووە، کاتێک کە ئەمریکا دڵنیایی ئاسایشی بە سعودیەدا. هەرچەندە، پەکین ویستی ئامادەیی خۆی نیشانداوە بۆ بەشداریکردن لە گفتوگۆکردن لەسەر ئەو جۆرە پرسانە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، کە بۆ یەکەم جارە ئەو جۆرە دڵنیایی و گەرەنتییانە بدرێت بە شوێنێک لە دەرەوەی سنوورەکانی.
جگە لە سعودیە، عێراق ئامادەیی خۆی نیشانداوە بۆ باشترکردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ وڵاتی چین. لە پەراوێزی یەکەمین لوتکەی چین و دەوڵەتانی عەرەبی، (محەمەد شیاع سودانی) سەرۆک وەزیرانی عێراق لەگەڵ (شی جینپینگ) سەرۆک کۆماری چین لە ریاضی پایتەختی سعودیە وتووێژیان کرد و لە گفتوگۆکەیاندا لەپاڵ قسەکردنیان لەسەر پەیوەندییە دووقۆڵییەکانیان، باسیان لەو ڕێگایانە کرد کە دەتوانێت هەردوو وڵاتەکە بۆ

ئاستێکی بەرزتر لە یەک نزیک بکاتەوە و هاوکاری ستراتیجی و هاوبەشی بەردەوام لە بوارە جیاجیاکاندا زیادبکات.

لە یەکەمین دیداری لوتکەی عەرەبیدا کە لە ریاضی پایتەختی سعودیە بەڕێوەچوو، کاربەدەستانی ناوخۆیی داوای هاوکاریان لە وڵاتی چین کرد بە مەبەستی زیادکردنی قەبارەی هاوکارییە مرۆیی و ئابوورییەکان بە مەبەستی کۆتایهێنان بە شەڕە ناوخۆییەکان لە یەمەن و کێشەکانی لەگەڵ خەڵکەکەی، ئەمەش نەک تەنها ئاماژە بە داننان بە دەسەڵاتی پەکیندا دەکات، بەڵکو نیشاندانی نزیکبوونەوەی زیاترە لەنێوان وڵاتانی عەرەبی و چیندا.

هەرچەندە، لە واشنتۆن لە لێدوانێکی تەواو ڕوون و ڕاشکاودا، (جۆن کێربی) ڕێکخەری پەیوەندییە ستراتیجییەکانی ئەنجومەنی ئاسایشی نیشتیمانی لە گوتارەکەیدا چڕبوونەوەی سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی لەگەڵ پەکیندا ڕەتکردەوە، بەڵام ئاراستەی گفتوگۆی لوتکەیی کە لە ریاض بەڕێوەچوو، نیشانیدا هەژموون و کاریگەرییەکانی پەکین لە جیهانی عەرەبیدا بێمەرجە.

نەک تەنها چین بەڵکو دەوڵەتانی عەرەبی لە کەنداوی فارسدا بەم دواییانە بە متمانەوە ڕێچکەیەکیان گرتۆتە بەر بەرەو چڕکردنەوەی لێکنزیکبوونەوەیان، ئەمەش بەدیاریکراوی لە کردەوەکانی وڵاتانی عەرەبیدا دەردەکەوێت دوای ئەوەی ئەمریکا لەڕووی ئابووری و سەربازی و سیاسییەوە ململانێ و ڕووبەڕووبوونەوەکانی چڕترکردۆتەوە و هەوڵدەدات جیهانی عەرەبیش تێوەبگلێنێت.

ئەم نزیکبوونەوانە بە «ناتۆی عەرەبی» ناودەبرێت، لەم ڕووەوە واشنتۆن خۆی دەوڵەتانی کەنداوی فارس ناچاردەکات تاکو درەنگ یان زوو سیاسەتێکی سەربەخۆی خۆیان هەبێت، بەبێ هەڵوێستی تاکلایەنە بەرەو ویلایەتە یەکگرتووەکان، پەرەپێدانی هاوکاری کە سوودی مادیی هەیە بۆ وڵاتانی چین و ڕووسیا، پێچەوانەی دیکتاتۆرییەتەکانی کۆشکی سپی.

لەڕاستیدا، لە ئێستادا وڵاتانی عەرەبی لە هەموو کاتێک زیاتر پێویستیان بە دەستگەیشتن هەیە بە بازاڕی سەقامگیر لە دوور مەودادا. هەروەها، پێویستیان بە پەرەپێدانی ژێرخان و ڕێگاکانی گواستنەوە هەیە. وڵاتی چینیش بەو بازاڕە سەقامگیر و بێسنوورە ناسراوە کە لە پێشووتردا خۆی بە هەموو جیهان ناساندووە لە دروستکردنی ژێرخانی مۆدێرندا، لەوانە «ڕێگاکە و ڕێگای دەستپێشخەر» کە ستراتیجییەکی جیهانییە بۆ پەرەپێدانی ژێرخان کە لەلایەن حکومەتی چینەوە لە ساڵی ٢٠١٣ پەسەندکراوە بۆ وەبەرهێنان لە نزیکەی ١٥٠ وڵات و ڕێکخراوی نێودەوڵەتییدا.

ئەم تایبەتمەندییانەی وڵاتی چین نەک تەنها لە بەهێزکردنی هاوکارییەکانی پەکین لەگەڵ جیهانی عەرەبیدا بەشدارە، بەڵکو بەشداری لەوەدا دەکات کە وردە وردە هەژموونی ئەمریکا لە ناوچەکە کەم بکاتەوە. بەپێی ئامارەکانی ڕێکخراوی پەروەردەیی و ڕۆشنبیری و زانستی کۆمکاری عەرەبی، جوڵەی بازرگانی لەنێوان چین و وڵاتانی عەرەبی لە ١٧ ساڵی ڕابردوودا دە هێندە زیادیکردووە. بێگومان ئەم هاوکارییانەی بەردەوام دەبێت و پەرەسەندن و فراوانبوونی زیاتر بەخۆیەوە دەبینێت.

سەرچاوە: New Eastern Outlook

Link: Why is China improving ties with the Arab world? | New Eastern Outlook (journal-neo.org)

# ناڕەزایەتییەکانی ئێران بۆ عێراق و هەرێمی کوردستان چی دەگەیەنن؟

نوسینی: زوبیر ڕ.ئەحمەد

وەرگێڕانی: مەڵبەندی دیراساتی گشتی

**ناسەقامگیری ناوخۆیی لە وڵاتی ئێراندا ڕەنگە ببێتە هۆی کاردانەوەی بەرچاوی ئایینی و ئابووری و سیاسی لە سەرانسەری سنورەکان لە وڵاتی عێراقدا.**

ناڕەزایەتییەکانی دژ بە ڕژێم لە کۆماری ئیسلامی ئێراندا شتێکی نوێ نییە. لەکاتێکدا کە نوێترین ناڕەزایەتییەکان جددیترین جوڵەی دووبارەبووەوەن لە ساڵی ٢٠٠٩ وە. ئەوەی وایکردووە ڕژێم لە ساڵانی ڕابردوودا کەمتەرخەم بێت بەرامبەر بە داواکارییە جەماوەرییەکان، ئەو پێکهاتە دەسەڵاتیەیە کە بنیادناوە، بە پشتیوانیی هێزە ئەمنییەکان و نیمچە سەربازییەکان، فەرمانبەرانی دەوڵەت و بنەماڵەی شەهیدانی شەڕی نێوان ئێران و عێراق کە لەلایەن کەمینەیەکی سودمەندەوە حوکمڕانی دەکرێت لە ساڵانی هەشتاکانی سەدەی ڕابردووەوە. سەرەڕای ئەوەش، ڕژێمە ئاینییەکان خاڵی لاوازی خۆیان هەیە.

وەک کەسانی دیکە باسیان لێ کردووە، ڕژێمی ئێران سەرکەوتوو نەبووە لە چارەسەرکردنی ئەو کێشە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییانەی کە لە بنەڕەتدا شۆڕشی ئیسلامی ساڵی ١٩٧٩ی لێکەوتەوە. ڕژێمی ئێران کە ماوەیەکی زۆرە هەوڵی ناردنی بیرۆکەی ئایدۆلۆژیای خۆی دەدات، ئێستا ئەم دەسەڵاتە نێودەوڵەتییە لەدەستدەدات. بەم پێیەش هەر گۆڕانکارییەک لە ناوخۆی ئێراندا ڕوو‌بدات ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر جوڵەی ناوچەکانی دەوروبەری دەبێت. ئێران وەک وڵاتێکی دەسەڵاتدار لە سەنتەری ناوچەکەدا، هێشتا کاریگەرییەکی گەورەی لە سەر وڵاتانی وەک عێراق و سوریا و لوبنان هەیە و هەر ناسەقامگیرییەکی سیاسی لە ناوخۆیی وڵاتەکەدا کاردانەوەی دەرەکی لەم وڵاتانەدا دەبێت بەتایبەتی لە دۆخی عێراقدا. لە کۆتاییدا ناسەقامگیری وڵاتەکە زیاتر دەتوانێت پاڵ بە ئێرانەوە بنێت کە دووربکەوێتەوە یان وەبەرهێنان بکات لە کاریگەرییە بەرچاوەکان لە عێراقدا. هەریەک لە دەرئەنجامەکان کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر ڕێڕەوی داهاتووی سیاسەتی عێراق دەبێت. لە لایەکی دیکەوە، ڕەنگە ناسەقامگیری زیاتر لە ئێراندا پێگە و کاریگەرییەکانی ئێران لە عێراقدا تێکبدات و ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر شێوازی حوکمڕانی دوای ساڵی ٢٠٠٣ و شیعە-مەرکەزی هەبێت. لە ساڵی ٢٠٠٥ ەوە تاران خاوەنی کاریگەرییەکی زۆر بووە بەسەر هەڵبژاردەی سیاسی و هێزە سەربازییەکان لە عێراقدا و دوایین جار لەڕێگەی حەشدی شەعبی (PMF) و بزوتنەوە نیمچە سەربازییەکان کە بانگەشەی ئەوەیان کردووە کە ١٦٠ هەزار ئەندامیان لە دەرەوەی کۆنترۆڵی سەرۆک وەزیرانی عێراقدایە. زیاتر لاوازبوونی ئێران کاریگەری وڵاتەکە بەسەر شیعە توندڕەوەکانی عێراقدا زۆر کەمدەکاتەوە، ئەمەش وایکردووە کە تاران دروستکردنی دەسەڵاتی خۆی لەو ناوچە فراوانەدا قورستر بکات.

لە ڕووی ئاینیەوە، ڕەنگە پوکانەوەی ئێران ببێتە هۆی ئەوەی کە پیاوانی ئاینی مەرجەعی شیعە کە کاریگەری سیاسی و ئاینی بەهێزیان هەیە لە شاری نەجەف لە وڵاتی عێراق بەهێزتر بن لە چاو ئەو پیاوە ئاینیانەی کە خەڵکی قومی وڵاتی ئێرانن. کێبڕکێی نێوان ئەم دوو سەرچاوەیەی دەسەڵاتی شیعە لە دوای مردنی مەرجەعی باڵای شیعەکان، (ئایەتوڵڵا عەلی سیستانی) لە نەجەف لەئێستادا زیاتر بووە.

دوا بە دوای سەرهەڵدانی ناڕەزایەتییەکانی مانگی ئۆکتۆبەر لە عێراق لە ساڵی ٢٠١٩ دا، دابەشبوونی نێوان هەردوو شاری قوم و نەجەف زۆر زیاتر چەسپاوە. لە دوای شۆڕشی

ئێرانەوە مەرجەعی شیعەکان لە قوم کۆڵەکەیەکی سەرەکی ڕژێمی ئێران بوون و فۆرمێکی سیاسی ویلایەتی فەقیهی بەدەستەوە بووە. لە ئەنجامی ئەمەشدا مەرجەعی شیعە لە مێژە لەلایەن ئێرانییەکانەوە متمانەی لێ سەندراوەتەوە. ئێستا، زۆرێک لە خۆپیشاندەران «هەموو پیاوانی ئایینی مەرجەعی شیعە نەک تەنها وەک لایەنگرانی سەرەکی ڕژێمی ئێران، بەڵکو وەک ڕەخنەگرانی بێدەنگ و دەسەڵاتدارانی بێلایەن کە بناغەی شەرعیەتی ڕژێم و ئاسانکاری بۆ سەرهەڵدانی سەرەتایی و پاساودانی بنەما و سیاسەت و بڕیارەکانی ئەوکاتە» دەبینن.
لەم دواییانەدا لە شاری خومەین کە شوێنی لەدایکبوونی (ئایەتوڵڵا خومەینی)یە، خۆپیشاندەران هێرشیان کردە سەر ماڵی بنەماڵەی (خومەینی) کە کرابوو بە مۆزەخانە و سووتاندیان. ئەو کردە سەرپێچیکردنە بێوێنەیە لە سۆشیال میدیای فارسیدا بەشێوەیەکی بەرفراوان پشتیوانی لێکرا. بە هەمان شێوە لە گرتە ڤیدیۆییەکاندا دەردەکەوێت کە خۆپیشاندەرە تووڕەکان ئاگر لە کۆلێژێکی ئایینی مەسیحی لە قوم بەردەدەن، لەکاتێکدا گەنجان لە شەقامەکاندا پیاوانی ئایینییان کردووەتە ئامانج و عەمامەکانیان لە سەریان لێکردۆتەوە.
لەکاتێکدا مەرجەعی شیعەکان لە شاری نەجەف پشتگیری لە خۆپیشاندانی ئاشتیخوازانە و داواکارییەکانی خۆپیشاندەران بۆ چاکسازی و کۆتاییهێنان بە گەندەڵی و پاراستنی سەروەری عێراق و کۆنترۆڵکردنی حکومەت لەسەر گرووپە چەکدارە شیعەکان دەکرد، بەڵام ئێران و مەرجەعی شیعەکانی قوم پاشکۆی ناڕەزایەتییەکانی ڕەتکردەوە. بە تایبەتیتر، ئێران بەتوندی دژایەتی گرووپە میلیشیا شیعەکانی خستە ناو هێزەکانی عێراقەوە، بە فراوانکردنی کاریگەری خۆی بەسەر هاوپەیمانەکانی لە عێراق وەڵامیدانەوە و ئەگەر مەرجەعی شیعەکان لە قوم کاریگەرییەکانی کەمبۆوە، بێگومان مەرجەعی شیعەکان لە شاری نەجەف کاریگەرییەکانی زیاتر دەبێت.
لە دەرەوەی کاروباری ئایینی، کەمبوونەوەی هەژموونی ئێران لە عێراق کاریگەرییەکی سیاسی بەرچاوی دەبێت، ڕەنگە ڕۆڵێکی چالاکتر بە سیاسەتمەدارانی کورد و سوننە لە کاروباری عێراقدا ببەخشێت. بەر لە ئێستاش کورد و سوننە پشکی گرنگیان لە کێبڕکێی نێوان ڕەوتی سەدری و چوارچێوەی هەماهەنگیدا هەبووە. نەبوونی دەستێوەردانی ئێران و تەنیا بەشداریکردنیان لە پرۆسەی سیاسی و بڕیاردان زیاتر دەکات.
لەلایەکی دیکەوە، ناسەقامگیری لە وڵاتی ئێراندا دەتوانێ پاڵ بە ڕژێمی ئێرانەوە بنێت بۆ ئەوەی سیاسەتێکی شەڕانگێزانەتر لە عێراقدا پەیڕەو بکات. دەسەڵاتدارانی ئێران چەندین جار هەوڵی ناردنی کێشە ناوخۆییەکانیان بۆ وڵاتانی دیکە داوە و ئەمجارەش هیچ جیاوازییەکی نییە. هاوکات لەگەڵ چەندین لێدانی ڕاستەوخۆ لە هەرێمی کوردستانی عێراق، (ژەنەراڵ ئیسماعیل غەنی)، سەرۆکی سوپای قودسی نوخبەی ئێران، هەڕەشەی ئۆپەراسیۆنی سەربازی زەمینی بێ وێنەی لە دژی عێراق کردووە ئەگەر بەغدا چەک بە گرووپە ئۆپۆزسیۆنە کوردەکانی ئێران لەسەر خاکی عێراق دانەماڵێت.
بە هاوپەیمانەکانی لە پەرلەمانی عێراق و کاندیدێکی دڵخواز وەک سەرۆک کۆماری عێراق و پەیوەندی نزیک لەگەڵ دادگای باڵای فیدراڵی عێراق، ئێران دەتوانێت بە ئەگەرێکی زۆرەوە

بەغداد هانبدات بۆ ئەوەی هەنگاوەکانی دژی ئەمریکا بگرێتەبەر، ئەمەش هەوڵە کۆنەکان بۆ لابردنی نوێنەرایەتی ڕاوێژکاری ئەمریکا لە عێراق زیندوو دەکاتەوە و بەشێوەیەکی بەرچاو هەوڵەکانی دامەزراوە دیموکراسییە تازەپێگەیشتوەکانی عێراق تێکدەدات. ئەم جۆرە هەوڵانە لەگەڵ تۆمەتە دووبارەکانی ئێراندا دەگونجێت کە ئەمریکا پشتیوانی لە خۆپیشاندانەکانی ئێستا دەکات و سەروەری ئێران پێشێل دەکات. ئێران بێزارە لە وەڵامدانەوەکانی ئەمریکا بۆ نائارامییەکانی ئێران، وەک سزادانی پۆلیسی ئەخلاقی ئێران و ڕێگەدان بە کۆمپانیاکانی گواستنەوە و گەیاندن بۆ دابینکردنی ئینتەرنێت سەرەڕای قەدەغەکردنی ئینتەرنێت لەلایەن حکومەتی وڵاتەکەوە، ڕەنگە ئەمەش ببێتە هۆی ئەوەی کە ئێران فەرمان بە بریکارەکانی میلیشیا شیعەکانی بکات کە بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا و بنکە سەربازییەکانی ئەمریکا لە عێراق بکەنە ئامانج، ئەمەش عێراق دەکاتە گۆڕەپانی شەڕ بۆ قۆناغێکی دیکەی ناکۆکییەکانی نێوان ئێران و ئەمریکا.

لایەنی کەم، خواستی ئێران بۆ دووپاتکردنەوەی هەژموونی لە عێراقدا لە بەرامبەر ناسەقامگیری ناوخۆیی خۆیدا، پێدەچێت ببێتە هۆی پێچەوانەبوونەوەی هەموو بڕیارە سیاسییەکانی (مستەفا کازمی)، سەرۆک وەزیرانی پێشووی عێراق، کە بڕیارەکان تاڕادەیەکی زۆر ئێرانیان ڕەتکردەوە بە مەبەستی هاوسەنگکردنەوەی پەیوەندییە ناوچەییەکانی عێراق. لەئێستادا سەرۆک وەزیرانی نوێی عێراق، (محەمەد شیاع سودانی)، گۆڕانکاری بەرچاوی کردووە و هەموو ئەو بڕیارانەی هەڵوەشاندەوە کە لە مانگی ئۆکتۆبەری ٢٠٢١ دا لەلایەن حکومەتی کاربەڕێکەری (کازمی)ەوە دراون. ئەم جۆرە بڕیارانە بە دوای کرانەوەی چالاکانەدا دەگەڕان بە ڕووی جیهانی عەرەبیدا، سەقامگیری عێراقیان لەڕێگەی ڕێککەوتنی ئابووری، وزە، ئەمنی و وەبەرهێنانەوە بەرزکردەوە و سەروەری عێراقیان بەهێزتر کرد.

## هەرێمی کوردستان: بنکەیەکی نوێ بۆ بزوتنەوەی ناڕەزایەتی ئێران؟

لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا، نائارامییە بەردەوامەکانی ئێران زیاتر پەیوەندییەکانی نێوان ئێران و هەرێمی کوردستانی عێراقی هەڵوەشاندەوە، کە لە دوای ڕیفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان لە ساڵی ٢٠١٧وە لە دۆخێکی خراپدایە. لە ساڵی ٢٠١٧ وە بەتایبەتی دوای تیرۆرکردنی (قاسم سولەیمانی) لە ساڵی ٢٠٢٠ دا، ئێران ترسی ئەوەی هەبووە کە هەرێمی کوردستانی عێراق ببێتە سەکۆیەک بۆ چاودێریکردنی عێراق و ئێران و سوریا لەلایەن ئەمریکاوە. لە ئەنجامی ئەمەشدا ئێران بەشێوەیەکی بنەڕەتی هەرێمی کوردستانی عێراقی کردۆتە مەیدانی شەڕ و هێرشکردنە سەر گروپە ئۆپۆزسیۆنەکان وەک پەیامێک کە بۆ ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی دەنێرێت.

دوای ئەوەی خۆپیشاندانەکان لە سەرانسەری ئێراندا سەریانهەڵدا، ئەم هێرشانە بۆ سەر هێزەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران چڕتربوونەتەوە، چونکە سوپای پاسدارانی ئێران بنکەی گروپە ئۆپۆزسیۆنەکانی کوردانی ئێرانیان لە عێراق بۆردومانکرد و ئەو هێرشەش بووە هۆی کوژرانی ژن و منداڵان. زیاتر لە ١٠ هەزار و ٥٠٠ کوردی ئێران لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە وەک

پەنابەر لە هەرێمی کوردستانی عێراق تۆمارکراون بەڵام پێدەچێت زۆرێک لە کوردانی ئێران بەبێ تۆمارکردن لەو وڵاتە بژین. ڕژێمی ئێران کوردەکانی ئێران بە هۆکاری هاندان و بەردەوامی ناڕەزایەتییەکان دەزانێت و بەرپرسانی سەربازییش ڕایانگەیاندووە کە تا ئێستا ١٠٠ کەس لە ئێران بە هۆکاری «پەیوەندی» بەم ئۆپۆزسیۆنە کوردانەوە دەستبەسەرکراون. بێگومان هێرشەکانی ئێران بۆ سەر هەرێمی کوردستانی عێراق بەردەوام دەبێت، ئەگەری ئەوەش هەیە کە ئێران تەنانەت بتوانێت ئەم ناڕەزایەتییانە بکاتە بیانوو بۆ داگیرکردنی ناوچەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق و دامەزراندنی بنکەی سەربازی لەو هەرێمەدا، وەک ئەوەی تورکیا لە ساڵانی ڕابردوودا لە هەرێمی کوردستان و باکوری وڵاتی سوریا کردوویەتی.
لە کۆتاییدا، ئێران دەتوانێت میلیشیا شیعەکانی عێراق وەک کارتێکی دیکە لە دژی هەرێمی کوردستانی عێراق بەکاربهێنێت، یان دەتوانێت داوا لە حکومەتی عێراق بکات سنورەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق و ئێران لەڕێگەی هێزەکانی عێراق بپارێزێت نەک هێزەکانی هەرێمی کوردستان. حکومەتی نوێ لە بەغدا دەتوانێت بە ئەگەرێکی زۆرەوە پاڵبنرێت بەرەو زیادبوونی دژایەتییەکان لە دژی کوردستان و بەتایبەتی لە دژی پارتی دیموکراتی کوردستان کە یەکێکە لە پارتە پێشەنگەکانی هەرێمی کوردستان کە هێندەی یەکێتی نیشتیمانی کوردستانی ڕکابەری، پەیوەندییەکی گەرمی لەگەڵ تاراندا نییە. ئەم جۆرە مانۆڕکردنانە بۆ هەرێمی کوردستان و عێراق کارەساتبار دەبن.

## لە ناردنە دەرەوەی شۆڕشەوە بۆ ناردنە دەرەوەی کێشەکان

کۆماری ئیسلامی ئێران لە ساڵی ٢٠٠٣ وە وڵاتی عێراقی وەک گۆڕەپانی شەڕی ستراتیجی و دەرکەوتنی هەژموونی خۆی بەرامبەر بە ڕکابەرەکانی تەماشا دەکات. هەرچەندە لە کاتی خۆیدا عێراق هێواش هێواش لە ناوچەی کاریگەری ئێرانەوە گۆڕا و لەبری ئەوە بووە شوێنی فڕێدانی کێشەکانی ئێران.
ناڕەزایەتییەکانی ئێران لەئێستادا ئەم جوڵە گۆڕاوەی هێناوەتە پێشەوە، لەکاتێکدا ئێران بەردەوام هەوڵ دەدات «نائارامی و ناسەقامگیری» ناوخۆیی خۆی بخاتە ئەستۆی «دژە شۆڕشگێڕانی ئەودیوی سنورەکانی باکووری ڕۆژئاوا»، واتە هەرێمی کوردستانی عێراق. بەڵام سروشتی ئەم یارییە تاوانبارکردنە ئاماژە بە ڕاستییەکی گرنگ دەکات سەبارەت بە پەیوەندییە سودمەندەکانی ئێران لەگەڵ لایەنە دەرەکییەکان، جا چ لەگەڵ عێراق، سوریا، یان لوبنان بێت. جا ئەگەر ئەم سەرقاڵکردنە ڕاستەقینە بێت یان دروستکراو، ئێران گروپەکانی سەر بە خۆی و «هاوپەیمانەکانی» وەک ئەگەری سەرچاوەیەکی مەترسیدار بۆ سەر ڕژێمەکەی دەبینێت. لەڕاستیدا ئێران مەترسییەکان دەبینێت بەشێوەیەکی زیاتر لە پەیوەندیی کلایەنتلیست (ئاڵوگۆڕی شتومەک و خزمەتگوزاری لەپێناو بەدەستهێنانی پاڵپشتی سیاسی) و ئەو پێشهاتانەی کە لەم دواییانەدا ڕوویدا زۆر زیاتر ئەم بیروبۆچوونانە دووپات دەکەنەوە. بۆ نموونە لە عێراق، ململانێی ناو شیعە لەنێوان ڕەوتی سەدر و چوارچێوەی هەماهەنگی هاوپەیمانی ئێران بووە هۆی خۆپیشاندانی گشتی بەهێز دژ بە ڕژێمی ئێران و ئەوەش دیمەنێکی

نەخوازراو بوو بۆ بەرپرسان لە تاران.
هەمان شتیش دەتوانین بۆ زیاتر لە بیست گروپی نوێنەرانی سەر بە ئێران لە سوریا بگوترێ کە نزیکەی ١٥ ملیار دۆلاریان لە ئێران وەرگرتووە بۆ دابینکردنی کەلوپەل و دامەزراندنی کارمەند و مەشقپێکردنیان. هەرچەندە ئێران دەرماڵە و موچەی مانگانە و تەنانەت مافی هاووڵاتیبوون و نیشتەجێبوون لە ئێران بۆ ئەم گروپانە دابین دەکات، بەڵام سروشتی وابەستەیی زیاتری پەیوەندییەکە کە تێیدا گروپەکانی سەر بە ئێران بە کرداری بەستراوونەتەوە بە خزمەتکردنی ئێرانەوە و وایکردووە کە گروپەکانی سەر بە ئێران زیاتر پێشبینی نەکراوتر بن و کەمتر متمانەیان پێبکرێت.
لەکاتێکدا ئێران وریا دەبێت بەرامبەر بە هاوپەیمانان و گروپەکانی سەر بە خۆی و بەردەوام دەبێت لە هەڵمەتی سەرقاڵکردن لەسەر خاکی هەرێمی کوردستانی عێراق، حکومەتەکەی سودانی لە بەغدا دەخرێتە دۆخێکی سەختەوە. هەرچەند ڕوون نییە کە بەراستی مەترسی ئۆپەراسیۆنی سەربازی زەمینی بۆ سەر خاکی هەرێمی کوردستان چەندە جددییە، بەڵام گرژییەکانی نێوان عێراق و ئێران و عێراق و هەرێمی کوردستان زیاتر لە پەرەسەندندان، ئەمەش بەهۆی ئەو ناسەقامگیرییە ئایینی و ئابووری و سیاسییە ئەگەرییانەی کە ئێران تووشی دەبن، عێراق ئاڵۆزتر دەکەن. لە ئەنجامدا پێدەچێت هەرێمی کوردستان جارێکی دیکە ببێتە گۆڕەپانی ململانێی شەڕی نێوان ئێران و ئەمریکا.

سەرچاوە: www.washingtoninstitute.org

Link: What Do Iran’s Protests Mean for Iraq and the Kurdistan Region? | The Washington Institute

# یارییە جەنگییەکانی چین و تایوان

نوسینی: براد لیندۆن و ئۆرێن لیبەرمان
وەگێڕانی: مەڵبەندی دیراساتی گشتی

یارییە جەنگییە ستراتیجییەکان پێشبینی ئەوەدەکەن کە داگیرکردنی تایوان لەلایەن چینەوە شکست دەهێنێت و هێزە سەربازییەکانی ویلایەتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا و چین و تایوان باجی گەورەی دۆڕان دەدەن.

بە پێی ناوەندێکی فیکری شیکاری دیاری سەربەخۆ لەناو واشنتۆن کە یارییەکی جەنگی گریمانەیی داناوە کە تێیدا ئەو پێکدادانانەی لەڕووی سەربازی و سیاسییەوەلە ئاسیا و واشنتندا ئەگەری ڕوودانی هەیە دەخاتە ڕوو و دەڵێت: لەشکرکێشی تایوان لەلایەن چینەوەلە ساڵی٢٠٢٦ دەبێتە هۆی بە قوربانی بوونی هەزاران کەس لە نێو هێزەسەربازییەکانی چینییەکان،ئەمریکییەکان،تایوانیەکان و یابان کۆتایی دێت وئەگەری ئەوەش نییە کە پەکێن براوەبێت لەم جەنگەدا ..

## لەشکرکێشی بۆسەرتایوان نابێتە هۆی سەرکەوتنی هیچ کام لە سوپاکانی بەشدار لە جەنگەکدا..

لە یارییە جەنگییەکەدا لە کۆتایی ململانێکاندا ،بە لایەنی کەمەوە دوو کەشتی هەڵگری فرۆکەی جەنگی ئەمریکی تێکدەشکێن و لە بنکی زەریای هێمندا نوقم دەبن هەروەها هێزی نوێی دەریایی چین ،کە گەورەترین هێزی دەرياییە لە جیهاندا بە تەواوی پەکی دەکەوێت. ئەمە لەو دەرئەنجامانەی کە سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی و نێودەڵەتی دروستی کردووە بە یارییەکی جەنگی بە شێوەی هاوشێوەپێکردن کە بانگەوازی ئەوە دەکات یەکێکە لەوردترین لێکدەرەوەکان کە گریمانەکانی جەنگی نێوان چین و تایوان لێکدەداتەوە .
تایوان دورگەیەکی سەربەخۆی دیموکراسییە و ژمارەی دانیشتوانەکەی ٢٤ ملیۆنە، کە حزبی شیوعی یاخود کۆمۆنستی چینی بانگەشەی ئەوەدەکات کە خاکەکەی موڵکی چینە هەرچەندە هەرگیز نەیتوانیوە بیخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە.
سەرۆکی چین شی جین پینگ ڕەتی کردەوە کە هێزە سەربازییەکانی بکشێنێتەوە کە بۆ داگیرکردنی دوورگەکە پەلکێشکرابوون
سی ئێن ئێن ،پێداچوونەوەی بۆ کۆپییەکی پێشکەوتووی ڕاپۆرتەکە کردووە لەژێر ناونیشانی "یەکەمین شەڕی جەنگی داهاتوو" ئەم کۆپییە یەکێکە لەو ٢٤ سیناریۆیانەی لەلایەن سەنتەری لێکۆڵینەوەکەوە داندراوە،کە دەوترێت ئەم پرۆژەیە زۆر پێویست بووە لەبەر ئەوەی حوکمەتی پێشوو و هەروەها خستنەڕووی ئەگەری جەنگ لە پێشوودا ناڕوون و بەرتەسک بووە، بۆ ئەوەی وێنەیەکی روون بۆ ڕای گشتی و دارێژەری سیاسی بخرێتە ڕووکە چۆن ململانێکان لەسەرتاسەری تایوان ڕۆڵ بگێڕێت.
مارک کانکاین یەکێک لە پێشەنگی سێ پرۆگرامی یارییە جەنگییەکان و ڕاوێژکاری باڵا لە سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی نێودەوڵەتی دەڵێت "هیچ گەمەیەکی جەنگی نهێنی نییە کە جەخت بخاتە سەر جەنگی هاوبەشی چین و ویلایەتە یەکگرتووەکان، ئەو یارییە ئەگەریانە

نهێنی نین ، زۆربەی کات جارێک دوو جار ئەنجام دەدرێن..
سەنتەری لێکۆڵینەوە ئەم گەمەیەی بە ٢٤ ئەگەری جیاواز تاقیکردۆتەوە بۆ ئەوەی وەڵامی دوو پرسیاری بنچینەیی بۆ دەرکەوێت ئەویش :ئایائەم داگیرکارییە سەردەکەوێت ؟و بە چ نرخێک ؟
سەنتەرەکە دەڵێت :وەڵامی ئەم دوو پرسیارە بە ئەگەری زۆرەوە ئەم داگیرکاریە سەرکەوتوو نابێت، و نرخەکەی زۆر زەبەلاح دەبێت.
ڕاپۆرتەکە باس لەوە دەکات کە ،ویلایەتە یەکگرتووەکان و ژاپۆن دەیان کەشتی و سەدان فرۆکە و هەزارەها سەرباز لەدەست دەدەن. ئەم لەدەست دانانە زیانی گەورە بە پێگەی جیهانی ویلایەتە یەکگرتووەکان دەگەیەنێت بە درێژایی چەندین ساڵ. لە زۆربەی سیناریۆکاندا هێزی دەریایی ویلایەتە یەکگرتووەکان دوو کەشتی فرۆکە هەڵگر و ١٠ بۆ ٢٠ کەشتی جەنگی گەورە لە دەست دەدەن. بە نزیکەیی ٣٢٠٠سەربازی ئەمریکی لە ماوەی سێ هەفتە جەنگدا دەکوژرێن، کە ئەمە یەکسانە بە نزیکەیی نیوەی ئەو ژمارەیەیە کە ویلایەتە یەکگرتووەکان لەجەنگی دوو دەیەی عیراق و ئەفغانستان لەدەستیدان.
ڕاپۆرتەکە باس لەوە دەکات، چینیش زەرەری گەورە دەکات ،هێزە دەرياييەکەی بە تەواوەتی تێکدەشکێت و کرۆکی هێزی وشکاوەکی تێکدەشکێت هەروەها دەیان هەزار لە سەربازەکانی دەبن بە دیلی جەنگ کە چین بە نزیکەیی ١٠ هەزار سەربازی دەکوژرێت و ١٥٥فرۆکەی جەنگی و ١٣٨ کەشتی زەبەلاحی جەنگی لەدەست دەدات.

## تایوان وێران دەبێت

سیناریۆکان داهاتوویەکی تاریک بۆ تایوان پێشاندەدات ،هەرچەندە ئەگەر داگیرکردنی چین سەرکەوتوو نەبێت, لە کاتێکدا کە هێزی سەربازی تایوان دووچاری شکان نەبوونەتەوە ، بەڵام بە تووندی زیانی بەرکەوتووە بەجێ هێڵدراوە بە بەرگریکردن لە دورگەیەکی بێ کارەبا وبێ خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکان» ، لە ڕاپۆرتەکەدا هاتووە کە زیانەکانی دوورگەکە نزیکەی ٣ هەزار و ٥٠٠ سەرباز دەبنە قوربانی و هەر٢٦ کەشتییە جەنگی نوقم دەکرێن.
ژاپۆن ئەگەری هەیە کە زیاتر لە ١٠٠ فرۆکەی جەنگی و ٢٦ کەشتی جەنگی لەدەست بدات لە کاتێکدا کە بنکە سەربازییەکانی ئەمریکا لەسەر خاکی ژاپۆن دەکەونە بەر هێرشی چین.
بەڵام سەنتەری لێکۆڵینەوە ستراتیجی و نێودەولەتیەکان ئاماژەی بەوە کردووە کە نایەوێت لە راپۆرتەکەیدا ئاماژە بەوە بکات کە کە جەنگی تایوان( بە دڵنیایەوە ڕوودەدات یاخود هەر ڕوونادات)
لە راپۆرتەکەدا ئاماژە بەوەش کراوە : (ڕەنگە سەرکردایەتی وڵاتی چین پەیرەوی ستراتیجی دابڕینی دیبلۆماسی بکەن ، فشاری ناوچەی خۆڵەمێشی یان گوشاری ئابووری دژی تایوان بگرێتەبەر) کە تێیدا هێزی سوپا تێیدا بەکارنایەت بەڵکوو قەیرانی دیکە بەکاردەهێندرێت،

دان گرازیەر سیاسەت ناسی بەرگری پێشکەوتوو لە پرۆژەی چاودێری حکومەت (pogo)

بە cnn ی ڕاگەیاندووە کە داگیرکردنی ڕاستەوخۆی تایوان لە لایەن چینەوە بە ئەگەرێکی زۆر دوور دەبینێت ، ئۆپراسیۆنی سەربازی لەو شێوەیە و چونکە دەبێتە هۆی دارمانی جوڵەی بازرگانی وڵاتی چین و لە بنەرەتدا ئابووری وڵاتی چین پشت بە هەناردە و هاوردەی بەرهەمەکانی دەبەستێت کە ئەم ئەگەرە مەترسی دارمانی ئابووری چین لە ماوەیەکی کەمدا ،هەروەها ئاماژەی بەوە کردووە کە چین پشت بە هاوردە کردنی خۆراک و سوتەمەنی دەبەستێت بۆ بەردەوامبوونی بزوێنەری ئابووری خۆی هەروەها هەڵی قازانجکردنیان کەمە. گرایز وتویەتی کە " بە بڕوای من چینییەکان هەموشتێک دەکەن بۆ ئەوەی لە ململانێی سەربازی لە هەموو لایەنەکان بە دوور بن " . هەروەهابۆ پیشاندانی باڵادەستی خۆیان لە جیهاندا بەرەنگاری ئەمریکا دەکەن بە بەکارهێنانی هێزی پیشەسازی و ئابووری .

## چینییەکان زیاتر هێزی سەربازی و ئابووری بەکاردەهێنن

سەرکردەکانی وەزارەتی بەرگری ئەمریکا چینیان بە «هەرەشەی خێرا»ی ئەمریکا دەبینن و ڕاپۆرتی ساڵی ڕابردووی وەزارەتی بەرگری ئەمریکا سەبارەت بە هێزی سەربازی چین کە لە لەلایەن کۆنگرێسەوە هەڵبژێردراوە دەڵێت کە « هێزی ڕزگاریخوازی میللی چین چەندین کاردانەوەی ئەنجامداوە بە مەبەستی توڕەکردنی لایەنی دنەدنکردنی بەرامبەر بەناسەقامگیرکردنی ناوچەکانی گەرووی تایوان ، بە مەبەستی زیادکردنی ناسەقامگیری لەو ناوچانەی لە نێو ئەو کردانەشدا کە زیادکردنی گەشتی ئاسمانی بۆ ناوچەی ئاسمانی ، و مەبەست لە مەشقەسەربازییەکانیان لەو ناوچانە بۆ ئەوە بووە کە دەستبگرن بەسەر یەکێک لە دورگە چەپەکەکانی سەر بە تایوان .

لە مانگی ئابی ٢٠٢٢ دا سەردانێکی سەرۆکی پێشووی ئەنجومەنی نوێنەران (نانسی پیلۆسی) بۆ تایوان بووە هۆی نمایشکردنی بەرفراوانی هێزەکانی سوپای ڕزگاریخوازی گەلی چین بە شێوەی ناردنی موشەک بۆ سەر دورگەکە و هەروەها بۆ ناوچە ئاوییەکانی ناوچەی تایبەتی ئابووری ژاپۆن.

## چین فشاری سەربازی زیاد دەکات

لەو کاتەوەی پەکین هەنگاوی ناوە بەرەو بەکارهێنانی چڕکردنەوەی تاکتیکی سەربازی لە دورگەکە و ناردنی فڕۆکەی جەنگی بەسەر هێڵی ناوەراستی گەرووی تایوان کە ئەو ناوچەیەیە کە تایوان و چین لە یەک جیا دەکاتەوە کە ئەو ناوچەیە وەک ناوچەی بەرگری ئاسمانی ناسێنرا، کە پارێزەرێکی ئاسان نییە کە بە شێوەیەکی باو بە ADIZ ئاماژەی پێدەکرێت.

لە کۆنگرەی ٢٠ەمی پارتی کۆمۆنستی چینی سەرۆکی چین جینپینگ چەپڵەڕێزانێکی گەورەی پێشکەشکرا کە باسی تایوانی کرد و وتی چین خەبات بۆ ئەوەدەکات کە بە شێوەیەکی ئاشتی خوازانە یەکبگرێتەوە.بەڵام هۆشدارییەکی توندیشی داو وتی: ئێمە هەرگیز بەڵێنی ئەوەنادەین کە بە تەواوی دەستبەرداری بەکارهێنانی هێز دەبین و ئەو هەڵبژاردەیە دەگرینە بەر و هەر

پێوەرێک پێویست بکات بەکاری دەهێنین».
ئیدارەی بایدن زۆر بە بایەخەوە پاڵپشتی لە تایوان دەکات بە پشت بەستن بەو پەیوەندیانەی تایوان هەیەتی، کە دەڵێت واشنتۆن هەموو جۆرەهاریکارییەک پێشکەش بە تایوان دەکات بۆ بەرگریکردن لەخۆی بەبێ بەشداریکردنی هێزە سەربازییە بەرگرییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان.
بەپێی ڕێککەوتنێکی واژۆ کراوی ئەم دواییەی لەسەر کردەی ڕێگەپێدانی بەرگری نەتەوەیی ،ویلایەتە یەکگرتووەکان دەبەستێتەوە بەپرۆگرامێکەوە کە تێیدا هێزی سەربازی تایوان نوێ دەکرێتەوەو بڕی ١٠ ملیار دۆلاری ئەمریکی یارمەتی ئاسایش بەدرێژایی ٥ساڵ وهەماهەنگی سیاسی پێشکەش بە تایوان دەکرێت.
هەرچەندە بایدن چەندین جار جەختی لەوە کردۆتەوە کە هێزەکانی ئەمریکا بەرگری لە تایوان دەکەن ئەگەر چین لەشکرکێشی بۆ سەریان ئەنجام بدات،سەرەرای سووربوونی وەزارەتی بەرگری ئەمریکا لەوەی کە هیچ گۆرانێک لە سیاسەتی واشنتۆن لەگەل چین کە ناوی چینی یەکگرتووە. گۆڕانکاری بەسەردا نایەت.
بەپێی سیاسەتی . چینی یەکگرتوو- ،ئەمریکا دانی بە پێگەی چیندا ناوە کە دەڵێت تایوان بەشێکە لە چین، بەڵام هەرگیز بە فەرمی پاڵپشتیخۆی بۆ داگیرکاری دورگەکە لەلایەن پەکینەوە دەرنەخستووە.
کانکەین دەڵێت: تەنانەت ئەگەر شیکارییە ئاڕاستەکراوەکانیش ئەوە پەیپێببەن کە داگیرکەرەکان سەرکەوتوو نابن ،جەنگەکان هەر ڕوودەدەن.
ڕاپۆرتی سەنتەری لێکۆڵینەوەکە دەڵێت بۆ ئەوەی هێزە ئەمریکییەکان بەر بە داگیرکاری تەواوەتی تایوان لەلایەن چینەوە بگرن ٤ سیناریۆی جێگیر هەیە لە نێو ئەو ٢٤ یارییە جەنگە دووبارەبووەتەوە: هێزە زەمینییەکەی تایوان پێویستە بتوانێت دەستی بگات بە کەناراوەکانی چین،ویلایەتە یەکگرتووەکان دەبێت توانای بەکارهێنانی بنکە سەربازییەکانی خۆی لە ژاپۆن هەبێت بۆ ئۆپەراسیۆنی جەنگی. پێویستە ویلایەتەیەکگرتووەکان موشەکی دژە کەشتی دوور مەودای هەبێت بۆ ئەوەی پارتی هێزی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی چین بۆمب باران بکات لە دوورەوە، هەروەها لەسەر ویلایەتە یەکگرتووەکان پێویستە دەستبەجێ سوپای تایوان پڕ چەک بکات پێش دەستپێکی جەنگ و بەشداری هەر شەڕێک.

## ئۆکر اینا نموونە نابێت بۆ تایوان.

ڕاپۆرتەکە دەڵێت :تایوان هاوشێوەی ئۆکراینای لێبەسەر نایەت، ئەمە ئاماژە پێدانە بۆ ئەو هاریکارییە هێواشەی ویلایەتە یەکگرتووەکان وولاتانی ڕۆژئاوایی پێشکەشی ئۆکراینایان کرد زۆر دوای ئەوەی ڕووسیا لەشکرکێشی بۆ وڵاتانی هاوسێی دەستپێکرد هەروەها هیچ هێزێکی چالاکی ئەمریکا و ناتۆ شەڕ لە دژی ڕووسیا ناکەن .
کەنکەین دەڵێت: لەگەڵ دەستپێکردنی جەنگدا ، ناردنی هێزی سەربازی و یارمەتی بۆ تایوان مەحاڵ دەبێت، بۆیە دۆخی تایوان زۆر جیاوازدەبێت لەگەڵ ئۆکراینا کە ئەمریکا و

هاوپەیمانەکانی بە بەردەوامی یارمەتی و ئازوقەیان گەیاندووە پێی. بەر لە دەستپێکردنی جەنگەکە دەبێت تایوان هەموو ئەو پێداویستیە جەنگیانەی هەبێت کە لە جەنگەکەدا بەکاری دەهێنێت.
ناوەندی فکری شیکاری دیاری راستەوخۆ دەریخستووە کە : واشنتۆن پێویستە بە زووترین کات دەستبەکارکردن بکات چاوپێکەوتن لەگەڵ ڕاوێژکارەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی ئەنجام بدات بۆ ئەوەی سەرکەوتن لە جەنگی تایواندا بەدەستبێت.
لەگەڵ ئەمەشدا پێویستە ، بنکەکانی لە ژاپۆن و گوام بەهێزبکات لە دژی هێرشی موشەکی چینی،هێزە دەریاییەکانی ڕابگوازێت بۆ کەشتی بچوکتر و بەهێزتر کە ئەگەری سەلامەتبوونیان زیاتربێت، لەپێشینەیی بدات بە ژێردەریاییەکانی ، لەپێشینەیی بدات بە هێزە بەرگرییە بۆمبباراکەرەکانی وەک لە هێزە شەڕکەرەکانی،و هەوڵبدات تێچووی کەمتر لە هێزە شەڕکەرەکانی خەرجبکات هەروەها تایوانیش پەلکێش بکات بۆ بەکارهێنانی هەمان ستراتیجیەت بە پڕچەککردنی خۆیان بە چەکی سادەتر و هەرزانتر وەک لە کەشتی بەنرخ و گران کە ئەگەری بەرگەگرتنیان بۆ هێرشە یەکەمییەکانی چین زۆر کەمە.
ڕاپۆرتی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی نێودەوڵەتی دەڵێت: پەیڕەوکردنی ئەم جۆرە سیاسەتانە هۆکارە بۆ بردنەوەیەک کە بڕێکی کەمتر لەڕووی مادییەوە لەسەر سوپای ویلایەتە یەکگرتووەکان دەکەوێت ، سەرەڕای ئەمانەش هێشتا تێچووەکان زۆر دەبێت. «لەوانەیە ئەمریکا براوەبێت ، بەڵام زۆر زیاتر لە چینی دۆڕاو دەناڵێنی لە درێژ مەودادا و وە سەرکەوتن هەموو شتێک نییە».

# Strategic Reading

Issue 1، April 2023

مەڵبەندی دیراساتی گشتی